
# ڕوخساری ژن لەجیهاندا 2



## تایلەند



گێڕانی لەفارسییەوە:
شەیدا سەلاح
پێداچوونەوەی
ئازاد بەرزنجی

سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان
بەشی کتێبخانە
ژ.زنجیرە:
ژمارەی پۆلێن:
بەروار:

# ڕوخساری ژن لەجیهاندا

لێکۆڵەران:
(ویلیام پیرویان)و (خوداداد موقر)
وەرگێڕانی: شەیدا سەلاح
پێداچوونەوەی: ئازاد بەرزنجی



ناوی کتێب: روخساری ژن لەجیهاندا- ئوستراليا

لێکۆڵەران: ویلیام پیرویان- خودادا موقر

وەرگێرانی: شەیدا سەلاح

تایپ: بەیان حەسەن

هەڵەچن: ئومێد محەمەد

مۆنتاژو بەرگ: عومەر حسێن ئەحمەد

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم ٢٠٠٤

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-٤-

# ناوەڕۆک


پێشەکیی

**بەشی یەکەم: هەندێ شتی گشتی**

١-پێگەی جوگرافی

٢-پێگەی مێژوویی

**بەشی دووەم: خێزان**

مەراسیمی سوونەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەوڵاتی تایلەندا

چاوپێداخشاندنێکی ئاماریی

تەڵاق

**بەشی سێیەم: فێرخوازیی و ڕۆشنبیریی**

ژیان و ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان (بەگشتی)

**بەشی چوارەم: ڕۆڵی ژنان لەبواری ئابووریدا**


**بەشی پێنجەم: بەشداریکردنی ژنان لەبواری سیاسیدا**

**بەشی شەشەم: ئاسایشی کۆمەڵایەتی**

توندوتیژیی

دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

سەرچاوەکان بەفارسی و ئینگلیزیی.



# پێشەکی

پرۆژەی چاپکردنی کتێبو سەرچاوەی تایبەت بەژیانی ژنانو قۆناغەکانی خەباتی ژنان لەدنیادا یەکێکە لەپرۆژەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان کە هەوڵی زۆریداوە بۆ جێبەجێکردنی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەو سەرچاوانەی کە تاڕادەیەك دەگمەنن لەبواری مێژووی خەباتی درێژخایەنی ژنان لەدنیادا بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی ژنی کوردو هەموو ئەوانەش کە گرنگیدەدەن بەو بوارە ئاشنابن بەمێژووی خەباتی بزوتنەوەی ژنانو ئەو ئاستەنگو کێشانەی هاتوونەتە رێگایانو ئەو دەستکەوتو هەنگاوانەش کە بەدەستیانهێناوە.

(کتێبی روخساری ژن لەجیهاندا) یەکێکە لەهەنگاوەکانی ئەو پرۆژەیەی یەکێتی ژنانی کوردستانو لە(١٠) کتێب پێکهاتووە کە هەریەکەیان تایبەتە بەوڵاتێکی دیاریکراوو تیایدا تیشك خراوەتە سەر هەندێ زانیاریی گشتی ئەو وڵاتەو چۆنێتی پێکهێنانی خێزانو جیابوونەوە لەو وڵاتەداو ئاستی پەروەردەو رۆشنبیریىو جیاوازیی نێوان ژنوپیاو لەپرۆسەی پەروەردەداو بەشداریکردنی ژنان لەبواری سیاسەتداو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی کە خوێنەر بەئاسانی دەتوانێ بەقۆناغەکانی گەشەکردنی ژنان لەو

ولآتانەدا ئاشنابێت و بەرچاوڕونترو بەسودوەرگرتن لەو ئەزموونانە کاربکرێت بۆ کاراترکردنی بزوتنەوەی ژنان لەکوردستاندا، بەو هیوایەی بتوانین لەم ڕێگایەوە خزمەتێکی تر بەژنی کوردو ڕەوتی بزوتنەوەی ژنان بکەین لەکوردستاندا.

**ڕاگەیاندنی**

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

٢٠٠٤/٤/١٠

**سلێمانی**

# بەشی یەکەم

## هەندێ شتی گشتی

### ١-پێگەی جوگرافی

وڵاتی پاشایی تایلەند لەڕابردوودا ناوی (سیام)بووە، ئەم ناوچەیە کە فراوانیی (٥١٣/١١٥) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، نیمچە دورگەیەکە کە کەوتۆتە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی کیشوەری ئاسیاوە. ناوچەی باشووری تایلەند لەشێوەی زەویەکی درێژو باریکدایە کە لەلای خۆرئاوایەوە دەگاتەوە بەباکووری (مالایا).

وڵاتی تایلەند لەباکوورو بەشێك لەخۆرئاوایەوە دراوسێی وڵاتی(میانمار)ە. وڵاتی (لایوس) لەباکوورو خۆرهەڵاتی تایلەندو وڵاتی (کامبوج) لەباشووری لایوس، بەشێکی تر لەسنووری خۆرهەڵاتی تایلەند پێکدەهێنێت. پاشماوەی سنووری خۆرهەڵاتی ئەم وڵاتە کە سەر بەکەنداوی تایلەندە، لەدەریای چینی باشووریدایە.

(تایلەند) لەباشوورەوە، دراوسێی (مالایا)یەو لەخۆرئاواوە پاش تەواوبوونی خاکی وڵاتی میانمار بەشی باریکی نیمچە دورگەی تایلەند دەکەوێتە پاڵ ئاوەکانی کەنداوی بەنگالەوە.

(ڤۆڵف دانر) لەساڵی ١٩٧٨دا (تایلەند) بەناوچەیەکی (پێنج روو) ناو دەبات و کردویەتی بەپێنچ ناوچەوە. لێکۆڵینەوە دەربارەی وڵاتی تایلەند لەم ڕوانگەیەوە تەنانەت ئەمڕۆش سەرنجڕاکێشە. ئەم پێنچ رووە

یـان پێنـج ناوچەیـەی وڵاتـی تایلـەند لەلایـەنی کشـتوکاڵ، ئـابووریی، ئاووهـەوا، پێگـەی جۆگرافـی، ئاوناسـی، تایبەتمەنییـەکانی زەویـی و بەرزاییـەکان و رووبارەکـان و هـەندێ هۆکـارو فاکتـەری دییـەوە لەیـەك جیادەکرێنەوە.

ئەم پێنج رووە یان پێنج ناوچەیە بریتین لە:

١-ناوچەی مەرکەزیی: سنووری باکووری ئەم ناوچەیە لەداوێنی گردەکـانی تایلـەندی بـاکووریدا کۆتـایی پێدێـت و بریتییـە لەشـاخە خـۆرئاواییەکان و بەشـێك لەزنجـیرە شاخەکـانی (فچـابون، Phizchabun) لەخۆرهـەڵاتدا. فراوانیـی ئـەم ناوچەیـە (١٠٣، ٩٠١) کیلۆمـەتری چوارگۆشـەیە. لـەم ناوچەیـەدا رێـژەی ئـاو زۆرزۆرە. رووبـارە گرنگـەکانی ئەم ناوچەیـە رووبـاری (نـان- nan) و رووبـاری (یـان- yan)ە. ئەم دوو رووبارە لەلای شاری (ناخون سـادان، nakhan sawan) بەیـەك دەگـەن و رووبـاری (چایوفیا chaephya) پێکدەهێنن. رووبـاری (پاسـاك، Pasak) سـەرچاوەی لەشـوێنە بـەرزەکانی سـنووری وڵاتـی (لایـوس)دا گرتووەو لـەنزیکی (ئایۆتـایۆ، ayuthayo)وە دەرژێتـە نـاو (چایوفیـا)وە. سەرەڕای ئەمەش هەندێ ڕووبار هەن کە دەبنە هۆی پێکهاتنی (چایوفیا). ئەم رووبارە لەباکوورەوە بەرەو باشوور دەڕوات و پاش تێپەڕین بەناوچەی (بانکۆك)دا دەرژێتە کەنداوی تایلەندەوە.

ئەم رووبارە بۆ کاری کەشتیوانیی بەکاردێت و کەشتی گەلێك تاکو قورسـایی (١٠) هـەزار تـەن لـەڕێگای ئـەم رووبـارەوە تـاکو بـانکوك لەهاتووچۆدان کە دەگاتە (٣٠) کیلۆمـەتری قەراغ رووبارەکـەوە. هـەروەها بارەکـانی(لایـۆس) دراوسـێی خۆرهـەڵاتی تایلـەند لـەرێی ئـەم رووبـارەوە جێبەجێدەکرێن.

کوێستانەکانی خۆرئاوای تایلەندیش سەرچاوەی ڕووبارەکانی (کوی نویی، Kweinoi)و (کویانی، kueiyani)ن، کە ئاوەکانی ئەم ڕووبارانە دەڕژێنە لای بەشی مەرکەزیی. شاخە خۆرئاواییەکان لەگەڵ درزەکانی باکووری و باشوورین کە پڕن لەدارستان و قامیشەڵانی ئیستیوائییەکان، زۆرترین بەرزایی ئەم شاخانە ٩٠٠ مەترە. بەڵام بەرزو نزمیی زۆری تێدایەو لەبەر درزەکانی بۆ کاری کشتوکاڵی و نیشتەجێبوونی تەواوی مرۆ دەست نادەن.

کەناڵە فراوانەکانی ئاوو ئەو کەناڵانەی بەدەستی مرۆڤ بۆ دابەشکرنی ئاو دروستکراون و لەبەشی مەرکەزین بەشێوەیەك دانراون کە کاری چەڵتووك و کاری کشتوکاڵ لەم دەشتەدا پڕ بەرهەمتر دەکات. بەرلەوەی ژمارەی دانیشتوانی زیاد بکات و بەر لەوەی گیروگرفتی لەو بابەتە پێکبێت، ناوچەی مەرکەزیی بەبەرەکەت و پیت وفەڕی زۆرەوە ناسرابوو کە پەندا بەشوێنی (ماسییەکان لەئاوداو برنجی دوو کێڵگە) ناوبانگی پەیداکردبوو.

**٢-ناوچەی باکووری خۆرهەڵات: ئەم ناوچەیە وشك و کەم ئاوەو خاکەکەی لەزۆربەی شوێنەکانیدا بۆ کاری کشتوکاڵ بێ پیتە. ئەم ناوچەیە لەلایەنی کەلتوورییەوە وابەستەیە بەلایوسەو بەشێکی زۆر بچووکی پەیوەندیی کلتووریی لەگەڵ کامبوج-دا هەیە. ئەم ناوچەیە لەڕابردوودا خاوەنی ژیانێکی زۆر ڕووناك بوو، کە ئەمڕۆ هێچ نیشانەیەك لەو ژیارە نەماوە. بەهەرحاڵ ئەم ناوچەیە لەلایەنی ئابوورییەوە ناوچەیەکی هەژارەو لەلایەنی ژیارو ڕۆشنبیرییەوە زۆر دواکەوتووە. فراوانی ناوچەی باکووری خۆرهەڵاتی (١٦٨,٨٥٤) کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانی زۆرە. بەشە باکوورییەکانی ئەم ناوچەیە لەدرێژەی پێدەشتەکانی یۆنان و شام و لایۆسە.**

ئەم بەرزاییانە بەرزترن لەبەرزاییەکانی خۆرئاوای تایلەندو بەرزاییان دەگاتە (١٥٠٠) مەتر، ئەم بەشانەی بەدارستان داپۆشراون. بەڵام

هەندێ لەناوچەكانی بەهۆی كشتوكاڵەوە رووبەرووی گۆڕانی سروشتی بوونەتەوە. لەبەشی باكووریدا چوار دۆڵ بەناوی (Ping, wan, yan, wang) هەیە كە لەناویاندا كۆمەڵێك رووباریان پێدا دەڕوات و ئەو ناوچانەی لەدەوروپشتی ئەو رووبارانەن سەر سەوزو بەكۆمەڵێك گیای جۆراوجۆر داپۆشراون. هەندێ جار لەم زەوییانەدا كاری چەڵتووككاری دەكرێت.

پێدەشتی ناوچەی باكووری خۆرهەڵاتی كە ناوی (كورات، Korat)ە لەلایەنی بەرزاییەوە، نزمترە لەناوچەی خۆرهەڵاتی و كەنارە باشووریی و خۆرئاواییەكانی ئەو ناوچەیە لەهەندێ شوێندا لە(٣٠٠) مەتر تێپەڕناكات.

كەنارە خۆرهەڵاتییەكانی پێدەشتی باكووری خۆرهەڵات لێژن و ئاوەكانی (nomnun , namic) بەرەو لای بانكوك دەبات.

٣-ناوچەی باشوور:ئەم ناوچەیە خاوەنی ئاووهەوایەكی وەرزییەو دەریای (ئاندمان، andamon) لەلایەكەوەو كەنداوی تایلەند لەلایەكی دییەوە بەشێكیان لەم ناوچەیە گرتۆتە خۆیان. زەوییەكانی ناوچەی باشووری نزم و باریك و كەنارین و بەشێوەیەكی گشتی بەپیتن، بەڵام ئەم ناوچەیە زیاتر بەكان و كانزای دەوڵەمەندی وەكو قەسدیر بەناوبانگە. (كائوچو، رۆنی پاكم)یش لەسەرچاوە گرنگەكانی داهاتی خەڵكەو كاری راوە ماسی بۆ مەسرەفی ناوخۆیی و ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات بەچالاكییە سەرەكییەكانی ئەم ناوچەیە دەژمێردرێت، كاری چەڵتوككاری لەكێڵگەكانی دۆڵەكاندا بەزۆری ئەنجام دەدرێت. لەگرنگترینی ئەو رووبارانەی لەناوچەی باشووری تایلەندن. رووباری(كوان، Kwan)ە كە لەنزیكی بەندەری (ساموت سونك فرن، Samut Song Khran)وە دەڕژێتە كەنداوی تایلەندەوە.

فراوانیی ناوچەی باشووری (٧٠,٧١٥) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

٤-ناوچەی باکوور: تایبەتمەندییەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لەدەشتە نزمەکانو زەوییە بەرزو وشکەکانو جۆراوجۆریی ئاووهەواو رووەك خەڵك. ئەو خەڵکەی کە لەگردەکانی ئەم ناوچەیە نیشتەجێن. دەکرێت ناوی عەشیرەتە گردنشینەکانیان لێبنێین کە خەریکی کاری کشتوکاڵینو زۆرجاریش خەشخاش (گەڵای تلیاك) دەڕوێنن. تاکو (٢٠) ساڵێك لەمەوبەر ئەم ناوچەیە شوێنی ئاژەڵی دڕندەو مێژوو نەریتی تایبەتی بووە. بەڵام ئەم ناوچەیە ئێستا بەتەواوی کەتۆتە ژێر کاریگەریی تایلەندی مەرکەزییەوەو بەرنامەو سایاسەتەکانی دەوڵەت، تایبەتمەندییە فۆلکلۆریو ناوخۆییەکانی خەڵکیی لەناوبردووە. فراوانیی ناوچەی باکوری تایلەند (١٦٩,٦٤٤) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

ئەو رووبارە گرنگانەی لەباکووری تایلەندان، بریتیین لە:

١-رووباری (پرینگ، pring)، ئەم رووبارە سەرچاوەی لەناوچەکانی باکووری خۆرئاواداو لەنزیکی سنووری (میانمار) وەرگرتووەو پاش رۆشتنی بۆ لای باشوور لەنزیکی (بان تك، Bantuk) لەگەڵ رووباری (ڤانگ، Wang) بەیەك دەگەنو بەرەو لای باشوور دەچن.

٢-رووباری (یام، Yam) بەدوو لقی سەرەکییەوە سەرچاوە لەسنوورەکانی (لایوس) وەردەگرێتو پاشان لەباشووری ناوچەی باکوورەوە لەگەڵ رووبارەکانی (ڤانگ و پرنیگ)دا یەکدەگرن.

٣-رووباری (مون، moun)، کە لەتێکەڵبوونی چەند رووبارێکەوە پێکدێتو پاش برینی رێگایەك لەناو خاکی چین-دا، سنووری نێوان میانمارو لایۆسو پاشان سنووری نێوان لایۆسو تایلەند پێکدەهێنێت. بەشێکی زۆری ئەم رووبارە لەسنوری تایلەندو لایۆسە کە بۆ کاری کەشتیوانیی بەکاردێت.

٤-رووباری (نام پارك، Nam park) یەکێکی ترە لەرووبارە بەناوبانگەکانی ناوچەی باکووری کەناڵە ئاوییە ناوخۆییەکانی تایلەند کە هۆکاری پێکهاتنیان کۆمەڵێك رووباری پڕ ئاوی گەورەیە، رۆڵێکی گرنگ لەکاری گواستنەوەی ئاوو لەلایەکی ترەوە باری ئابووریی و کشتوکاڵی ئەم وڵاتەدا دەبینن. زۆرجاریش کۆبوونەوەی هێزی مرۆیی و چالاکییە ئابووریی و بازرگانییەکان و دامەزراندنی شارە گەورەکان لەقەراغ ئەم رووبارانەدا ئەنجامدەدرێت.

٥-ناوچەی بانکۆك-ی پایتەختی تایلەند زۆر جیاوازە لەناوچەکانی تری ئەم وڵاتەو خاوەنی تایبەتمەندییەکی خۆیەتی.

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی بانکۆك زۆرەو زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە شارنشین، بەپێی ئامارە رەسمییەکان ژمارەی دانیشتوانی بانکۆك(٥) ملیۆن کەسە، بەلام ئامارە نارەسمییەکان دەڵێن کە ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە زیاترە لە(٧) ملیۆن کەسە. کۆچکەرەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات بەردەوام بەرەو پایتەخت دەچن. ژمارەیەك لەم کۆچکەرانە بەمەبەستی دۆزینەوەی کاری گونجاوو هەندێکیش بۆ خوێندن یان خۆشگوزەرانیی بەرەو پایتەخت کۆچ ئەکەن. سەنتەری تۆمارکردنی رەوتی کلتووریی نەتەوەیی و سەنتەری کاروباری کۆمەڵایەتیی وڵات و سەنتەری بازرگانی و کاروباری دارایی و سیاسەت و رێکخستنەکان و رێکخراوی حکوومیی لەم شارەدا جێگیرن و رێنوێنیی و بەرنامەرێژیی تەواوی کاروبارەکانی وڵات لەم سەنتەرەدا ئەنجامدەدرێت، بەلام گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە ئەم شارە شوێنی بەیەکگەیشتنی سوونەت و کلتووری راستەقینەی نەتەوەیی تایلەندە لەگەڵ بنەمای ژیانی مۆدێرندا. لەم شارەدا نموونەیەکی تەواو لەنوێخوازیی کۆمەڵگا و لاسایکردنەوەی کلتوورو بنەما باوە خۆرئاواییەکان، لەگەڵ کەلتوورو سوونەتە راستییەکانی کۆمەڵگەی تایلەندی پێکەوە دەبینرێ.

ولاتی تایلەند لەلایەنی ئاووهەواوە لەناوچەی ئیستوایی‌دایە. بەڵام ئەم ولاتە بەهۆی ئەو پێگە جوغرافیاییەوەی کە هەیەتی وەکو (میانمار)و (ولاتەکانی هیندو چین) بارانی لێناباریّ، ڕێژەی بارینی باران لەناوچەی باشووری خۆرهەلات و کۆیستانەکانی خۆرئاواو تاڕادەیەك لەناوچە بەرزەکانی باکووریشدا زیاترە لەناوچەکانی دی.

بەشێکی زۆری ناوچەکانی تایلەند لەناوچە کەم بارانەکانەو ڕێژەی بارینی باران لەم ناوچانەدا (لەساڵێکدا) نزیکەی (١,٥) مەترە.

تایلەند لە(٢٠) پلەی باکووری هێڵی ئیستوایە، بۆیە خاوەنی ئاووهەوایەکی گەرموتەڕە، بەلام جۆراوجۆریی زەوییەکانی ئەم ولاتە بەشێوەیەکی سروشتی زۆر دیارو شایانی سەرنجە.

بارینی باران لەیەکەم مانگی هاویندا هەتاکو یەکەم مانگی پایز بەردەوامدەبێت. لەدووەم مانگی پاییزدا تاکو دووەم مانگی زستان ناوچە باکوورییەکانی ئەم ولاتە هەوایەکی ساردیان هەیەو ڕێژەی شێی لە(٩٥٪)وە بۆ (٥٨,٥٪) لەگۆڕاندایە. بەشێوەیەکی گشتی ئاووهەوا لەباکوورو باکووری خۆرهەلاتدا زیاتر لەناوچەی بانکوك لەگۆڕاندایە.

٢. پێگەی مێژوویی:

بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو، ئینگلیزەکان بەتایلەندیان دەوت: (سیام). حکومەت لەساڵی ١٩٨٤دا ناوی ئەم ولاتەی نا، تایلەند.

تایلەند بەشێوەی Tie Land دەوترێت کە بەمانای ئازاد یان ناوچەی خەڵکی ئازادە. بەلام خەڵکی تایلەند بەولاتی خۆیان دەڵێن: (موتانگ تانی Mutang thai و پرداستایی thaii prades).

لەوەدەچێت کە خەڵکی ئێستای تایلەند بەرلەوەی بۆ ئەم ناوچەیە کە ئێستا تایلەندی ناوە، کۆچ بکەن لەناوچە باشوورییەکانی چیندا ژیابێتن. ئەم خەڵکە بەخێڵی (تایی، Tai) ناوبانگیان پەیداکرد.

لەسەرەتاکانی سەدەی یانزەیەمی زاینیدا یەکێك لەڕێبەرەکانیان بەناوی (نونگ زیگا، nong zhigao)، گروپگەلێکی لەخێڵەکانی تایی پێکەوە کۆکردەوەو هەوڵیدا تاکو دەرباری چین دان بەمەملەکەتەکەیدا بنێت بەرەسمی. بەڵام ئەم هەوڵەی بێ سوودبوو لەساڵی (١٠٥٥)دا بەدەستی چینییەکان دەستگیر کراو کوژرا. لەو کارەساتە بەدواوە گوشارێکی زۆر خرایە سەر تاییەکانو ئەوان زیاتر بەرەو لای باشووری خۆرئاوای چین ڕۆیشتن، وردەوردە تاییەکان دەستەڵاتیان بەسەر دۆڵە پڕ لەسەوزاییەکاندا گرت، هەروەها خەڵکی دانیشتووی ئەو ناوچانە کەوتنە ژێردەستی تایلەندییەکان. بەڵام خۆیان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بوو لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی (خمر)دا.

دەوڵەتی (تایی نانچایو) لەسەدەی سیانزەیەمی زاینیدابوو بەهۆی لاوازبوونو پاشان شکستی پاشاکانی (خمر)و ڕێگا بۆ سەربەخۆ بوونی خێڵەکانی تایی خۆش وئامادەبوو. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئیمپراتۆرییەتی چینو ئەو گوشارەی کە خرایە سەر دەوڵەتی تایی نانچایو-دا، ئەم دەڵەتەش لەناوچوو بەدوای ئەوەدا کۆچکەرە تاییەکان بەرەو ناوچەکانی باشووری خۆرئاوا ڕۆیشتنو لەو وڵاتانەدا نیشتەجێبوون کە ئەمڕۆ پێیاندەوترێت: لایۆس، تایلەند، میانمارو ئاسام هیند. گروپێکی گەورە لەم خێڵانە لەڕێگای ڕووباری مکونگ بەرەو لایۆسو باکووری تایلەندو لەئەنجامدا بەرەو لای خاکی بەپیتی مەرکەزیی تایلەند ڕۆیشتن.

یەکەم وڵاتی تایی لەسەدەی سیانزەیەمو هەر لەم ناوچە بەپیتەدا دامەزرا. دامەزرێنەری ئەم وڵاتە ناوی (راما تیبولی، ramaatiboli)بوو. لەئەنجامدا بنەماڵەی (سوکاتای، Sukothai) لەتایلەندا گرتەدەستو حوکمڕانیی خۆیان لەم وڵاتەدا دەستپێکرد. پێنج فەرمانڕەوا لەم بنەماڵەیەدا لەماوەی کەمتر لەیەك سەدەدا حوکمیان کرد. پاش ئەم پێنج

فەرمانڕەوایانەی بنەماڵەی سوکوتای، حکومەت کەوتە دەستی بنەماڵەی ئایۆتایا (Ayu thia). بەشێکی زۆری خولی حوکمڕانی ئەم بنەماڵەیە کە نزیکەی چوار سەدە درێژەی کێشا هەر لەناو شەڕوکێشمەکێشدابوو لەگەڵ دراوسێکانیدا.

ئایۆتایا (Ayuthaya) لەساڵی ١٣٥٠دا پایتەختی وڵاتی سەربەخۆی تایلەندبوو. لەساڵی ١٧٦٧دا دوای هێرشی مینمار (بۆرمای پێشوو) ئەم پایتەختە لەناوچوو، لەوەودوا بەوێرانی مایەوەو کەسی تێدا نەژیا. پاشماوەی ئەو شارە ئێستا لە(٧٥) کیلۆمەتری بانکۆکەو ناوی (Ayuthia Nakorn Pathom)ە بەیەکێك لەشوێنە گەشت و گوزارییەکان دەژمێردرێت.

پاش تێکشکانی حوکمڕانی بنەماڵەی ئایۆتایا، ماوەیەك تایلەند بەدەستی کەسێکەوە کە ناوی (تاکن)بوو بەڕێوەچوو. (تاکن) مەرکەزی حکومەتی بردە (تۆبزی) کە لەنزیکی شاری بانکۆکی ئێستادایە.

بەڵام لەساڵی ١٨٧٢دا، بنەماڵەی (چاکری، Chakri) (تاکن)یان لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی لابردو شاری بانکۆك وەکو مەرکەزی حکومەت دەستنیشانکرا. بەفەرمانڕاوایانی ئەم بنەماڵەیە دەوترێت: (راما، Rama)و تاکو ئێستا نۆ راما لەوڵاتی تایلەنددا بوونەتە پاشا.

بیروباوەڕی ئایینیی تایلەندییەکان هەر لەسەردەمی حکومەتی بنەماڵەی (سوکوتای)یەوە شێوەی پەیدا کرد. ئایینی پەرستنی تایلەندییەکان، ئایینی بودایە کە لەسریلانکاوە چۆتە تایلەندو ئەم ئایینە پەیرەوی ڕێبازی (هینایان، Hinayana )ی بودایە. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا خۆرئاواخوازی گروپە ڕۆشنبیرەکانی بەرەو هزرە برد کە پێویستە شەڕ لەگەڵ تواناو دەستەڵاتەکانی پاشاکاندا بکرێت و پێویستە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئازاد وەکو حکومەتە ئەروپییەکان هەنگاو

هەڵبگیرێت. بەم بۆنەیەوە بوو کە ئەم گروپانە لەساڵی ١٩١٢دا لەگەڵ ژمارەیەك لەئەفسەرە لاوەکانی لەشکردا هاتنەکایەوە تاکو حکومەتی پاشایی بگۆڕن و بیکەن بەکۆماریی، بەڵام پاشای ئەوکاتە کە ناوی (ڤاچیراورت)بوو لەگەڵ هێزە سوپاییەکەی خۆیدا توانیی ئەم گروپانە بەتوندی سەرکوتبکات و پەرش وبڵاویان بکاتەوە.

لەشکری سەربازیی لەوڵاتی تایلەندادا هەمیشە هێزو دەسەڵاتی هەبووەو تاکو ئێستا سیاسەتمەدارانی تایلەند نەیانتوانیووە هێزو دەسەڵاتی ئەم لەشکرە تێکبشکێنن. لەساڵی (١٩٣٢) کە تایلەند بۆ دامەزراندنی حکومەتی یاسایی کودەتای کرد تا ساڵی (١٩٩١)، (١٦) جار لەم وڵاتەدا کودەتا کراوە.

پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیی مەیدانی سیاسی تایلەند کەوتە ژێر کاریگەریی و ناکۆکیی و جیاوازیی فیکریی زۆرەوە کە ئەم بارودۆخە لەئەنجامی ململانێکانی گروپە جۆراوجۆرە سیاسییەکان بوو. ئەم ناکۆکییانە تاکو ساڵی ١٩٤٧ هەر لەزیادبووندابوو لەئەنجامدا کرێکاران و گروپگەلێك لەگەڵ بیرۆکەی دژ بەفیودالی هێزو دەسەڵاتیان گرتەدەست. بەم بۆنەیەوەبوو کە خاوەن زەوی و سەرمایەکان بەهاوکاریی لایەنگرانی پادشایی دژی ئەم گروپانە پشتگیریی یەکیان کردو حیزبی (تاماميپات، Thammatipat) بوو بەشوێنی پەناو ئاسایشی ئەم گروپە.

لەساڵی ١٩٤٧دا سەربازە پادشاییخوازەکان کودەتایان کردو بەم شێوەیەو لەگەڵ دەستێوەردانی عەسکەرییەکاندا دەسەڵات و هێز کەوتە دەستی گروپە سەرمایەدارو خاوەن زەوی وزارەکان، بەڵام پاش ساڵی ١٩٥٧ بۆ جارێکی تر ناکۆکییەکانی نێو گروپە جۆراوجۆرە سیاسییەکان توند بۆوەو حیزبە چەپەکان دژایەتی هاوکاریکردنی تایلەندو ئەمریکایان کردو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی خەڵکدا رێژەی ناکۆکییەکان بەرەو زیادبوون

ڕۆیشــت و ئــەم ململانێیــە سیاســییە بووەهــۆی تێکچوونــی کاروبــارە ئابوورییەکان. لەساڵی (١٩٥٨)دا (ساریت تانارات، Sarit thanarat) وەزیری بەرگریی و ڕێبەری دەستە ڕاستڕەوەکان کودەتایەکی سەربازیی خستەڕێ و توانیی دەسەڵات بەدەستبهێنێت و دەستوری ساڵی (١٩٣٣) پاش ئەم کودەتایە بەشێوەی هەڵواسراوی مایەوەو چالاکییەکانی حیزبەکان وەستان و لە(٢٨)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩دا پادشا دەستوری نوێی ڕاگەیاند.

لەڕۆژی (١٦)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٧٩)دا کودەتایەکی خوێناوی بۆ سەرکوتکردنی خوێندکارانی زانکۆ ئەنجامدرا.

لەساڵی ١٩٣٣ەوە یەکەم دەستور لەتایلەندا ڕاگەیەندراو جێگیربوو، تاکو ئێستا (١٤) دەستور بۆ ئەم وڵاتە داڕێژراوەو هەڵوەشاوەتەوە. دوایین دەستوری تایلەند لەساڵی ١٩٧٨دا داڕێژراوەو سوودی لێوەرگیراوە کە ئەم یاسایەش بەکودەتای سەربازی لەساڵی ١٩٩١دا هەڵوەشایەوەو دەستورێکی نوێ شوێنی گرتەوە.

پاش کودەتای ساڵی (١٩٩١) حیزبگەلێکی نوێ هاتنە کایەوە کە ریشەیان لەدەستەڵاتخوازی سیاسی سوپادا هەبوو، جێی بیرخستنەوەیە کە لەساڵی ١٩٣٢دا حکومەتی یاسایی لەوڵاتی تایلەندا جێگیربووەو تاکو ئێستا دەیان حیزبی سیاسی لەم وڵاتەدا پێکهاتووە. ئەم حیزبانە چەپی توندڕەوبوون و هەریەکەیان هەوڵیداوە تاکو لەتایلەندا هێز بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو، هەڵبەتە لەزۆربەی کاتدا حیزبە ڕاستڕەوەکانی سەر بەسوپا بۆ دبەدەستهێنانی دەسەڵات سەرکەوتوو نەبوون.

ئێستا لەوڵاتی تایلەندا زیاتر لە(٢٠) حیزبی سیاسی چالاکییان هەیەو هەریەك لەم حیزبانە هەوڵدەدەن تاکو لەئەنجوومەنی نەتەوەییدا

نوێنەری زۆرتریان هەبێت کە ئەو ئەنجوومەنە لەدوو ئەنجوومەنی سێناو ئەنجوومەنی نوێنەران پێکهاتووە.

ئەنجوومەنی سێنا (٢٦٠) ئەندامی هەیە کە گشتیان بەخواستی سەرۆك وەزیران و بەدەستی پادشا دادەنرێن.

ئەنجوومەنی نوێنەران (٣٥٧) ئەندامی هەیە کە بەدەنگدان لەلایەنی خەڵکی (٧٢) پارێزگاوە هەڵدەبژێردرێن و بۆ پەرلەمان دەنێردرێن، ماوەی نوێنەریی ئەنجوومەنی نوێنەران چوار ساڵەو پادشا دەتوانێ ئەم ئەنجوومەنە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری نوێ هەڵوەشێنێتەوە. لەکۆبوونەوەی نوێنەرانی هەردوو ئەنجوومەنەکەدا کە کۆبوونەوەی نەتەوەیی پێکدەهێنێت سەرۆکی ئەنجوومەنی سێنا سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات.

ژمارەی دانیشتوانی تایلەند بەپێی ئامارە خەمڵێنراوەکان دەستنیشانکراوە. بەڵام لەنێوان ئەم ئامارانەدا کە گشتیان لەلایەن رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاریکراوەو جێگیربووەو بڵاوکراوەتەوە، جیاوازییەکی زۆر بوونی هەیە، بۆ نموونە کتێبی ساڵی (١٩٩٢)ی یۆنسکۆ، ژمارەی دانیشتوانی تایلەندی لەساڵی (١٩٨٠)دا بە(٤٦,٧٢٠) ملیۆن کەس و لەساڵی (١٩٨٥)دا بە(٥١,٥٨٠) ملیۆن کەس و لەساڵی (١٩٩٢)دا بە(٥٧,٧٦٠) ملیۆن کەس داناوە. لەکاتێکدا کە هەر لەکتێبە نوێیەکەی ئەم رێکخراوەدا لەساڵی ١٩٩٤دا ئاماری دانیشتوانی تایلەندی بەم شێوەیەی خوارەوە جێگیرکردووە: ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (١٩٨٠)دا، (٤٦,٧١٨)ملیۆن کەس، لەساڵی (٩٨٥ن)دا، (٥١,١٢٩) ملیۆن کەس و لەساڵی (١٩٩٠)دا، (٥٥,٥٨٣) ملیۆن کەس و لەساڵی (١٩٩٣)دا، (٥٧,٥٨٥)ملیۆن کەس. هەرچەندە ئەم جیاوازییانە زۆر بەرچاونین، بەڵام بەهەرحاڵ لەم ئامارانەدا جیاوازیی هەیە.

ژمارەی دانیشتوانی تایلەند لەهەر کیلۆمەترێك چوارگۆشەدا بە(١١٣,١١٢) کەس تۆمارکراوە. (٥١,٣٪)ی تەواوی دانیشتوانی تایلەند پیاوو ((٤٩,٧٪) یان ژنن.

(٤/١)ی تەواوی دانیشتوانی تایلەند لەناوچە خۆرئاواییەکانو (٢/١)یان لەناوچە باکوورییەکانی ئەو وڵاتەدا نیشتەجێن.

رێژەی گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (١٩٨١)دا، (٢,٣٪)و رێژەی مردن لەم ساڵەدا بە(٣,٠٪) دیاریکراوە.

زمانی رەسمیی وڵاتی تایلەند، تایی-یە

## پێکهاتەی نەژادیی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی تایلەند

| | |
|---|---|
| تایی | ٪٩٠ |
| چینی | ٪٣,٤ |
| هیندیو مالایایی | ٪٣,٤ |
| نەژادەکانی تر | ٪٣,٢ |

## پەرشوبڵاویی جۆری ئایین لەوڵاتی تایلەند-دا

| | |
|---|---|
| بودایی | ٪٩٥ |
| موسوڵمان | ٪٣,٨ |
| مەسیحیو ئایینەکانی تر | ٪١,١ |

## رێژەی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی تایلەند لەساڵی ١٩٦٠ تاکو ١٩٩٠

| ژمارەی دانیشتوانی وڵات | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٦٠ | ١٩٧٠ | ١٩٨٠ | ١٩٩٠ |
| ٢٦,٢٥٧,٩١٦ | ٣٤,٣٩٧,٣٧٤ | ٤٤,٨٢٤,٥٤٠ | ٥٥,٥٨٣,٠٠٠ |

### دوايين ئاماری بڵاوكراوه لەلايەنی ڕێكخراوی نەتەوەيەكگرتووەكان لەگەڵ پێشبينيكردنی ساڵ (٢٠٥٠)

| | |
|---|---|
| ڕێژەی مردنی منداڵ | ٣٢ |
| ئەگەری ژيان لەوەختی لەدايكبوونی منداڵ-دا | ٦٩ |
| ڕێژەی دووگيانيی تەواوی هەر ژنێك | ١,٩ |
| ڕێژەی مردن بەهەزار كەس | ٦ |
| ڕێژەی لەدايكبوون (بەهەزار) | ١٨ |
| ئاستی گەشەسەندنی ساڵانە (بەهەزار) | ٠,٩ |
| ژمارەی دانيشتوانی ساڵی (١٩٩٦) (بەڕێژەی هەزار) | ٥٨٧٥٣ |
| ژمارە دانيشتوانی ساڵی(٢٠١٥) (بەڕێژەی هەزار) | ٦٦٣١٧ |
| ژمارە دانيشتوانی ساڵی (٢٠٥٠) (بەڕێژەی هەزار) | ٧٢٩٦٩ |
| ژمارەی دانيشتوانی وڵات لەنيوەی ساڵی ١٩٩٦(لەسەدا) ژێر تەمەنی (١٥) ساڵ | ٢٧ |
| -سەروو تەمەنی (٦٠) ساڵ | ٥ |
| ژمارەی دانيشتوانی وڵات لەهەريەك كيلۆمەتری چوارگۆشەدا. | ١١٤ |

[illegible]

| | |
|---|---|
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] |

## بەشی دووەم

### خێزان

رەگ‌وریشەی داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی- رۆشنبیریی تایلەند لەسێ کەلتور:-

١-بیروباوەڕو داب‌ونەریتی ئەو خێڵ‌و عەشیرەتانەی کە هێشتا لەزۆربەی ناوچەکانی تایلەنددا دەبینرێن.

٢-بەها رۆشنبیرییە چینییەکان کە لەرێی رێبازە فەلسەفییەکانی (کۆنفۆشیوس دایۆ)و... هتد رەگ‌وریشەی لەنێو خەڵکی تایلەنددا داکوتاوە.

٣-ئەو بەها ئایینیی‌و رۆشنبیرییانەی بودایی- رێبازی هینایانا- کە سەرچاوەی لەهێندەوە وەرگرتووە.

بەهیچ شێوەیەك ناکرێت کە رێژەی لەسەدای کاریگەریی هەریەك لەم سێ رەوتە رۆشنبیریی، ئایینیی‌و فەلسەفییە لەداب‌ونەریت‌و کلتووری ئەمڕۆی تایلەنددا بەووردی دیاریبکرێت، لەبەرئەوەی کە تێکەڵبوونی ئەم سێ کلتورە، بنەمای داب‌ونەریتی کلتورە ئایینیەکانی ژیانی خەڵکی تایلەندی دارشتووە.

بۆ نموونە ئەگەر خۆراکەکانی تایلەند لەبەرچاو بگیرێت، ئەم مەسەلەیە بەئاشکرا دەبینرێت، خۆراکەکانی ئەم وڵاتە سەرچاوەیان لەخۆراکە جۆراوجۆرەکانی هیندو چین‌و خەڵکە کۆنەکانی تایلەندەوە وەرگرتووە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك خۆراك لەجۆری هیندی بە(بەهارات‌و داوودەرمانی تایبەتی هیندی) بوونی هەیەو هەم خۆراکگەلێکیش لەجۆری

چینی هەیە کە لەناو تاوەدا سوور دەکرێنەوەو هەم خۆراکی سووننەتی خەڵکە کۆنەکانی تایلەند بوونی هەیە کە (روەکی)ین و بەساس و بیبەرەوە دەخورێن، ئەمرۆش سوود لەم سێ جۆرە خۆراکە وەردەگیرێت وەکو خۆراکە نەتەوەییەکان لەولاتی تایلەندا بێئەوەی کەسێك بەرامبەر ئەمجۆرە خۆراکانە ئارەزوو یان دمارگیرییەکی نائاسایی نیشانبدات، ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەئایینی پەرستنی تایلەندییەکانیش راستە، هزرو ئەندێشەی بوودایی و بیروباوەڕەکانی ئەم ئایینە لەگەڵ هاوئاهەنگییەکی تەواوداو لەلای مەراسیمەکانی تر لەئایینە کۆنەکانی ولاتی تایلەندا رێدەکەوێت و خەڵك بەگشتی قبوڵی دەکەن، ئیدی بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت لافی ئەوە لێبدرێت کە کلتوری تایلەند لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرچاوەی لەبنەما جۆراوجۆرەکان و دژ بەیەکەوە وەرگرتووە، هەمیشە نەرمییەکی تێدابووەو (نەرمبوون یان کرانەوە)بەبنەمای سەرەکیی ئەم کلتورە دەژمێردرێت، بەم بۆنەیەوە کە لەولاتی تایلەندا دژایەتی بیروباوەڕی ئایینی و فەلسەفی نابینرێت و نەریتە رۆشنبیرییەکانی تایلەند لەگەڵ پاراستنی بنەمای رەسەنایەتی خۆی هەمیشە هاوئاهەنگیی لەگەڵ کات و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا پەیدادەکات و ئەم مەسەلەیە لەم کۆمەڵگەیەدا بەنیعمەتێکی گەورە دەژمێردرێت و ئەگەری هەر جۆرە گۆڕانکارییەك مەیسەر دەکات.

پێویستە لەم نێوەدا سەرنجی خاڵێکی زۆر گرنگ بدرێت، ئەویش ئەوەیە کە هاوئاهەنگیی و قبوڵکردنی گۆڕانکاریی هەمیشە لەپێناو پێشکەوتندا نەبووە، لەمێژووی رابردووی ئەم ولاتەدا رووبەڕووی ئەم مەسەلەیە دەبینەوە کە تەنانەت کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بوونی هەبووە کە لایەنی پێشکەوتوانەی نییەو بەپێشکەوتن ناژمێردرێت، هەرچەندە خەڵکیش قبوڵیانکردووەو بەلایەنێکی دواکەوتوخوازیی لەقەڵەم دەدرێت،



بەڵام سەرباری ئەم تایبەتمەندییە ئەم گۆڕانکارییە رۆشنبیرییانە لەناو چینە زیانمەندەکاندا بەبێ بەرگریی و بەئاسانی قبوڵکراون.

پاش روونکردنەوەی ئەم خاڵە سەرەکییە لەوەدەچێت پێداچوونەوەو پشکنینی بارودۆخی گشتی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی وڵاتی تایلەندو ئەو نەریتانەی کە زاڵن بەسەر ئەم وڵاتەدا زۆر بەئاسانتر شیبکرێنەوەو بپشکنرێن.

مەسەلەی گۆڕانکارییە ئاکارییەکان سەبارەت بەپێگەی ژنانی تایلەند لەکۆمەڵگەدا یەکێکە لەو گۆڕانکارییە رۆشنبیرییانەی کە بەدرێژایی مێژوو هاتوونەتەئاراوە، بۆ درککردنی وردی ئاکاری ئەمڕۆی ژنی تایلەندو پێگەی لەم کۆمەڵگەیەدا، پێویستە چاو بەسەردەمە کۆنە مێژووییەکانی ئەم وڵاتەدا بخشێنرێت.

ژن لەوڵاتی تایلەنددا، سیمای ژنێکیماڵدار، ئارام، گوێڕایەڵ و خزمەتکاری هەیە، بەڵام ئەم سیفەتانە لەسەرەتاوە بەشێك نەبووە لەکەسایەتی ژن، بەڵکو بەدرێژایی سەردەمە جۆراوجۆرە مێژووییەکان و وردەوردە ژنی تایلەند کەوتۆتە نێو چوارچێوەیەکی ئاواوە، ئەم گۆڕانکارییە کە پیاو بەنان هێنەر، سەرۆك، رێبەر یان پارێزەری وڵات دەزانێ و ژن بەبەرپرسی منداڵ و بەخێوکردنیان و پەرستاریکردن لەپیاوان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ و کۆنترۆڵی باری ماڵیی و داهات دەزانێ، پاش سەدەی چواردەیەم و بەرەبەرە بەدەستهاتووە.

لەسەردەمێك بەر لەسەدەی چواردەیەمی زایینی، ژنی تایلەندی بەهۆی ئەرکی دیاریکراو لەمەسەلەکانی پەیوەند بەکاروباری ژیانی هاوبەش، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی والای هەبووە. پاش دامەزراندنی بنەماڵەی پاشایی ئایوتایا، کلتوری کۆمەڵایەتی لەوڵاتی تایلەنددا بەتەواوی گۆڕا، لەم گۆڕانکارییەدا پیاوان دەستیان بەسەر باری سیاسی و حکومەتیدا

گرتو بوون بەخاوەنی دەسەڵات، بڵاوبوونەوەو جێگیربوونی ئاینی هیندی ئەم دەسەڵاتەی توندو پتەوتر کردەوە، لەبەرئەوەی پرۆسەی (خودا- شا)و پاشایەتی رەها کە سەرچاوەی لەئاییینە هیندییەکانەوە گرتبوو بونیادی فیودالیی کۆمەڵگە (رەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانەبوو) بوو بەهۆی پێکهاتنی ئاوا گۆڕانکارییەكو سستەمێکی وای لەکۆمەڵگەدا بونیادنا، زۆرتری پیاوان لەکاری سیاسەتدا کە سوونەتە هیندییەکان ببوون بەهێزی بزواندنی وردەوردە بونیادی کۆمەڵایەتییان لەپێناو پیاوسالارییەکی رەهادا بەرەوپێش برد، لێرەدابوو کە پیاو کۆمەڵێکی زۆر ئیمتیازی لەبەرامبەر ژناندا بەدەستهێنا، کە دەتوانین ئاماژە بەم ئیمتیازاتانە بکەین:

١-رۆڵی پیاو وەکو بەڕێوەبەری خێزان جێگیربوو.

٢-ژن بەموڵکی پیاو دەژمێردراو کچان بەشێك بوون لەماڵو سەروەتی باوك، باوكومێرد دەیانتوانی کچو ژنەکانیان سزا بدەن، بیانکڕنو بیانفرۆشنو بەمەیلو ئارەزووی خۆیان دەیانتوانی رەفتاریان لەگەڵدا بکەن.

٣-فرەژنی نەك هەر کارێکی ئاسایی بوو بەڵکو گشت کەسێك ستایشیان دەکردو بەنیشانەیەك لەسەروەت، سەرکەوتن، تواناو دەسەڵات دەژمێردرا.

٤-ژن بەرپرس بوو لەوەی خزمەتی مێردەکەی بکاتو ببێتە جێی خۆشحاڵییو شادیی پیاوو مناڵ گەورە بکاتو پەروەردەیان بکات، ئیدی بایەخدان بەئەدەبو پاکییو شارەزایی لەمیوانداریی، کاری جوانکاریی، چێشت لێنانو هونەرەکانی تری ناوماڵو ماڵداریی بەبەشێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرا.

٥-پیاو لەلایەنی پەیوەندیی سێکسییەوە ئازادیی تەواوی هەبووەو بۆ ژن سنووردارببوو، بۆ نموونە کۆمەڵگە پەیوەندیی سێکسی ژنێکی

مێرداری بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نەدەكرد، هەروەها پەیوەندیی سێكسی بەرلەپێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتی رووبەرووی سزایەكی توند دەبۆوە. هەندێك لەم تایبەتمەندییانە تەنها تایبەت نەبوو بەكۆمەڵگەی تایلەندییەوە، لەڕاستیدا زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا لەخۆرئاواو خۆرهەڵاتدا باوبووە، بەتایبەت نەریتی پەیوەست بەمەسەلە سێكسییەكان بۆ ژنان وپیاوان زۆر جیاوازبووە، بەڵام وردەوردە گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان بوونەتە هۆی ئەوەی كە دەسەڵاتو توانای پیاو لەوڵاتو كۆمەڵگە جۆراوجۆرەكاندا بگۆردرێت، لەبنەمای رۆشنبیریی و كۆمەڵایەتی وڵاتی تایلەندا ناودژێتی بوونی هەبووەو ئەوە سەرەڕای ئەوەی كە هەرچەند پیاوان خاوەنی دەسەڵاتی رەسمیی بوونو ئاغاو سەرۆكو سەربەخۆبوون، بەڵام لەگەڵ ئەم وەسفەدا ژنان لەكاروباری پەیوەند بەمامەڵكردن، بازاڕو بازرگانیدا كاریان دەكردو لەوێوە ژیانی ناوماڵیان بەڕێوەبرد، لەڕاستیدا كۆنترۆڵی ماڵەوەش لەدەستیاندابوو، ژن لەهەر چینێكدا ئیختیاری ماڵی خێزانەكەی لەبەردەستدابووە، هەروەها ئەركە بچووكەكانیش لەژێر دەستی ژناندابوو، دەشێ ئەم مەسەلەیە ئەنجامی بونیادی كۆمەڵایەتی تایلەندبووبێت لەو زەمەنەدا، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا پیاوانیان بۆ خزمەتی شاو سەربازیی دەبرد، ئیدی ژنان بۆ ماوەیەك بێ پیاوو ئیختیاراتەكانی دەمانەوە، بەتایبەت مەسەلە ماڵییەكان كە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانو خێزان پێویست بوو، بەناچاریی دەخرایە ئەستۆی ژنانەوە.

هەتا ئێستاش ئەم رەوتە بەردەوامە، بەڵام پرسیاری سەرەكی ئەوەیە: ئەگەر ژنان پێگەیەكی وا گرنگیان لەبەرهەمهێنانوئابووریدا هەبوو، ئیدی بۆچی لەبەرامبەر پیاواندا بەمجۆرە بەگوێڕایەڵو خزمەتكار ماونەتەوە؟ بۆچی ژنانی بەتوانا ئاوا مۆڵەتیان بەپیاوانداوە تاكو رەفتارێكی

وایان لەگەڵدا بنوێنن کە وەکو بڵێیت شتێکی بێ نرخ زیاتر نین و دەتوانن لەڕووی هەوەسەوە بیانکڕن و بیانفرۆشن؟

بۆچی ژنان ڕێگەیان بەپیاوان دەدا تاکو لەناو خێزاندا هەر ئەوان بڕیاردەربن؟

ئەمە مەتەڵێکی زۆر ئاڵۆزە.

ئەم لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا ئەنجامدراون، وا نیشان دەدەن کە ئەم پێگەیەی پیاوان لەبنەماڵە هەڵکەوتووە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێکهاتووەو لەو ئاستەی کۆمەڵگەدا بێگاری بۆ حکومەت نەبووەو پیاوانی ئەو چینە لەخزمەتی ناچاریی و بەزۆر بەدوربوون، سەروەت و سامان لەڕێی توانا و دەسەڵاتی سیاسی و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست دەهات، ئیدی سەروەت و توانا و دەسەڵات لەدەستی خانەدان و دەوڵەمەندەکاندابوو ئەوانەی پەیوەندییان بەم چینەوە هەبوو، دەبوونە خاوەنی ئاوا ئیمتیازێك و لەم چینەدابوو کە کلتورو فۆلکلۆری هیندی لەقۆناغی یەکەمداو کلتوری چینی لەقۆناغی دووەمدا زیاتر لەچینەکانی تر توانا و دەسەڵاتیان پەیداکرد.

لەم چینەدا ژنان تاڕادەیەکی زۆر پشتیان بەپیاوان بەستبوو، لەبەرئەوەی ژنان لەم چینەدا دەیانتوانی ببنە خاوەنی ژیانێکی پڕ لەجوانیی و خۆشگوزەرانیی، ژنان لەپێناو گەیشتن بەم نیعمەتە گەورەیە ململانێ و کێبەرکێیەکی توندیان لەنێوان یەکدا دەکرد و هەرکامیان بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی سوودوەرگرتن لەژیانی وادا فیداکاریی و لەخۆبوردوییان دەنواند، ئیدی ئەو ژنانە کە شێتی ئەو ئیمتیازانە بوون لەڕووی ناچارییەوە گوێڕایەڵبوون، بەرەبەرە کە دەسەڵاتی ئەم چینە پەرەی پەیداکرد و خوورەوشتەکانیشیان لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبۆوە بەمشێوەیەبوو کە ئەو یەکسانییە لەناوچوو کە پێشتر لەنێوان ژن و پیاودا هەبوو، لەوە

دەچــوو لەسەرتاســەری باشــووری خۆرهــەلاتی ئاســیادابڵاوبووبێت، بێکاربوونی پیاوان بەرئەنجامێکی تری بەدواوە هەبوو، برایان و کوڕان و باوکان بەناچاری ماڵ و وڵاتیان بەجێدەهێشت و دایکان و ژنان و کچان و خوشکان لەچاوەڕوانیداو (نیگەران و بێتاقەت) دەمانەوە، لەبەرئەوەی بۆ هەندێ لەو پیاوانە هاتنەوەیەك لەئارادا نەبوو، نەخۆشیی، کارەساتی ئۆتۆمبیل، شەڕو مەترسییەکی زۆری تر لەئارادا هەبوو، بەم بۆنەیەوەبوو کە وردەوردە رەگەزی نێرینە کەوتە ژێر سێبەری سۆزو هەست و سەرنجی زۆرەوەو هەر لەمناڵییەوە بایەخێکی زیاتریان بەکوڕان دەدا، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە پیاوان نازپێدراوبن و ژمارەی داواکارییەکانیان زیاتر بێت پاش جێگیربوونی ئەو یاسا و نەریتانەی جیاوازیی رەگەزیی کە دژ بەژنانی تایلەند دەکراو دابەزینی پێگەو شوێنی ژن تاکو سنوری (کۆیلە)، لەدوو سەدە بەرەو ئەم لاوە، دۆخی ژنان لەگشت سەردەمەکانی مێژووی رابردوو خراپتربووە، لەساڵی (١٨٠٤)داو لەسەردەمی پاشای رامای یەکەمدا (١٧٨٢-١٨٠٩) یاساکانی جیاوازیی نێوان ژن و پیاو کە داڕێژرابوون، قایمترو توندتربوونەوەو ژنان بەپێی ئەمجۆرە یاسا و دەستورانە کران بەسێ دەستەوە:-

١-گروپی یەکەم: (ماکلانگ موانگ، Meak Lang Muang) واتە ئەو ژنەی کە لەڕێی رەزامەندیی دایك و باوکییەوە کراوە بەژنی پیاوێك.

٢-(ماکلانگ تاسی، Meak Lang Tasi) واتە ئەو ژنانەی پیاو کڕیونی و لەو رێیەوە بووە بەژنی.

٣-(ماکلانگ نورك، Meak Lang Nork) ئەو ژنەی کە بەخواست و داوای پیاو بووە بەژنی.

یاساکان لەم سەردەمەدا بەتەواوی بەزۆر دادەڕێژدران و زبرو توندوبوون و هیچ بەهایەك بۆ مرۆڤەکان و مافەکانیان لەبەرچاو نەدەگیرا.

سەدساڵ بەر لەسەردەمی پاشایی ئەم پاشایە- واتە رامای چوارەم (١٨٥١- ١٨٦٥) پیاوانی لەفرۆشتنی ژنان و دایك و باوكانی لەناچاركردنی بەزۆری كچان بۆ شووكردن بێبەشكرد، جێگرەكەی واتە پاشای رامای پێنجەم (١٨٦٨-١٩١٠) یاسای كۆیلەداریی هەڵوەشاندەوەو ئازادی و ئیختیاراتێكی زیاتری بەژنان بەخشی بۆ بڕیاردان، كوڕی ئەم پاشایە، رامای شەشەم (١٩١٠-١٩٢٥) خوێندنی بۆ گشت تایلەندییەكان و ژنان و كچان بەكارێكی ناچاری داناو پیاوانی بەرپرس كرد كە هەر ژنێك بێنن، بەڵام ئەم یاسایە كردارو بایەخی پێنەدەدراو لەهەندێ شوێندا نەریت و یاساكانی پێشوو بەكاردەهێنرا.

حكومەتی تایلەند لەساڵی ١٩٣٢دا بوو بەحكومەتێكی یاسایی پاشایی كە بەپێی یاساو دەستورو پەرلەمان دامەزراو پاش ئەم گۆڕانكارییانە مافی دەنگدان بەژنانیش دراو فرەژنی بوو بەكارێكی نایاسایی و راگەیەندراو، هەروەها پاش شەڕی دووەمی جیهانیی، تایلەند بایەخی بەدنیای دەرەوە بەتایبەت وڵاتە پێشكەوتووەكان-دا، تایلەند لەساڵی ١٩٤٨دا دەنگی بە(بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)دا، لەساڵی ١٩٨٥دا بوو بەئەندام لە(پەیمانی چارەسەركردنی هەر جۆرە جیاوازییەك دژ بەژنان)، بەڵام هەندێ خاڵی لەرێككەوتنەكەدا هێنائاراوە كە بەپێی ئەو خاڵانەبوو تایلەند لەهەندێ بابەت و مەسەلەداو بەكارهێنانیان بێبەشكرا:

١-دامەزراندنی ژنان لەكارگێڕیی و پۆستە جۆراوجۆرە دەوڵەتییەكاندا.

٢-لەزەمینەی خوێندن بەتایبەت خوێندنی باڵا.

٣-مافی یەكسانیی ژن و پیاو سەبارەت بەپاشكۆیەتی منداڵەكانیان.

٤-ئیمتیازو دۆخی یەكسان سەبارەت بەدامەزراندنی كاركردن.

٥-لابردنی سنورەکان بۆ ژنان لەکاروباری پەیوەست بەبەستنی گرێبەستەکان.

٦-مافی یەکسان لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیدا.

٧-سپاردنی ئەو جیاوازییەی کە لەجێبەجێکردنی نادروستی پەیمانەوە پەیدادەبێت، بۆ دادگا عەدالەتی نێودەوڵەتییەکان.

بەسەرنجدانی ئەو خاڵانەی لای سەرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە بەرپرسانی وڵاتی تایلەند لەقبوڵکردنی تەواوی پەیمانەکانی پەیوەست بەمەسەلەی چارەسەرکردن و لابردنی جیاوازی دژ بەژنان ترس و گومانیان هەبووە.

ژن لەوڵاتی تایلەنددا گیرۆدەی گرفتی زۆر گرنگە کە ڕەهەندی فراوانی هەیەو سەرەکیترینیان لەبواری مەسەلە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکاندایە، گرفتە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکان بریتییە لەسنوورو کۆت و پەیوەندە خێزانیی، ئایینیەکان و ئەو مەسەلانەی پەیوەستە بەکاری سێکسییەوە.

ڕۆڵی ژن وەکو ماڵدار لەگشت کۆمەڵگەکاندا جێگیر بووەو وڵاتی تایلەندیش لەم ناوە ئاوارتەنییە، لەڕابردوودا هەڵبژاردنی هاوسەر لەڕێی کەسێکی سێیەم و کەسانی ترەوە ئەنجامدەدراو مافی هەڵبژاردنی هاوسەر لەژن وەردەگیرا، هەرچەندە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی لەم زەمینەدا هاتەئاراوە، بەڵام هێشتا هەندێ بنەما ڕەچاودەکرێت کە نیشانەی باشتری داوای پیاوانە.

پیاو ناوی خێزانی خۆی هەڵدەگرێت، بەڵام ژن پێویستە ناوی مێردەکەی هەڵبژێرێت و لەناوی خێزانی خۆی جیابێتەوەو خزمەتکاریی و پەیڕەویکردنی ژن لەهاوسەرەکەی بەباشترین سیفەتەکان دەژمێردێت و هەر ژنێك پەیڕەوی لەم نەریتانە نەکات بەسەرکەش و نەترس لەقەڵەمدەردێت.

لەلایەکی ترەوە رۆڵی ژنی ماڵدار لەماڵەوەو لەکۆمەڵگەدا لەڕووی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە بەکەم دەزانرێت، ئەو ئامارانەی بەدەست هاتووە وا نیشاندەدات کە کۆمەڵگە ژنی ماڵدار بەبەشێك لەهێزی کار نازانێتو بەشی ئەو ژنانە لەبەشداریکردنی کۆمەڵایەتیدا پشتگوێ دەخرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە رۆڵی ژنی ماڵدار لەکۆمەڵگەدا گرنگییەکی زۆری هەیەو بەشی ژنی ماڵداری دێهاتی زۆر زیاترە لەبەرئەوەی هەم ماڵەوە بەڕێوەدەباتو هەم کێڵگەو هەم کاتێکی زیاتر بۆ کارکردن تەرخان دەکات.

ژن لەکۆمەڵگەی شاریدا ناچارە کارێکی هەبێت لەدەرەوەی ماڵەوەو ئەم مەسەلەیە ئاستی سەرکەوتنی خێزان لاواز دەکات، ژنان لەلایەنی ئایینیشەوە دوچاری هەندێ بۆ بەشبوونی جۆراوجۆرن جگە لەوەی ژن پێویستە ناوی مێردەکەی بۆ خۆی هەڵبژێرێت، ژنان بەتەواوی لەبوون بەڕاهیبە بێبەشن، ئەمە لەحاڵێکدایە کە بەڕاهیب بوون بۆ کوڕان زۆر جێی شانازیو رێزە، لەوڵاتی تایلەندا ژنی راهیبە بوونی نییەو ئەگەر ژنێك بیەوێت ببێتە راهیب، ئەوە پێویستە خێزانو وڵاتەکەی بەجێبهێڵێتو بچێت بۆ (تبت)و لەوێ ببێتە راهیبە، لەوڵاتی تایلەندا جۆرێك لەراهیبە بوون هەیە کە پێگەیەکی نزمی هەیەو ئەو راهیبە پێویستە وەکو خزمەتکاری راهیبە پیاوەکان کار بکات.

ئایینی ئیسلامیش کە لەباشووری تایلەندا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، بەرامبەر بەژن کەم لوتفە، لەم وڵاتەدا مەلای ژن بوونی نییەو ژن لەئایینا تەنها رۆڵی پەرستیارییەو هیچ پێگەو شوێنێکی لەکاروباری ئاییندا پێنابەخشرێت.

نەریتی بایەخدان بەژن وەکو کاڵایەك رۆژبەڕۆژ زیاتربۆوە ژمارەی- ژنە سۆزانییەکان لەوڵاتی تایلەندا لەنێوان چوارسەد هەزار تاکو یەك

ملیۆن کەس دیاریکراوە کە هەڵبەت ژمارەی راستی ئەم ژنانە زۆر زیاترە، لەوە دەچێت هۆکاری سەرەکیی مەیلی ژنان بۆ ئەم کارە دەستکورتیی و هەژاریی بێت، زۆربەی ژنە سوزانییەکان باری خەرجیی گوزەرانی ژیانی خێزانەکانیان لەگوندەکاندا دابین دەکەن، نەخوێندەوارییش لەبڵاوبوونەوەی کاری لەشفرۆشیدا رۆڵێکی گرنگی هەیە، جگەلەمانەش کاری لەشفرۆشیی بەکارێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت و زۆرکەس سوودی لێدەبینن و کەسانێکی دەسەڵاتدار لەبەرپرسانی دەڵەوت لەپشتی ئەم مەسەلەیەوەن.

پاش ئەو بابەتە گشتیانەی کە سەبارەت بەپێگەو شوێنی ژن و پیاو ئیختیارو سنوورو گرفت و رۆڵیان لەناو خێزاندا لەدرێژەی سەردەمە کۆنەکانی مێژووی تایلەندا شیکرایەوە، ئێستا پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە بدرێت کە بونیادی خێزان لەوڵاتی تایلەندا بەشێوەیەکی تەواو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەی لەدرێژەی مێژوودا شێوەی پەیدا کردووە، هەڵبەت نابێ ئەو خاڵەش لەیاد بکەین کە رەوتی گەشەسەندنی ژیار لەسەدەی بیستەمدا هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەبونیادی کۆمەڵگە نەریتییەکان و رێنماییکردنیان بەرەو ژیانی شارستانییەت و پیشەییدا کە ئەو کاریگەرییەی لەگەشەسەندنی ژیارو بڵاوبوونەوەو فراوانتربوونی باری پیشەیی لەکۆمەڵگە گرنگەکاندایە رۆڵێکی سەرەکیی هەیە لەرەوتی گەشەسەندنی خێزان و بونیادو تایبەتمەندییەکانیدا.

کۆمەڵگەی ئەمڕۆی وڵاتی تایلەند کۆمەڵگەیەکی فرە کلتورییە، فاکتەرە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی تایلەند بریتییە لە: خەڵکە رەسەنەکەی تایلەند، چینییەکان، هیندییەکان، موسڵمانانی مالایایی و گروپە عەشیرەتییەکانی باکوری وڵات.

لێکۆڵەران، تایلەندییەکانیان لەلایەنی خوێندنەوەی جیاوازیی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانەوە کردووە بەسێ گروپەوە، هەریەك لەم گروپانە لەناوچەیەك لەم نیشتمانەدا نیشتەجێن و خەڵکی هەریەك لەم ناوچانە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتین کە تایبەتن بەناوچەی خۆیانەوە، ئەم سێ ناوچەیە بریتییە لە:-

١-ناوچەی باکوری خۆرهەڵات.

٢-ناوچەی مەرکەزیی.

٣-ناوچەی باشووریی.

لەناوچەی باکوری خۆرهەڵاتدا، کە زۆرینەی گروپە عەشیرەتییەکانی تێدا نیشتەجێن، خێزان بەزۆریی دایکسالارین یان لەپێناو دایك و نەوەی دایکان، کچ سەروەت و ماڵی خێزان بۆ خۆی دەبات وەکو میرات و دەسەڵات لەخێزاندا بەزاوا دەدرێت و پەیوەندییەکی خوێنی گرنگ لەنێوان دایك وکچدا هەیە، نەك کوڕوباوك، لەناوچەی باکووری خۆرهەڵاتی تایلەندا مێرد دەچێتە ماڵی باوکی ژنەکەی و لەوێ نیشتەجێدەبێت و دەبێتە ئەندامێك لەخێزانی دایك و لەئەنجامدا دەبێتە جێگری باوکی ژنەکەی، واتە بەڕێوەبەرێتی خێزانی بووك دەدرێت بەزاوا.

لەناوچە مەرکەزی و باشوورییەکانی تایلەندا، زۆرینەی خێزانەکان دایکسالارییان تێدایە، بەڵام لەولاتە دەولەمەندەکاندا، مەیلێك بۆ باوکسالاریی دەبینرێت، لەم ناوچانەدا بەشێوەیەکی باو، مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بۆ ماوەیەك لەماڵی ژنەکەدا دەژین و پاشان بەیارمەتی خێزانی ژنەکە، ژیانێکی سەربەخۆ لەناوچەی ژیانی بنەماڵەی ژندا، یان لەسەر زەوییەك کە باوکی ژنەکە پێیان دەبەخشێت، پێکدەهێنن، بچووکترین کچی خێزانەکە و مێردەکەی لەماڵی باوکی کچەکە دەمێننەوە و دەبنە میراتگری بەشێکی سەرەکیی لەماڵ و سەروەتی باوکەکە، بەڵام ژنەکە هەر ناوی

مێردەکەی هەڵدەگرێت، تەنانەت ئەوکاتەش کە لەماڵی باوکیدا دەژی، لەوڵاتی تایلەندا ژمارەی ژنانی پلەدوو یان کاتی زۆرن، لەم وڵاتەدا پیاو دەتوانێ ژنی کاتیی هەبێتو هاوکات ژنی رەسمیی خۆی هەڵگرێتەوە، لەوڵاتی تایلەندا مەیل بۆ پێکهێنانی بنەماڵەی بچووکتر دەبینرێت، بەڵام بەزەحمەت دەتوانرێت بوترێت کە مەیلی بونیادنانی خێزان بەرەو خێزانی فراوان یان بنەڕەتییە، لەوە دەچێت کە شارنشینیو پێشکەوتنی باری پیشەیی کاریگەرییەکی نەگەتیڤی نەبێت لەسەر خێزانی بنەڕەتی، هەرچەند کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕینی بنەماڵە دێهاتییەکاندا هەبووە، لەبەرئەوەی پیاوانو ژنانی لاوی ناچار کردووە بەگواستنەوەیان لەگوندەکانەوە بەرەو شارەکان.

لەبنەماڵە تایلەندییەکاندا، پەیوەندیی خێزان دوو لایەنەیە، واتە پەیوەندیی هەم لەگەڵ خێزانو خزموکەسی پیاودا هەیە هەم لەگەڵ خێزانو خزموکەسی ژندا، بەڵام ژیان لەگەڵ بنەماڵەی ژندا لەلایان باشترە، بەڵام لەچینە بەرزەکاندا، لەهەموو بوارەکاندا دەسەڵاتو مافی پیاو زیاترە.

هەروەها بایەخدان بەمەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات بواری ئیختیارو بەرپرسێتی پیاوو ژن بەشێوەیەك کە پیاو لەدەرەوەی ماڵەوەو ژن رووبەڕووی گرفتەکانی ماڵەوە ببێتەوە، لەچینە کۆمەڵایەتییە زۆر بەرزو خۆشگوزەرانەکانی کۆمەڵگەی تایلەندا زیاتر دەبینرێت.

مەراسیمی سوونەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەوڵاتی تایلەندا

هەرچەند لەم چەند دەیەیەی دواییدا بەتایبەت لەکاتی دەستپێکردنی شەڕی ئەمەریکا دژ بەڤێتنام، کلتوری خۆرئاواش هێرشی دژ بەخەڵکی ناوچەکە دەستپێکردو لەماوەیەکی کورتدا رواڵەتی کلتوری خۆرئاوا بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی نواندو کاریگەرییەکی ئەوتۆی

بەتایبەتی بەسەر نەوەی لاوان و شارنشینەکانەوە داناو(وەکو دەڵێن) ئەوانی بەرەو نوێخوازیی و شارستانیەت برد، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە هێشتا پابەندی نەریتەکانی باوباپیرو کلتوری خۆرهەڵاتی خۆیانن، هەندێ لەنووسەران باوەڕیان وایە کە جگە لەژمارەیەکی خەڵکی دەوڵەمەندو خۆشگوزەران کە لەمەسەلە خێزانییەکاندا بەتایبەت پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی و تەڵاق کە پەیڕەوی کلتوری بێ قەیدو سنووری خۆرئاوان، ئەوانی دی پەیڕەوی لەنەریتە کۆنەکان دەکەن، لەوێوە کە خەڵکی ئەم وڵاتە پەیوەستن بەعەشیرەتە جۆراوجۆرەکانی وەکو (شام، کایو، مون، خمر، ئاخا، میو (هومونگ)، کارن، لاهو، لیسومین، مالایوو) ئیدی خاوەنی داب و نەریتی جۆراوجۆرن، بەڵام دەوڵەتی مەرکەزیی لەدوو تاکو سێ سەدەی کۆتاییدا هەوڵیداوە بەمەبەستی بەرگرتن لەناکۆکییە عەشیرەتییەکان و پێکهێنانی یەکگرتنی نەتەوەیی، گشت خەڵکی ئەم وڵاتە یەك دەست و یەکگرتوو بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لەم عەشیرەتانە شانەی عەشیرەتی خۆیان پاراستووە و ژیانیان لەسەر هەمان بنەمایە، بۆ نموونە عەشیرەتە شاخ نشینەکانی خۆرهەڵاتی تایلەند کە ژمارەیان لەنیو ملیۆن کەس زیاترە، هێشتا پەیڕەوی ئایینی (رۆح پەرستن) و داب و نەریتی باووباپیری خۆیانن.

ئەم نووسینە هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەو راڤەکردنی مەراسیمی سوورنەتی نێوان عەشیرەتی تایی (ئەمڕۆژی)یە کە زۆرینەی ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێکدەهێنێت.

(می روان) Miruoan پێناسەیەکی ئاشنایە بۆ هەر ژن و پیاوێکی تایی، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە هێشتا نەچوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوەو هیوا دەخوازن تاکو بەم وشەیە بانگ بکرێن، (می روان) بەواتای (خاوەنی ماڵ) (وەك چۆن لای خۆمان دەڵێن "کەیبانوو")، بەڵام

تایی-یەکان ئەم وشەیە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنن کە چوونەتە ژیانی هاوسەرێتیو خاوەنی خانووی تایبەتن، کامبوجییەکان، لایوسییەکانو برمەییەکانیش بەو کەسانەی کە ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن، دەڵێن: بوونەتە خاوەنی خانوو (یان بووە بە"کە یبانوو")کە ئەمە خۆی نیشاندەری قووڵایی بەشدارییە رۆشنبیرییەکانی خەڵکی ناوچەی هیندو چینە، بەتایبەت خەڵکی بۆرمە، تایلەند، لایۆسو کامبوج.

تایی-یەکان باوەڕیان وابوو کە مەراسیمی ژنهێنان پێویستە لەماڵی زاوادا رێکبخرێتو دەبێ ئەو ماڵە لەلای ماڵە باوکی بووکەوەبێت، لەبەرئەوەی بردنی بووك بۆ ماڵی زاوا بەسوکایەتییەك دەژمێردرا کە بەرامبەر ماڵی بووك دەکرێت، هەرچەندە ئەم نەریتە بەهۆی هاتنی کلتووری بیانییەوە کەمبۆتەوەو لاوانی شارنشین ناتوانن بیپارێزن، بەڵام خەڵکی گوندەکان کە زۆرینەی خەڵکی دانیشتوانی وڵاتی تایلەند پێکدەهێنن، هێشتا پەیڕەوی لێ دەکەن.

لەکلتووری تایی‌دا، دروستکردنی خانوو لەدراوسێی ماڵی باوکی بووكو واتای یەکگرتنو پەیوەندیی دۆستایەتییە لەگەڵ بنەماڵەی بووکدا، زاوا لەزۆربەی بابەتەکاندا بۆ سەرنجڕاکێشانی باوکی بووکی ئایندە، وردەوردە لەگەڵیاندا نزیکبۆوەو بەئارەزووی خۆی ئەو شوێنەی بۆ ژیانی خۆی هەڵبژاردووە. ئەم نەریتە هێشتا لەناوچەی باکووری خۆرهەڵاتو باشووری تایلەنداو بەتایبەت لەنێوان جوتیاراندا باوە.

ئەو چینی-یانەی لەوڵاتی تایلەندا نیشتەجێن بڕوایان وایە کە ئەو خێزانانەی کوڕیان نییە، بەدبەختو هەژارن، لەکاتێکدا کە لەنێوان تاییەکاندا بەپێچەوانەیەو ئەو بنەماڵانەی خاوەنی کچی جوان بوون دەیانتوانی پیاوانی زیرەكو بەتوانا بەبێگاریی بگرن، لەڕاستیدا ئەوان نەك هەر بەدبەخت نەبوون، بەڵکو بەبەختەوەرترین خەڵك دەژمێردران، هەر بەو

شێوەیەی کە باسکرا لەڕابردوودا وا باوبووە کە دایکان وباوکان دەیانتوانی وا مەرج بکەن کە زاوا بەر لەژنهێنان چەند ساڵێك بەخۆڕایی کاریان بۆ بکات و ئیدی ئەو کەسانەی ژمارەی کچەکانیان زیاتر بوایە دەیانتوانی سوودێکی زیاتر لەهێزی کارکردن وەربگرن ئەوان ناوی زاواکانی ئایندەی خۆیان نابوو: چاوباو (chaoboo) واتە کۆیلە یان خزمەتکار. ئیدی دەبوایە لاوان لەخێزانی خۆیان جیا بوونایەتەوە لەلای خێزانی هاوسەری ئایندەیان ژیانیان بەسەر بردایە. هەر بەو شێوەیەی باسی لەسەر کرا، رۆیشتنی کچ بۆ ماڵی زاوا بەکارێکی نەنگ و سووك دەژمێردراو هەر باوکێك کچەکەی بۆ ماڵی زاوا (باوکی زاوا) دەنارد، بەسووك سەیر دەکرا، بەسەرنجدانی ئەم نەریتە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە سیامییەکان نەژادی خۆیان لەلایەنی دایکەوە بۆ دەمایەوە یان لەلایەنی باوکەوە؟

بەپێی ئەو نەریتەی زاڵبوو بەسەر کۆمەڵگەداو ئەوەی کە خەڵکی هیندو چین بەتایبەت خەڵکی عەشیرەتی مون خمر و مالاییەکان کە بەنەژادی سەرەکیی سیامییەکان دەژمێردرێن و نەژاد لەلایەنی دایکەوە بۆیان دەمێنێتەوە، دەتوانرێت لافی ئەوە لێبدرێت کە سیامییەکانیش نەژادیان لەلایەنی دایکەوە پێدەگات.

بەمەبەستی درککردنی تەواوی وشەی (می‌روان) وا باشترە کە هەندێ شت سەبارەت بەژیانی نەوەکانی رابردووی ئەم خەڵکە بخەینەڕوو.

لەبەرئەوەی لەڕابردوودا قوتابخانەی مۆدێرن بەشێوازی ئەمڕۆ بوونی نەبوو، خەڵك ناچاربوون بۆ خوێندنی زانست و هونەر پەنا بەرنە بەر پەرستگا بوداییەکان و مانکەکان.

بۆیە منداڵەکانیان بۆ خزمەتی زانا ئایینیەکانی پەرستگاکان دەنارد، ئەو منداڵانەی لەو پەرستگایانەدا، فێری دەستورەکانی ئایینی بودایزم دەبوون کە بۆ جەستەو رۆح بەسوودەو پاشان درێژەیان بەپیشەو کاری

باوكیـــان دەدا، ئـــەوان جـــارێكی دی بـــەر لەتەمـــەنی (٢٠) ســـاڵی‌و بـــەر لەپێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتی دەبوایە بۆ سێ مانگ جلی راهیبی بپۆشن‌و بۆ ماوەی سێ مانگ سواڵكەر ئاسا بژین.

هەڵبـەت هـەندێك لەوانـە بـۆ رەزامـەندیی دایك‌وباوكیـان لـەوێ دەمانەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی دایك‌وباوكە بوداییەكان حەزدەكەن یەكێك لە كورەكانیـان ببـێ بـەمانك یـان راهیـب. ئـەوان بـوون بـەمانكی منداڵەكـەیان بەئەركی ئایینی خۆیان دەزانن‌و باوەڕیان وایە كە بەم شێوەیە دەرگاكانی بەهەشتیان لـێدەكرێتەوە. ئەوان دۆزەخ بەشوێنی ئەو كەسانە دەزانن كـە نەیانتوانیووە مانكێك پێشكەشی كۆمەڵگەكەیان بكەن.

ئەو كەسانەی كە منداڵیان نەبوو دەبوایە یارمەتی ئەو منداڵە هـەژارو فەقیرانە بدەن كە دەیانویست ببنە (مانك).

لەمەرجـەكانی بـوون بـەمانك، ئـازادبوون‌و قـەرزدار نەبوونـە، ئـەو پیاوانەی ئەو خولەیان دەبینی پێیـاندەوترا (كـون سـوك، Khunsuk) یـان پیاوانی تەواو، ئەو كەسانەی كە لەبەر هەر هۆكارێك نەیاندەتوانی ئەو خولە بگوزەرێنن پێیاندەوترا (كـون دیـپ، Khundip) یان پیاوانی نابالق. ئەو كەسـانە ئـەو شـتانەی كـە فـێری ببـوون بەكەسـانی تریـان دەوت‌و پـەندو ئامۆژگارییـەكانی بودایـان بـیری خـەڵكی دەخسـتەوەو بـەم شـێوەیە بـۆ پـەیوەندیی هاوسـەرێتی گونجاوتر دەهاتنـە بـەرچاو، كچـانیش خوازیـاری شووكردن بوون لەگەڵ ئەو پیاوانەی كە ئەو خولەیان تێپـەڕاندبوو، زۆرجار ئەو خوازبێنیكەرانـەی كـە پێگـەی (كـون سـوكی)یـان بەدەسـت نـەهێنابوو، وەڵامی رەقیان دەدرایەوە. پیاوان دەبوایە یەكسەر پاش تەواوكردنی خولی سێ مانگی (رەهبانییە) ژنیان بهێنایـەو دواكـەوتن لەژنهێنان دەبووە هـۆی بڵاوبوونەوەی هەندێ پروپاگەندە لەكۆمەڵگادا لەسەرئەوەی كە ئەو پیاوە، پیاوێكی ناڕێك‌و ناشایستەیەو كچان شوویان بەو پیاوانە نەدەكرد. ئـەو

پیاوانەی بۆ ماوەیەکی دووردودرێژ بەبێ هاوسەردەمانەوە پێیاندەوترا: (کون خانگKunkhang >) واتە پیاوانی کەموکورتو ئەمە ناشیرینترین سیفەت بوو بۆ پیاوێکی تایی. تاییەکان بەژنانی هاوسەرداریان دەوت: (پنگ پانگ، Phen phang) یان (پن پا، penpa) بەواتای (بەربەست) یان (دیوار). هەڵبەت نازناوی وەکو خانوو، شوێنی ژیانو.. پێیان دەبەخشرا، تاییەکان ژنانی مێردداریان بەژنانی تەواو دەزانی کە چوونەتە ژێر سێبەری پشتگیریی پیاوەوە پارێزراوان. هەر بەو شێوەیەی کە باسمانکرد، پیاوانی گەنج پاش هەڵبژاردنی هاوسەرو جێبەجێکردنی پێشەکیی خوازبێنی دەبوایە خانوویەکیان لەلای ماڵی باوکی بووکەوە ئامادە بکردایە بۆ بەجێهێنانی مەراسیمی ژنهێنان. هەرچەند ئەمڕۆ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ژیانی شارنشینیو گۆڕانکاری لەتانوپۆی کۆمەڵایەتیدا، بنەماڵە مامناوەندیو هەژارەکان ناتوانن ئەو نەریتە بەجێبهێنن، بەڵام بنەماڵە گەورە نەریتیو لادێییەکان بەپێی نەریتی کۆنی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن، سەرەڕای ئەمەش پێویستە ئاماژە بەو مەسەلەیە بدەین کە کۆمەڵە خانووی نیشتەجێکردنیش گرفتی بنەماڵە مامناوەندییەکانی تارادەیەك چارەسەرکردووە. تاییەکان باوەڕیان وایە کە پێویستە خانوو بەپێی پێویستی دروست بکرێت.

ئەو خانووەی کە بۆ ڕێکخستنی مەراسیمی ژنهێنانو ژیانی بووكوزاوا هەڵدەبژێردرێت، جیاوازیی لەگەڵ خانووەکانی دیدا هەیە. زاوا بەرپرسە کە ناو خانووەکە بەشێوەیەك دروستبکات تاکو بنەماڵەی بووك بتوانێ کەلوپەلو پێداویستییەکان (جیازی) بووك بەئارەزووی بووكو بنەماڵەکەی ڕێکبخرێت.

بنەماڵەی بووكوزاوا پاش ئامادەبوونی خانوو کەلوپەلی ژیان، بۆ دەستنیشانکردنی کاتی مەراسیمی ژنهێنان دەچن بۆ لای ئەستێرەناسێك

یان (مانك) یان ئەو کەسەی کە ئاشنایی لەگەڵ ڕۆژژمێری مانگی(تەقویمی قەمەری)دا هەبێت.

جێی ئاماژەپێکردنە کە تایبەکان، ڕۆژومانگو ساڵەکان دەکەن بەدوو گرووپی (شووم)و (مژدەبەخش)ەوە. مانگە تاکەکان جگە لەمانگی نۆیەم بەشووم دەزانن و مانگە جووتەکان بەمژدەبەخش دەزانن.

بۆنەو مەراسیمی ژنهێنان دەبێ لەڕۆژومانگی جووت واتە مژدەبەخشدا ڕێکبخرێت. ئەو تاییانەی باوەڕیان بەبودیزمە تەنانەت خوێندەوارو هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵگە ناچارن دابونەریتی سوونەتی بەجێبهێنن، مەگەر ئەوەی کە بووكوزاوا بەدوور لەبنەماڵەی خۆیان بچنە ژیانی هاوسەرێتییەوە. پاش دیاریکردنی ژنهێنان، قۆناغی جوانکردنی ژووری نووستن و ڕێك و پێککردنی پێخەف دەستپێدەکات کە لەدرێژەی مەراسیمێکی تایبەتدا ئەنجام دەدرێت. لەم وڵاتەدا بەتایبەت لەناوچەی مەرکەزیدا وا باوە کە بنەماڵەی بووك بۆ بەجێهێنانی مەراسیمی ئامادەکردنی ژووری نووستن و پێخەفی بووكوزاوا کە شەوێك بەر لەمەراسیمی مارەبڕینە بانگی ژن و مێردێکی بەتەمەن دەکەن، ئەو ژن و مێردە دەبێ بەپێی ئایین و یاسا پێکەوە بن و ژیانێکی بەختەوەریان هەبێت و خاوەن منداڵ و سەروەت و سامان و تەندروستی بن. دیاریکردنی کاتی تەواو کە شەوێك بەر لەڕۆژی مارەبڕینە، ئەرکی ئەستێرەناسە. ئەگەر کەشناس ئەوکاتەی لەسەعات ۹،۳۰ تا ۱۱،۱۰ دیاریکردبێت، پێویستە ئەو مەراسیمە لە هەمانکاتدا ڕێکبخرێت.

ژن و مێردە بەتەمەنەکە لەکاتی خۆیدا دەچنە ژووری نووستنی بووكوزاواوە. بنەماڵەی بووك پێشتر کەلوپەل و پێداویستی وەکو دۆشەك و پێخەف و پەردە کوللەو سەرینیان خستۆتە سەر سیسەمی بووكوزاوا و هەندێ شتی تریش لەلای سیسەمەکەوە دادەنێن. وەکو:

سینییەك كە سێ پاكەت برنج، كونجی، نۆكی لەسەرە، جانتایەكی پڕ لەلیرەو قاپێك میوە، سەوزە، كوولەكە، كوپێك پاودەری ئارایشتكردن، بەردی خڕ وەكو ئاسیاوی دەستیو قاپێك ئاوی باران لەهەندێ جاردا پشیلەیەكی نێرو پەیكەری بودا، بۆ ئەوەی نەهێڵن پشیلەكە رابكات، دەرگای ژوورەكان دادەخەن.

ژنومێردە بەتەمەنەكە سەرەتا سەر جێگای نووستنەكە رێكۆپێك دەكەنو بۆ ئەم كارە سەرینەكان لادەبەن. باوەڕیان وایە كە سەرین زیادەیە، پاش ئامادەكردنی سەر جێگای نووستنەكە لەبەرامبەر پەیكەری بودادا سەر دادەنەوێننو هەندێ شت دەڵێن. ئەگەر پەیكەری بودا لەوێ نەبێت، یەكێكیان لەسەر جێگاكە دادەنیشێتو شیعرێك دەڵێت: (چ پێخەفێكی نەرموجوانە، هەركەسێك لەسەری بنوێت بەختەوەرو خۆشحاڵدەبێت)، ئەویتر لەوەلامدا دەڵێت (بەڵێ راستە پێخەفێكی نەرمو ساردە، ئەوكەسانەی لەسەری دەخەون دەوڵەمەند دەبنو منالی زۆریان دەبێت، پاشان بۆ ساتێك گلۆپەكان دەكووژێننەوەو ژوورەكە تاریك دەكەنو لەسەر جێگاكە پاڵ دەكەون تا نیشانی بدەن كە قسەكانیان راست دەردەچێت.

پاشان جلی نووستنی بووكوزاواكە رێكوپێك دەكەنو بۆ ماوەیەكی كورت پشیلەكە لەسەر جێگاكە دادەنێن. پاش كۆتایی ئەم قۆناغە لەژوورەكە دەچنە دەرەوەو خەڵات لەلایەن بنەماڵەی بووكەوە وەردەگرن. هەندێكیش لەبری پاڵكەوتن لەسەر سیسەمی بووكوزاوا، لەبەرچاوی كەسانی تر پێكەوە گاڵتەوگەپ دەكەنو باوەڕیانوایە كە ئەو كارەیان بەپێی دۆستی، دۆستی هێناوەو بەڕاستی موعجیزە دەهێنێتەدی. لەهەندێ بابەتیشدا پاش رێكخستنی سەر جێگای نووستنی بووكوزاوا، ژنەكە بەبووكوزاواو ئامادەبووان دەڵێت كە وەختێ لەسەر سیسەمەكە خەوتووە، خەونی خۆشی بینیووە.

ئەو بەمێردەکەی دەڵێت: (لەخەونمدا منالێکیان پێدام) مێردەکەی لەوەڵامدا دەڵێت: (منالەکە کوڕبوو یان کچ؟) (جوان بوو یان ناشیرین؟) (ڕەش بوو یان سپی؟) (لەکێ دەچوو؟) ژنەکە منالەکە بەبووکوزاوا دەشوبهێنێت: لەم ساتەدا ئامادەبووان هەلهەلەی شادی دەکێشن. ئەو کەلوپەلانەی لەژووری بووکوزاوایە نابێ تاکو سێ ڕۆژ هەڵبگیرێت. بەڵام بووکوزاوا دەتوانن شەوان قاپی ئاوەکە لەشوێنێکی تردا دابنێن، بەڵام پێویستە بەیانییەکەی بیخەنەوە شوێنی خۆی.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی پێویستە ئەو شتانە لەژووری نووستندا دابنرێن، پێویستە بووترێت کە بەپێی پەندێکی تایی (دەبێ وەکو کوولەکە ساردوقورس بین) لەوڵاتی تایلەندا، خەڵك بەپۆدرەیەکی جوانکاریی لەشی خۆیان بۆن خۆش و فێنك دەکەنەوە. ئەو پۆدرە فێنك کەرەو کوولەکە ساردکەرە دەبێتە هۆی ئارامبوونی دڵوخوێن ساردیو زۆربوونی توانای تەحەمولکردن لەبەرامبەر ڕەنج و ئازارو گیروگرفتەکاندا.

برنج، نۆك، کونجی، ئاو نیشانەی بەپیتیو زاووزێو بەختەوەرییە. بنەماڵەی بووکوزاوا سێ ڕۆژ پاش مەراسیمی مارەبڕین نۆكو کونجییەکە دەنێژن تاکو ئایندەی ژیانی بووکوزاواکە پێشبینی بکەن.

بەختەوەریی بووکوزاوا پەیوەندیی بەشێوەی گەشەسەندنو گەورەبوونی تۆوەکانەوەیە، هەندێکیش ئاو بەنیشانەی تەندروستی دەزانن. لەڕابردوودا نۆكو کونجییەکەیان لەبەرهەمی دەستی خودی بووکوزاواکەوە هەڵدەبژارد، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو کارە بووە بەکاریکی نەشیاوو بووك لەهەر چینوبنەماڵەیەکدابێ پێویستە بەدەستی خۆی پێخەفەکە ئامادەبکات، ئەرکی سەرەکیی دایکان، فێرکردنی هونەری دروومانە بەکچەکانیان.

بەم مەراسیمە دەڵێن: (گەرمکردنەوەی ماڵەوە). ئەم مەراسیمە بۆ خانووی نوێش ئەنجامدەدرێت.ڕۆژی دوایی مەراسیمی مارەبڕینو پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی ئەنجام دەدرێت.

بنەماڵەکانی بووكوزاوا بانگی ژمارەیەك لەمانکەکان دەکەن کە زۆرجار شەش کەسن. (پێویستە ژمارەیان جووت بێت). بۆ ئەوەی مەراسیمی ژنهێنانو خوێندنی هەندێ بابەت لەکتێبی پیرۆزی بوداییەکاندا ئەنجامبدەنو بەمەبەستی زۆرکردنی بەرەکەت بۆ خانووی نوێ ئاو بپرژێننە ناو خانووەکەوە. زۆرجار ئەم مەراسیمە لەکاتی ئاوابوونی خۆرو بەقسەی کەشناس ئەنجامدەدرێت. جێی باسە کە بوداییەکان باوەڕیانوایە کە مانکەکان پێویستە لەگشت مەراسیمی ژنهێنانو کردنەوەو... بەشداریی بکەن، هەندێکیش دەڵێن لەئایینی بوداییدا شتێك بەناوی مەراسیمی ژنهێنان نییەو ئەوشتەی ئەمڕۆ باوە، مەراسیمی چوون بۆ خانووی نوێیەو ئەم مەراسیمە بەبۆنەی دەستپێکردنی ژیانی نوێی بووكوزاواوە لەخانوویەکی نوێدا کە بەدەستی زاوا دروستکراوەو بەدەستی بووك جوانکراوە: بەهەرحاڵ مانکەکان بەپێی پێگەی خۆیان لەشوێنی تایبەتیدا دادەنیشن. لەلای ڕاستیان میحرابێك هەیە کە لەناوەڕاستیەوە پەیکەرێکی بووداو چەند گوڵێكو بڕێك مۆم، عوودی بۆن خۆش دانراوە. یەكودوو کەشکۆڵی مانكو ژمارەیەك قاپی بچووکی پڕ لەئاویش لەبەردەم میحرابەکەدایە. جگە لەسینییەکی گەورەی زیو یان ئاڵتوون کە ئەو شتانەی تێدایە کە پەیوەندییان بەمەراسیمی مارەبڕینەوە هەیە، گلۆڵە پەتێکیش لە کەلوپەلی پێداویستییەکانە. پەتەکە وەکو شێوەی سپرینگ لێدەکەن کە پێیدەڵێن : (سای سین، Saisin) واتە پەتی سپرینگی. پەتەکە لەناوەڕاستەوە، سێجار بەدەوری پەیکەری بوودادا دەبەستنەوەو سەرێکی پەتەکە لەپەنجەرەی ژوورەکەوە دەبەنە دەرەوەو پاش ئەوەی بەدەوری

تەواوی خانووەکەدا دەیبەنە دەرەوە، هەر لەو پەنجەرەیەوە دەیهێننە ناو ژوورەکەوەو بەپەیکەری بووداوە دەیبەستنەوە. سەرەکەی تری پەتەکە سێ جار دەیدەن بەدەستی مانکەکانەوە. پاش خوێندنەوەی هەندێ لەوتەکانی کتێبی پیرۆز لەلایەن مانکەکانەوە، مەراسیمی پاککردنەوەی بووکوزاوا بەئاو ئەنجامدەدرێت. دەبێ ئەو پەتە سێجار بەدەروی شوێنی پاککردنەوەکە ببەسترێتەوە. ئەوان باوەڕیانوایە کە ئەو شتانەی مانکەکان دەیخوێنن لەپەتەکەوە تێدەپەڕێت بۆ ئەو شتانەی کە پەتەکەی پێوەیە، مانکەکان پاش خوێندنی ئایەتی کتێبی پیرۆز، ئەو پەتەی لەدەستیانە وەکو گلۆلەیەکی لێدەکەنو لەبەرامبەر میحرابدا دایدەنێن، مانکی گەورە پاش ئەنجامدانی ئەم قۆناغە ئاوی ناو کەشکۆلەکە دەپرژێنێتە سەروڕوومەتی بووکوزاوا. ئەم کارە کارێکی ناچارییەو پێویستە ئەنجامبدرێت. ئەم مەراسیمە بەیارمەتی دۆستانو ناسراوەکان ئەنجامدەدرێت. لەڕاستیدا مەراسیمی پاکبوونەوە لەمەراسیمە سەرەتاییو پێویستەکانەو پەیوەندییەکی بەمەراسیمی سەرەکیی ژنهێنانەوە نییەو بەشێکە لەمەراسیمی ئایینی، هەندێجاریش لەبۆنەی تریشدا ئەنجامدەدرێت. ئەمڕۆ ئەم کارە بووە بەکاری ڕەحمو بەزەییو بەشێوەیەکە کە خزمانو ناسیاوەکانیش دەتوانن لەم ئاوە پیرۆزە سوود وەربگرن. مانك بەپرژاندنی پاشماوەی ئاوەکە بەدەروپشتی خانووەکەدا کۆتایی بەمەراسیمەکە دێنێت. لەکاتی مەراسیمی مارەبڕیندا جارێکی دی بووکوزاوا دەچنە لای میوانەکانو لەم کاتەدا میوانەکانیش دەتوانن بەمەبەستی زیادکردنی ڕەحمەت، لەئاوی پیرۆز بپرژێنن بەسەر بووکوزاوادا. هەڵبەتە گەورەکانی خێزان وا دەکەنو ئەوانی تر کەمێك لەئاوەکە دەپرژێننە سەر دەستی بووکوزاوا کە خەریکی نزاو پاڕانەوەن، ئەو بووکوزاوایەی کە باوەڕیان بەم نەریتە نییە ڕقیان لەپرژاندنی ئاوی پیرۆزە،

لەبەرئـەوەی ئارایشـتەکەیان تێکدەچێـت. هەڵبەتـە بنەماڵـە دەوڵەمـەندو پێشـکەوتووەکانیش باوەڕیـان بەمەراسـیمی پاکبوونـەوە هەیـە. هـەر بـەو شێوەیەی باسکرا، تاییەکان، بەتایبەت بانکۆکییەکان مەراسیمی ژنهێنان لـەپاش نیـوەڕۆدا ئـەنجامدەدەن. لـەژوورێکی تـردا میوانداریـی دەکـەن. ئەوکاتـەی بڕیـاری لەسـەر دراوە دێـت، لەبەتەمـەنترین کەسـانی خێزانەکـە بانگهێشت دەکرێت، ئەم کەسانە دەچنە ژووری بووکوزاواوەو کەس نازانێ چی لەبووکو زاوا دەکەن، ئەوان پاش کەمێك دێنەدەرەوە، میوانەکانی تر بۆ پیرۆزبایی بەپێی تەمـەنو پلـەو پۆسـت دەچنـە ژووری بـووكوزاواو پیـاوان لەپێشدا پیرۆزبایی لەبوكوزاوا دەکەن، تاییەکان باوەڕیان وایە کە پێویستە هەمیشـە پیاوان لـەڕیزی یەکـەمدابن هـەر بەو شێوەیەی کـە پیاوان لـەڕیزی یەکـەمی مـەیدانی شـەڕدانو ژنان پاسـەوانی ماڵـەوەن، پـەندێکی تاییـەکان هەیـە دەڵێـت: (پیـاوان وەکـو قاچـەکانی پێشـەوەی فیلـنو ژنـانیش وەکـو قاچەکانی دواوەی).

لەمەراسیمی ژنهێنانیشدا، ژنوپیاو بەقاچەکانی فیل دەشوبهێنن.

هەرچەندە پێویستە ئەوان یارمـەتی یـەکتر بـدەن، بـەڵام پێویسـتە لەشوێنی خۆیاندابن، پیاوانوژنانیش پێویستە بەپێی سروشتو بونیادی جەستەیی لەشوێنی خۆیـاندا بوەسـتن، بـەڵام هـاتنی کـەلتووری خۆرئـاوا بۆتەهۆی ئەوەی بەهاسوونەتییەکان کاڵببنـەوە، چ کەسێك دەتوانێ ببێتـە زامنی ئەوەی کە لەئایندەدا پێچەوانەی ئەم نرخو بەهایانە ئەنجام نەدرێت.

بـووكوزاوا لای یـەك دانیشـتوونو دەسـتیان وەکـو بودایییـەکان لێکـردووەو بـۆ ڕێزگرتـن لەمیوانـەکان سـەریان دانـەواندووە، بـووك لـەلای دەستی چەپی زاوا دادەنێن، بەو ئەڵقە گوڵانەی کە لەسەرسـەری بووكوزاوا دانراوە، دەڵێن: (مونگ کون فایت) واتـە (جووتـی بەختـەوەر)، هیندییـەکان پێیدەڵێـن: (منگلا چاکرا) واتـە (ئەڵقەکانی بەختـەوەری) ئـەو ئەڵقە گوڵانـە

سێ جار بەدەوری ملی بووكوزاوادا دەبەستنەوە، هەندێكیش لەناو سەدەفێكدا ئاوی پیرۆز پێشكەشی میوانەكان دەكەن، ئەوان ئاوەكە بەسەر بوكوزاوادا دەپرژێنن، لێرەشدا زاوا لەپێشەوەیە.

بووكوزاوا بۆ ڕێزگرتن لەمیوانەكان سەر دادەنەوێنن، ئەوان یەك یەك پاش گەڕانەوەی سەدەفەكە لە ژوورەكەیان دەچنە دەرەوە، میوانەكان نزاو دوعای وەكو بەختەوەربن، ژیانێكی هاوبەشی دووورودرێژیان هەبێت، بەتەندروستییەوە بژین و..هتد دەڵێن، میوانەكان هەندێ گەڵای بچووكوخاڵی سپیوسوور لەناو سەدەفەكاندا دەبینن كە گەڵا نیشانەی سەروەتوزێڕو زیوە، دانانی گەڵاكان لەناو سەدەفەكاندا پێشینەیەكی زۆری نییەو دەشێ لەجادووگەرەكانەوە فێری بووبن، لای دەرگای دەرەوە یەك یان دوو كچی لاو وەستاون و وەكو یادگاری گوڵی بەریەخە یان كلێنێكسی بۆندار پێشكەشی میوانەكان دەكەن، لەم دواییانەدا وای لێهاتووە كە لەهەندێ لەخێزانە دەوڵەمەندەكاندا میوانەكان دەفتەری یادەوەریی مەراسیمەكە ئیمزا دەكەن.

## چاوخشاندنێك بەئامارەكاندا

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین كە ئاماری ژمارەی دانیشتوانی تایلەند بەشێوەیەكی خەملێنراوەو بەداخەوە لەم رووەوە لەسەرچاوەكاندا جیاوازیی زۆر هەیە، ئەم ئامارانەی لای خوارەوەو لەلاپەرەی (٣٦١)ی بڵاوكراوەی ژمارە(٣٥)ی یۆنسكۆ، چاپی ساڵی١٩٩٢ لەبانكۆك وەرگیراوە بەناوی: (گۆڕانكاریی بونیادیی خێزانیی لەئاسیادا).

**رێژەی مامناوەندیی خێزانیی لەتایلەند لەساڵەكانی ١٩٦٠ - ١٩٧٠-١٩٨٥**

| ساڵی ١٩٦٠ | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی تەواوی وڵات | ژمارەی خێزان | ژمارەی مامناوەندیی ئەندامانی خێزان |
| ٢٦,٢٥٧,٩١٦ | ٤,٦١٦,٦٥٤ | ٥,٦ كەس |

| ساڵی ١٩٧٠ | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی تەواوی وڵات | ژمارەی خێزان | ژمارەی مامناوەندیی ئەندامانی خێزان |
| ٣٤,٣٩٧,٣٧٤ | ٥,٩٣٩,٨٩٦ | ٥,٧ كەس |

| ساڵی ١٩٨٠ | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی تەواوی وڵات | ژمارەی خێزان | ژمارەی مامناوەندیی ئەندامانی خێزان |
| ٤٤,٨٢٤,٥٤٠ | ٨,٤٥٩,٨٥٨ | ٥,٣ كەس |



| سالّی ١٩٩٠ | | |
|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی تەواوی ولاّت | ژمارەی خێزان | ژمارەی مامناوەندیی ئەندامانی خێزان |
| ٥٥,٥٨٣,٠٠٠ | ١٢,٦٣٢,٥٠٠ | ٤,٤ کەس |

ڕێژەی مامناوەندیی (لەسەدا)ی ژمارەی خێزانەکان بەپێی ژمارەی ئەندامەکانیان، (سالّی ١٩٧٥) لەناوچە سەرەکییەکانی جیهانداو بەگوێرەی ئەو زانیارانەی سەبارەت بە١٢٤ولاّت لەبەردەستدابووە

| ژمارەی ئەندامانی هەر خێزان | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوچە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | گشتی |
| وڵاتە زیاتر پێشکەوتووەکان | ١٥٫٩ | ٢٠٫٥ | ١٧٫١ | ١٥٫٨ | ١٠٫٧ | ٧٫٢ | ١٢٫٨ | ١٠٠ |
| وڵاتە کەمتر پێشکەوتووەکان | ٩٫٤ | ١٣٫١ | ١٣٫٨ | ١٣٫٩ | ١٢٫٨ | ١٠٫٦ | ٢٦٫٤ | ١٠٠ |
| ئەفریقا | ١١٫٢ | ١٦٫٩ | ١٥٫٧ | ١٣٫٧ | ١١٫٧ | ٩٫٣ | ٢١٫٥ | ١٠٠ |
| ئەمریکای لاتین | ١٣٫٧ | ١٤٫٩ | ١٣٫٩ | ١٣٫٤ | ١١٫٥ | ٩٫٤ | ٢٣٫٢ | ١٠٠ |
| ئەفریقای باکوور | ١٥٫٥ | ٢٧٫٥ | ١٧٫٢ | ٦٫٦ | ١٠٫٨ | ٦٫١ | ٦٫٣ | ١٠٠ |
| ئاسیای خۆرهەڵات | ١١٫٦ | ١٢٫١ | ١٤٫٦ | ١٥٫٦ | ١٢٫٩ | ١١٫١ | ٢٢٫١ | ١٠٠ |
| ئاسیای باشوور | ٦٫٣ | ١٥٫٢ | ١٢٫١ | ١٣٫٩ | ١٣٫٨ | ١٢٫٣ | ٣١٫٤ | ١٠٠ |
| ئەورووپا | ١٦٫٥ | ٢٣٫٩ | ١٩٫٥ | ١٧٫٦ | ١٠٫٣ | ٥٫٨ | ٦٫٤ | ١٠٠ |
| ئۆقیانووس | ١١٫٣ | ١٤٫٩ | ١٤٫١ | ١٥٫٣ | ١٢٫٩ | ٨٫٥ | ٢٣ | ١٠٠ |

سەبارەت بەڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی شووکردن لەوڵاتی تایلەنددا بەر لەساڵی ١٩٦٠دا هیچ زانیارییەك لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دووکەس لەپسپۆڕانی ئەم بوارە، ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی شووکردنی ژنانی تایلەندیی لەساڵەکانی(١٩٦٠، ١٩٧٠، ١٩٨٠دا) دیاریکراوە.

**لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی شووکردن لەساڵەکانی ١٩٦٠، ١٩٧٠دا لەلایەن (ئاپیچارت چامراتر پتیرونگ)ەوە ئەنجامدراوە.**

ئاپیچارت لێکۆڵینەوەیەکی خۆی کە ناوی نابوو: (بونیادی هاوسەرێتی) لەئاماری ساڵی(١٩٧٠)دا لەساڵی١٩٧٨دا لەبانکوك بڵاوکردەوە. پاشان لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی شووکردنی ژنانی تایلەندی لەساڵی ١٩٨٠دا بەهاوکاریی و هاوبەشی ئاپیچارت چامراتر پتیرونگ چینیتا نایچارانوندا ئەنجامداو ئەنجامی ئەم دوو توێژینەوەیە لەبڵاوکراوەی ژمارە ٣٥ی چاپی ساڵی ١٩٩٢ی یۆنسکۆدا جێگیربووە.

**ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی شووکردنی ژنانی تایلەند لەناوچە جۆراوجۆرەکاندا لەساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠-١٩٨٠دا**

| ناوچە | ١٩٦٠ | ١٩٧٠ | ١٩٨٠ |
|---|---|---|---|
| تەواوی وڵاتی تایلەند | ٢١,٦ ساڵ | ٢١,٩ ساڵ | ٢٢,٨ ساڵ |
| ژنانی شارنشین | – | ٢٤,٧ ساڵ | ٢٥,٨ ساڵ |
| ژنانی گوندنشین | – | ٢١,٤ ساڵ | ٢٢ ساڵ |
| پایتەخت | ٢٣,٤ ساڵ | ٢٥ ساڵ | ٢٥,٩ساڵ |
| ناوچەی باکووری | ٢١,٥ساڵ | ٢١,٢ ساڵ | ٢١,٧ ساڵ |
| خۆرهەڵات | ٢١ساڵ | ٢١,١ ساڵ | ٢٢ ساڵ |
| ناوچەی باکوور | ٢١ساڵ | ٢١,٣ ساڵ | ٢٢,٣ساڵ |

| ناوچەی باشوور | | | |
|---|---|---|---|

سەبارەت بەتەمەنی مامناوەندیی کچان وکوڕان لەیەکەم ژیانی هاوسەریێتی و جیاکردنەوە بەڕێژەی سەدی ئەم گروپە لەساڵی ۱۹۸۰دا ، کتێبی (ژنانی جیهان) لەساڵی۱۹۹۵دا خشتەیەکی ئامادەکردووە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| ئامادەکردنی ئامارەکان | | ۱۹۸۰ | |
|---|---|---|---|
| تەمەنی کوڕان | ٪۲٤,۷ | تەمەنی کچان | ۲۲,۷ |
| ڕێژەی لەسەدای ئەو کوڕانەی ژنیان هێناوە | ٪۹۷,۹ | ڕێژەی لەسەدای ئەو کچانەی شوویانکردووە | ٪ ۹٦,۲ |

**ئەو ئامارانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەیان کردووە گشت وردەکارییەکانی پەیوەست بەمەسەلەی خێزان و ژنهێنان و شووکردن و زاوزێ و شیردان و ڕێگەگرتن و...هتد نیشاندەدات.**

**بۆ زانیاری پەیداکردنی زیاتر لەوردەکاریان سەرنجی ئەم خشتانەی خوارەوە بدەن کە لەکتێبی (ژن، فێرخوازیی و زاووزێوە لەساڵی (۱۹۹۵)ی ڕێخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە.**

**ڕێژەی لەسەدای ژنانی گروپی ٤٠ تا ٤٩ ساڵ کە هەر شوویان نەکردووە لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گشت | سفر | ۱ تا ۳ | ٤ تا ٦ | ۷ تا ۹ | سەروو ۱۰ |
| ٪٥,۲ | ٪۱,۹ | ٪٤,٦ | ٪ ٦٤,۸ | ٪۹٥,۸ | ٪۱٤,٦ |

**ڕێژەی مامناوەندی تەمەنی شوو کردن لە پەیوەندی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو | سفر | ۱ تا ۳ | ٤ تا ٦ | ۷ تا ۹ | سەروو ۱۰ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٪٢٠,٨ | ٪١٨,٨ | ٪١٩,٤ | ٪ ٢٠,٢ | ٪٢١,٦ | ٪ ٢٥,٨ |

**ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی ژنان لەیەکەم زاووزێدا لەپەیوەندیی لەگەڵ خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو | سفر | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | سەرووی ١٠ |
| ٪٢٢,٧ | ٪٢٠,٨ | ٪٢١,٤ | ٪ ٢٢ | ٪٢٣,٧ | ٪ ٢٧,٩ |

**بەراوردکردنی ڕێژەی تەواوی دووگیانیی لەگەڵ دووگیانیی وستراو ژنان**

| ساڵەکانی خوێندن | ژمارەی تەواوی دووگیانیی | دووگیانیی ویستراو |
|---|---|---|
| بەتەواوی | ٢,٢ | ١,٨ |
| سفر | ٣,٧ | ٣ |
| ١ تا ٣ | ٢,٥ | ١,٧ |
| ٤ تا ٦ | ٢,٣ | ١,٩ |
| ٧ تا ٩ | ٢ | ١,٥ |
| +١٠ | ١,٦ | ١,٥ |

**ڕێژەی لەسەدای ئەو ژنانەی منداڵەکانیان شیری دایکیان خواردووە**

**لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواوی | سفر | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | سەروو ١٠ |
| ٩٥,٢ | ٩٤ | ٩٥,٤ | ٩٦,٦ | ٩١,٨ | ٨٩,٢ |

**ڕێژەی مامناوەندیی ئەو مانگانەی دایك بەمناڵ شیر دەدات لەپەیوەندیی**

**لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو | سفر | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | سەرووی ١٠ |
| ١٦,٦ | ١٨,٦ | ١٦,٤ | ١٨,٢ | ١٥,٥ | ٧,٥ |

**ڕێژەی لەسەدای ئەو ژنە مێردداراتەی کە زیاتر لەخواستی خۆیان منالیان بووە**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو | سفر | ١تا٣ | ٤ تا٦ | ٧ تا٩ | سەروو ١٠ |
| ٪٤٥,٤ | ٪٥١,١ | ٪٥١,٣ | ٪ ٤٥,٢ | ٪٣٢,٥ | ٪ ٢٨,٣ |

**ڕێژەی مامناوەندیی ژمارەی ئەو منالانەی لەبنەماڵەیەکدا کە لەژنانی تەمەنی ١٥ تا ٤٩ ساڵدا لەدایکبوون، لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەواو | سفر | ١تا٣ | ٤ تا٦ | ٧ تا٩ | سەروو ١٠ |
| ١,٩ | • | ٢,٤ | ١,٩ | ١,١ | ٪ ٨ |

## تەلاق

مەسەلەی تەلاق لەولاتی تایلەندا لەهەر ڕوویەکەوەبێت بۆ لێکۆڵینەوە سەرنجراکێشە، لەبەرئەوەی ژن لەتایلەندا بەتەواوی گوێڕایەڵی پیاوە. ئەم فەرمان جێبەجێکردنە لەنێوان گروپە ئاساییەکاندا بەنەریتێکی کۆن دەژمێردرێت و لەنێوان چینەکانی سەرەوەشدا واتە دەوڵەمەندەکانیشدا، ژن بۆ پاراستنی پێگەی کۆمەلایەتی و سوودوەرگرتن لەئیمتیازەکانی ژیانێکی خۆشگوزەران، گوێڕایەڵی پیاوە.

لەلایەکی ترەوە بەسەرنجدانی ئەو ڕەهەندە بەرفراوانەی کاری لەشفرۆشی لەم ولاتەدا هەیەو هەبوونی مۆڵەتی پیاوان بۆ سوودوەرگرتن لەژنانی کاتی، ئەم بیرۆکەیە دووبارە دەکاتەوە کە نە ژن توانای ئەوەی دەبێت کە داوای تەلاق بکات و نە پیاویش بەهۆی بێتاقەتبوونی لەهاوسەرەکەی پێویستی بەتەلاقدانی هەیە. بەلام بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا تەلاق لەپایتەختی ئەم ولاتەدا ڕێژەی لەسەدای زیاتری هەیە، ئەویش بەبۆنەی ئەوەوەیە کە لەو شارەدا، بلاوبوونەوەی کارو پیشەو مەیل

بۆ چـاولێکردنی فەرهـەنگی خۆرئـاوا زۆرەو دۆزینـەوەی کـار بـەداهاتێکی گونجـاو بـۆ ژنان وپیـاوان کـارێکی ئاسـانە. (ڤاتانـا کیـانگرام) لەزەمینـەی تـەلاقدا، لێکۆڵینەوەیـەکی باشـی ئـەنجامداوەو رێـژەی تـەلاق لـەنێوان سـاڵەکانی ١٩٦٩ تـاکو ١٩٧٨ بـەرێژەی جیاکردنـەوەی ناوچـە جۆراوجۆرەکانی وڵات و پایتەخت دیاریکراوەو لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی (تەلاق لەنێوان خەڵکی تایلەندا بڵاوکردۆتەوە.

**رێژەی تەلاق لەناوچە جۆراوجۆرەکانی تایلەندا لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٩ تاکو ١٩٧٨دا**

| ساڵ | تەواوی وڵات | پایتەخت | باکووری وڵات | باکووری خۆرهەڵات | باشوور |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٩ | ٥,٦ | ١٠,٥ | ٧ | ٤,٥ | ٣,١ |
| ١٩٧٠ | ٤,٣ | ١٢,١ | ٣,٥ | ٣,٤ | ٤,٤ |
| ١٩٧١ | ٥,٧ | ١٤,٠ | ٥,٢ | ٤,١ | ٤,٦ |
| ١٩٧٢ | ٥,٢ | ١٢ | ٥,١ | ٢,٦ | ٣,٤ |
| ١٩٧٣ | ٦,٧ | ١٤,٨ | ٦,٤ | ٣,٩ | ٥,٦ |
| ١٩٧٤ | ٦,٣ | ١٤,٩ | ٦,٠ | ٣,٨ | ٤,٨ |
| ١٩٧٥ | ٥,٦ | ١٤,٦ | ٤,٦ | ٤,٦ | ٤,٤ |
| ١٩٧٦ | ٥,٦٩ | ١٥,٤ | ٤,٩ | ٣,٤ | ٥,١ |
| ١٩٧٧ | ٦,٦ | ١٨,٩ | ٥,٦ | ٣,٦ | ٥.٢ |
| ١٩٧٨ | ٧,٣ | ١٦,٩ | ٥,٥ | ٤,١ | ٧,٩ |
| رێژەی مامناوەندی تەواوی ساڵەکان | ٦,١ | ١٤,٨ | ٥,٣ | ٤,٨ | ٥ |

# بەشی سێیەم

## فێرخوازییو رۆشنبیریی

مەسەلەی خوێندنو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریی لەولاتی تایلەندا پێشینەیەکی کۆنو مێژوویی هەیەو هاوکات لەگەڵ بلاوبوونەوەی ئایینی بودایدا دەستپێدەکات، لەگەڵ ئەمەشدا خوێندنو زانست هەمیشە لەسنوورو دەسەلاتی پیاواندا بووە. ئەمرۆ خێزانەکان باری خەرجیی خوێندنی کورەکانیان بەهەرشێوەیەك بووبێ ئامادە دەکەن، بەلام سەبارەت بەخوێندنی کچان هیچ هەست بەبەرپرسێتی ناکەنو زۆربەیان باوەڕیان وایە کە ژنان نابێ زۆر بخوێنن.

لەدەستووری ئێستای ولاتی تایلەندا، (بەشی ٣٥) کە تایبەتە بەمەسەلەی خوێندنو نەهێشتنی نەخوێندەواریی مافی خوێندن بۆ ژنانوپیاوان بەشێوەیەکی یەکسان پێشبینی کراوە. بەپێی ئەم بەشە لەدەستووری تایلەندا، شەش ساڵی خوێندنی سەرەتایی بۆ کچانوکوڕان ناچاریو پێویستە.

خوێندن لەولاتی تایلەندا بریتییە لەچوار قۆناغ:-

-قۆناغی یەکەم فێرخوازیی بەر لەقوتابخانەیە کە لەم قۆناغەدا منالان سوود لەباخچەکان وەردەگرن.

-قۆناغی دووەم بەشی سەرەتاییە کە لەم قۆناغەدا بۆ ماوەی (٦) ساڵەو گشت کچانوکوڕانی تەمەنی ٧ تا ١٤ ساڵی پێویستە تێیپەڕێنن.

-قۆناغی سێیەم قۆناغی دواناوەندییە، ئەم قۆناغە پاش خوێندنی سەرەتایی دەستپێدەکاتو درێژەپێدان لەم قۆناغەدا ناچاری نییە. قۆناغی

دوانـاوەندیی بریتییـە لەدووبـەش و (٣) سـاڵە، لـەقۆناغی سـێ سـاڵەی یەکـەمدا، فـێرخوازی لایـەنی گشـتی هەیـە، بـەلام لـەقۆناغی سێ سـاڵەی دووەمـدا هـەندێ کارامـەیی تـەکنیکی و پیشـەیی فێری قوتابیـان دەکرێـت و ئەوان بۆ ژیان و کارکردن و هەروەها چوون بۆ زانکۆ ئامادە دەکات.

لـەقۆناغی دوانـاوەندیدا بەشـێکی تایبـەتی بـۆ پـەروەردەکردنی مامۆستا پێشبینیکراوە کە ئەو کەسانەی ئەم خولـە تـەواو دەکـەن وەکـو مامۆستا دەست بەکاردەبن.

خوێنـدن لـەخولی سـەرەتاییدا بـەهۆی ناچـاری بوونـی بـەخۆڕایی ئەنجامدەدرێت. بۆ ئەم قۆناغە چوار دەستە قوتابخانە دامەزراوە.

١-قوتابخانە دەوڵەتییەکان کە دەوڵەت بەڕێوەیان دەبات و خوێندن لەم قوتابخانانەدا بەخۆڕاییە.

٢-قوتابخانە ناوخۆییەکان کە زۆرینەی باری خەرجییەکەی لەسەر ئەسـتۆی دەوڵەتـە، بـەلام هـەندێ لـەم قوتابخانانـە بـەهاوکاریی خـەڵك بەڕێوەدەچن. بەلام خوێندن لەم قوتابخانانەدا هەر بەخۆڕاییە.

٣-ئەو قوتابخانانـەی کـە مەسـرەفیان لەسـەر شـارەوانییە و بـاری خـەرجییان پـەیوەندیی بەبوودجـەی دەوڵەتییـەوە نییـە. خوێنـدن لـەم قوتابخانانەدا بەخۆڕاییە.

٤-قوتابخانە ئەهلییەکان کـە بەدەسـتی کەسـانێك یـان ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکـان دادەمـەزرێن و ئـەوان بـەڕێوەی دەبـەن و دامـەزراندنی ئـەو جۆرە قوتابخانانە لەساڵی ١٩٥٤دا لەدەستووری دەوڵەتدا جێگیربووە.

ئـەم قوتابخانانـە دوو دەسـتەن، دەسـتەیەکیان پەیوەسـتە بەدامـەزراو و ڕێکخـراوە خێرخوازەکانـەوە کـە خوێنـدن لـەو قوتابخانانـەدا بەخۆڕاییـە یـان بەرامبـەر پارەیـەکی کەمـە، بـەلام دەسـتەکەی تـر کـە بـۆ

مەبەستی سوودوەرگرتن دامەزراون لەبری خوێندن لەو قوتابخانانەدا پارە وەردەگرن.

ئەم جۆرە دامەزراندنو بەڕێوەبردنە تاڕادەیەك سەبارەت بەڕێکخراوە فێرخوازییەکانی قۆناغی دواناوەندیی و زانکۆکاندا بەکاردێت.

لەساڵی ١٩٨٢دا (١٤) زانکۆ لەتایلەند کاری فێرخوازییان ئەنجام داوەو سەرەڕای ئەمەش لەساڵی ١٩٧٤ بەدواوەش بەزانکۆی سەربازیی و پۆلیسیی و پەروەردەکردنی مامۆستا.. کە بڕوانامەی دیپلۆمەکەیان وەکو بڕوانامەی بەکالۆریۆس بووە، مۆڵەت درا تا بڕوانامەی ماستەر بەخوێندکارەکانیان بدەن.

ژمارەی خوێندکارانی زانکۆکانی تایلەند لەساڵی ١٩٨٢دا، ٢٩٨,٢٤٦ کەس بووەو ژمارەی قوتابیانی ناوەندیی هەر لەم ساڵەدا، ٢,١٣٦,٦٤٨ کەسو قوتابیانی سەرەتایی ٧,٣٤٣,١٦١ کەس بووە.

**منداڵانی قۆناغی بەر لەسەرەتایی ٤ — ٦ ساڵ (دایەنگەکان، باخچەکان)**

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لە سەدای کوڕان | ڕێژەی لە سەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ١٥ | ١٠ | ١٠ |
| ١٩٨٥ | ١٨ | — | — |

**منداڵانی قۆناغی بەر لەسەرەتایی ٤-٦ساڵ**

**دایەنگەو باخچەکان**

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لەسەدای کوڕان | ڕێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | ٤٤ | ٤٣ | ٤٤ |
| ١٩٩٢ | ٥٠ | ٤٩ | ٥٠ |

ئەو شتەی لێرەدا لەبەرچاوە ئەوەیە کە ڕێژەی لەسەدای ئەو کچانەی سوود لەم سەنتەرانە وەردەگرن (١٪) لەڕێژەی کوڕان زیاترە، هۆکاری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە بایەخێکی زیاتر بەکچان دراوە کە ئەمەش لەو مەسەلانەیە کە دوای گۆڕانکارییە بونیادییەکانی کۆمەڵگاوە دێتو نیشاندەری ئەوەیە کە لە شارەکاندا بایەخێکی زیاتر بەکچان دادرێ تاکو لەگوندەکاندا، ئەگەری ئەوە هەیە بونیادی کۆمەڵگەی لادێیو جوتیاریی لەتایلەند ببێتە کۆمەڵگەیەکی شاریو پیشەیی یان زۆرینەی خەڵك لەشارو بەشە پیشەییەکاندا دەست بەکاربن، نەریتی کۆنی کلتووری تایلەند کە نایەکسانیی نێوان ژنوپیاوە لەناودەچێت.

**ڕێژەی لەسەدای قوتابیە سەرەتاییەکان تەمەنی ٧ تاکو ١٢ ساڵ**

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لەسەدای کوڕان | ڕێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ٩٩ | ١٠٠ | ٩٧ |
| ١٩٨٥ | ٩٦ | – | – |

**ڕێژەی لەسەدای قوتابیە سەرەتاییەکان تەمەنی٦ تاکو١١ ساڵ**

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لەسەدای کوڕان | ڕێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | ٩.٩ | ١٠٠ | ٩٩ |
| ١٩٩٢ | ٩٨ | ٩٨ | ٩٧ |

لەو دوو خشتەیەی سەرەوەدا کۆمەڵێك مەسەلە هەیە بۆ باسولێکۆڵینەوە. بەر لەهەرشتێك پێویستە ئاماژە بۆ بکەین کە لەدەیەی (٨٠و ٩٠)ەوە، تەمەنی قۆناغی سەرەتایی گۆڕاوە، پێشتر وانە فێرکارییەکانی قۆناغی (٦) ساڵەی سەرەتایی لەتەمەنی (٧) ساڵییەوە دەستی پێدەکردو لەتەمەنی (١٢) ساڵییەوە کۆتاییدەهات، بەڵام بەو

شێوەیەی کە لەخشتەی ساڵەکانی ١٩٩٠و ١٩٩٢ دەبینرێت، تەمەنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە (٦) ساڵییەوە دەستپێدەکاتو لەتەمەنی (١١)ساڵیدا کۆتاییدێتو ئەم گۆڕانکارییە لەتەمەنی خوێندن کاردەکاتە سەر تەمەنی قۆناغەکانی تری خوێندن، لەبەرئەوەی قۆناغەکانی فێرخوازیی سەرەتایی ناچارییە، ئیدی کاردەکاتە سەر سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغەکانی تری خوێندن.

بەڵام بەچاوپۆشین لەم مەسەلەیە، ئەو مەسەلانەی سەرەکینو قابیلی شیکردنەوەن لەم بارەیەوە بریتین لە:-

١-هەرچەند خوێندن لەقۆناغی سەرەتاییدا پێویستو ناچارییە، بەڵام ڕێژەی لەسەداسەدی منداڵان لەم قۆناغەدا ناخوێنن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەزۆر خوێندن لەخوێندنی سەرەتایی لەسەرتاسەری تایلەندا کە لەهەموو گوندەکانو هەموو ناوچە نیشتەجێیەکاندا فراوانبووە، چونکە ئەم قوتابخانانە بەزۆری حکومینو لەداهاتی گشتی دامەزراونو چاودێری دەکرێن، لەبەرئەوە لەڕووی دابەشکردنی جوگرافیاییەوە ئەم قوتابخانانە تایبەتن بەدابەشبوونی جوگرافیای دانیشتوانەوەو تایبەتمەندنین بەشارەکان یان مەڵبەندە گرنگەکانەوە، لەگەڵ ئەوەی کە لەمەڵبەندی شارە پڕ دانیشتوانەکاندا قوتابخانە حکومییەکان کەمترن لەقوتابخانە حکومییەکانی لادێکانو شوێنە دوورەکانی تایلەند، چونکە لەشارە گەورەکاندا توانای دامەزراندنو درێژەدان بەژیانی قوتابخانە ناحکومییەکان هەیە، لەبەرئەوە حکومەتی تایلەند لەکردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی لەناوچە دورە دەستو گوندییەکاندا چالاکتر دێتەپێش چاو. هەندێك لەدێهاتییەکان باوەڕیان بەخوێندنی کچان نییە. ئیدی بەشداریی نەکردنی کچانی ئەم کەسانە، ڕێژەی لەسەدای ئەم گروپەی کەم کردۆتەوە.

۲–هەر بەو شێوەیەی کە دەبینرێت رێژەی لەسەدای گروپی تەمەنی کچانی قۆناغی سەرەتایی کەمترە لە کوڕان، هۆکارەکەشی نەبوونی ئارەزووی دایكوباوکانە بەخوێندنی کچەکانیان، کە ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە رێژەی لەسەدای کچان کەمتربێت لەکوڕان.

رێژەی لەسەدای خوێندکارانی قۆناغی دواناوەندیی تەمەنی ١٣ تاکو ١٨

| ساڵ | رێژەی تەواوی | رێژەی لەسەدای کوڕان | رێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ٢٩ | ٣٠ | ٢٨ |
| ١٩٨٥ | ٣٠ | – | – |

رێژەی لەسەدای خوێندکارانی قۆناغی دواناوەندیی تەمەنی ١٢ تاکو ١٧ ساڵ

| ساڵ | رێژەی تەواوی | رێژەی لەسەدای کوڕان | رێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | ٣٠ | ٣١ | ٢٩ |
| ١٩٩٢ | ٣٧ | ٣٨ | ٣٧ |

لەقۆناغی دواناوەندیشدا تەواو کەسانی ئەم تەمەنە ناخوێنن و ئەم کارەش تاڕادەیەك شیاوو جێی قبوڵکردنە. لەبەرئەوەی خوێندن لەم قۆناغەدا ناچاری نییەو ئەو کەسانەی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکەن واز لەدرێژەپێدانی خوێندن دەهێنن و دەست بەکاردەبن.

سەرەڕای ئەمەش رێژەی لەسەدای ئاماری کچانی قۆناغی دواناوەندیش وەك قۆناغی سەرەتایی کەمترە لەکوڕان، لەقۆناغی سەرەتاییدا بەهۆی ناچاریبوونی خوێندن لەم قۆناغەدا نەناردنی کچان بۆ قوتابخانە گرانترە، بەڵام لەقۆناغی دواناوەندیدا ئەگەری نەناردنی کچان بۆ قوتابخانە زیاترە.

هەروەها لەقۆناغی دواناوەندیشدا، تەمەنی قۆناغی دواناوەندیی بەهۆی گۆڕانی تەمەنی دەستپێکردنی خوێندنی سەرەتایی، گۆڕراوە (لە ١٣ تاکو١٨) ساڵ گۆڕراوە بۆ تەمەنی (١٢ تاکو ١٧ ساڵ).

لەدەیەی ١٩٩٠دا ڕێژەی لەسەدای تەواوی گروپی تەمەنی قۆناغی دواناوەندیی بەرامبەر بەڕێژەی تەواوی دەیەی ١٩٨٠ زیاترە، هۆکارەکانی ئارەزووی زیاتر بۆ خوێندن لەقۆناغەکانی تردا لەدەیەی ١٩٨٠داو ساڵی ١٩٩٠دا جیاوازیی ڕێژەی لەسەدای کچان بەرامبەر بەکوڕانی قۆناغی دواناوەندیی (٢٪) کەمتر بۆتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئارەزووی کچان بۆ خوێندن زیاتربۆتەوە.

لەبەرئەوەی خوێندن لەقۆناغی دواناوەندیدا ناچاری نییەو لەلایەکی ترەوە قوتابخانە دواناوەندییەکانی تایلەند زیاتر لەناوچە قەرەباڵغو شارەکاندان، ئەم مەسەلەیە جێی گرنگییەکی زۆرە، واتە هەم کچان لە گرنگیی خوێندنو فێربوون تێگەیشتوونو ڕوویان تێکردووەو هەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای تایلەند لەکلتووری لادێیو جوتیاریی بۆ پیشەسازییو شارنیشینی بۆتەهۆی یەکسانبوونی بەشی کچانوکوڕانو وردەوردە نایەکسانییە نەریتییەکان لەناو دەبات.

سەرەڕای ئەمەش ڕێژەی لەسەدای ئاماری گروپەکانی تەمەنی (٧بۆ١٨)و (٦بۆ ١٧) ساڵ کە تایبەتن بەقۆناغی سەرەتاییو دواناوەندییەوە بۆ زیاتر سوودوەرگرتنی خوێنەر لەخوارەوە هاتووە هەڵبەتە باسو تێبینییەکانی پەیوەست بەم گروپە تەمەنییە لەگۆڕانی هەرکام لەخشتەکانی ڕێژەی لەسەدای ئاماری ئەم دوو گروپە بەتەواوی شیکرایەوە. ئیدی پێویستی بەباسێکی زیاتر نییەو تەنها بۆ زانیاریی زیاتر هاتووە.

ڕێژەی لەسەدای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی‌و دواناوەندیی تەمەنی ٧ بۆ ١٨ ساڵ

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لەسەدای کوڕان | ڕێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ٦٦ | ٦٧ | ٦٥ |
| ١٩٨٥ | ٦٣ | — | — |

ڕێژەی لەسەدای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی‌و دواناوەندیی تەمەنی ٦ بۆ ١٧ ساڵ

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لەسەدای کوڕان | ڕێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | ٦٤ | ٦٤ | ٦٣ |
| ١٩٩٢ | ٦٧ | ٦٧ | ٦٦ |

ڕێژەی لەسەدای خوێندکارانی زانکۆ لەگروپی تەمەنی ١٩ بۆ ٢٣ ساڵ

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لەسەدای کوڕان | ڕێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ١٢,٧ | — | — |
| ١٩٨٥ | ١٩ | — | — |

ڕێژەی لەسەدای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی‌و دواناوەندیی تەمەنی ١٨ بۆ ٢٢ ساڵ

| ساڵ | ڕێژەی تەواوی | ڕێژەی لەسەدای کوڕان | ڕێژەی لەسەدای کچان |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠ | — | — | — |
| ١٩٩٢ | ١٨,٧ | ١٧,٥ | ٢٠ |

ڕێژەی لەسەدای ئاماری خوێندکارانی زانکۆکانی تایلەند بەشێوەی دوو خشتەی جیاتۆمارکراوەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان گروپی تەمەنەکاندایە.

پاش ئەوەی تەمەنی دەستپێکردنی خوێندنی سەرەتایی لە(٧) ساڵەوە بۆ (٦) ساڵ کەمبۆوە، گروپی تەمەنی لەقۆناغەکانی دواناوەندیو زانکۆشدا گۆڕا واتە لەسەرەتاوە تەمەنی دەستپێکردنو کۆتایی قۆناغی خوێندنی زانکۆ نێوان (١٩) بۆ (٢٣) ساڵی بوو، بەداخەوە ڕێژەی لەسەدای جیاکردنەوەی تەمەنی کوڕانوکچان لەساڵەکانی ١٩٨-١٩٩٠دا تۆمارنەکراوە.

هەڵبەتە گشت ئەم ئامارانە لەسەرچاوەکانی یونسکۆو ڕێکخراوەکانی پەیوەست بەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەرگیراونو لەوەدەچێت ئەم ئامارانە لەو ئامارانە وەرگیرابن کەڕێکخراوەکانی وڵات ئامادەیان کردوونو ئەم ڕێکخراوە خۆی بۆ خۆی کاری ئامار ئەنجام نادات، بۆیە لەوانەیە هەندێ لەوڵاتەکان ئەو ئامارانە بخەنە بەردەستی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەسیاسەتی حکومەتو بەرنامە سیاسییەکانی خۆیانەوە ئامادەکراون، ئیدی لەم ئامارانەدا هەندێ کەموکورتیو جیاوازی دەبینرێتو زۆربەیان پێکەوە ڕێك ناکەون، ئەم جیاوازییانە زیاتر لەو وڵاتانەدا دێتەبەرچاو کە بەپێی بنەما زانستییەکان ئامار ناگرنو بەشێوەی خەمڵاندن ئامارەکان رادەگەیێنن.

لەوەدەچێت ڕێژەی لەسەدای جیاکردنەوەی گروپی کچانوکوڕانی خوێندکاری زانکۆ، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٩٢دا لەخشتەکانی سەرەوەدا تۆمارنەکرابن، لەبەرئەوەی بەپێی خشتەی ئاماری ساڵی ١٩٩٢ دیارە کە ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی کچ زیاترە لە (٢,٥٪)و زۆر ئاساییە کە بەپێچەوانەی قۆناغیسەرەتاییو دواناوەندییەوە ژمارەی کچان لەزانکۆکاندا زیاترە لەژمارەی کوڕانو ژنانی خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی زیاترن لەپیاوانی خاوەنی بڕوانامەی وڵاتی تایلەند.

هەڵبەت لەزۆربەی وڵاتە ئاسیاییەکاندا وەك فلیپین و چەند وڵاتێکی تر دەرچوانی قۆناغی زانکۆ زۆرن، بەڵام لەوەدەچێت تۆمارنەکردنی رێژەی لەسەدای جیاکردنەوەی خوێندکارانی کچ وکوڕ لەساڵەکانی رابردوودا بەئەنقەستبێ و ئەم کارە بەپێی تێبینیی و بەرژەوەندییەکانی وڵات ئەنجام درابێت. پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە لەکاری خوێندندا، جیاوازییەکی زۆر دژ بەژنان بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەو رێکخراوانەی کە بۆ هێزە سەربازییەکان کادر پەروەردە دەکەن، تەنها رێ بەپیاوان دەدەن و ژنان هیچ رێگەیەکیان بۆ چوونە ناو رێکخراوانە نییە. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ژمارەی خوێندکارانی کچ زیاترە لەژمارەی خوێندکارانی کوڕ کە لە (٢,٥٪)زیاترە، ئەگەر کچان مۆڵەتی چوونیان هەبوایە بۆ خزمەتگوزارییە سەربازییەکان وەکو پۆلیس، هێزی دەریایی و هێزی هەوای و سوودیان لەقوتابخانەو زانکۆکان وەربگرتایە (بۆ کادری وەك: ئەفسەر، ئەندازیار، پزیشك، مافناس، پسپۆڕی ماڵی و رۆشنبیری و... هتد)، بەدڵنیاییەوە ژمارەی جیاوازی سەبارەت بەرێژەی سەدیی خوێندکارانی کوڕوکچ زیاتر دەبوو لەژمارەی (٢,٥٪). هەڵبەت دەشێ ئەم ژمارەیەش تەواونەبێت و ئەگەر بەوردی لەم زەمینەیەدا ئامار بکرێت، رەنگە جیاوازییەکەی لە(٢٥٪)یش زیاتربێت.

بایەخپێدان و ئارەزووی کچان بۆ خوێندنی زانکۆ زیاترە لەکوڕان و دەشێ هۆکارەکەشی ئەمانەی خوارەوەبێ:

١-کوڕان پاش تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی یان دواناوەندیی بەهۆی هەبوونی ئەگەری زۆر بۆ کارکردن یەکسەر دەچنە بازاڕی کارەوەو پێویستیان بەدرێژەپێدانی خوێندن نییە بۆ بەدەستهێنانی کاری گونجاو، بەڵام کچان پێویستیان بەپسپۆڕێتی هەیە بۆ بەدەستهێنانی

کـاری گونجـاوو چوونـەناو بـازاڕی ئـەو کارانـەی کـە هـەم پیشـەیەکی گونجاوبێت‌و هەم داهاتێکی گونجاوو تەواوی هەبێت.

٢-زۆربـەی خولـە فێرخوازییـەکان کـە خـولی فـێربوونی هـەندێ شارەزایی‌و پیشەییان لەگەڵدایە، تایبەتە بەپیاوان، ئیدی ئـەو پیاوانـەی ئاستی خوێندنیان لەقۆناغی سەرەتایی یان ناوەندیدایە، دەتوانن لەگـەڵ خزمەتدا، فێری شارەزایی‌و پیشەش ببن، ئیدی پێویستیان بەخوێندنی زانکۆ نییە.

٣-زۆربەی ئەو کوڕانەی بۆ چوون بۆ زانکۆو خوێندن دەنێردرێن بۆ شارە گەورەکان لەوێ کاری گونجاویان دەستدەکەوێت، ژن دەهێنن‌و ژیانی سەربەخۆ پێکدەهێنن‌و چیتر پێویستیان بەدرێژەپیدانی خوێندنـی زانکـۆ نابێ‌و هەندێجار وازی لێدەهێنن، لەکاتێکا کچان بۆ بەدەستهێنانی کارێکی پسـپۆڕی‌و شـووکردن‌و دۆزینـەوەی کـارێکی گونجـاو ناچـارن درێـژە بەخوێندن بدەن‌و لەئەنجامدا ئەم مەسەلانە دەبێتەهۆی ئەوەی کە ڕێژەی لەسەدای کچ بەرامبەر ڕێژەی لەسەدای کوڕان زیاتربێ.

**بەپێی ئەو ئامارانەی لە ساڵی ١٩٩٤دا ئەنجامدراون لەنێوان ژنانی تایلەندیدا لەگروپی تەمەنی (٤٥) بۆ (٤٩) ساڵ (٢١٪)یان نەخوێندەوارن، واتە (٧٩٪)ی ئەم گروپە تەمەنییە خوێنەوارن، هەروەها ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێوان ژنانی گروپی تەمەنی (٢٠) بۆ (٢٤) ساڵ (٦٠٪)ە، واتە (٩٤٪)ی ژنانی ئەم گروپە تەمەنییە خوێندەوارن‌و کەمبوونەوەی نەخوێندەواری لەم ساڵەدا (١٥٪)یە.**

**بەهەرحاڵ بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە بەدەستهاتوون، زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەواریی ژنان لەگروپی تەمەنی (٣٥) بۆ (٦٠)ساڵیدایە زۆرترینییان لەنێو ژنانی لادێ نشیندان، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەوردی دیاری نەکراوە.**

لەسیستەمی فێرکاریی تایلەنددا، جیاوازیگەلێك بوونی هەیە کە بۆتەهۆی بڵاونەوە مەسەلەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێوان ژناندا، بۆ نموونە لەهەندێ لەکتێبەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا، جەختکراوەتە سەر مەسەلەی جیاوازیی رۆڵی کچان‌وکوڕان، لەخولی فێرکاری‌و فێرخوازییە پیشەییەکاندا سەبارەت بەکچان، زیاتر جەختدەکرێتە سەر مەسەلەکانی ماڵداری‌و بەهیچ شێوەیەك بایەخ بۆ کاری زیادکردنی شارەزاییە پیشەیی‌و زانستییەکان دانەنراوە.

لەزۆربەی یاساکانی وڵاتی تایلەنددا، جیاوازیگەلێکی ئاشکرا بەرامبەر بەژنان دەبینرێت کە ئێستا هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم جیاوازییانە هەڵنەگیراوەو ژنانی وڵاتی تایلەند لەڕووبەڕوونەوەیان لەگەڵ پیاواندا هیچ جۆرە سنوورێکیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، لەزۆربەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەت مەسەلەی خوێندن‌و وەرگرتنی شارەزایی‌و زانستدا، بەشێوەیەکی توندوتیژ، کاری خوێندنی کچان پشتگوێدەخرێت، دەوڵەت‌و رێکخراوە دەوڵەتییەکانیش هیچ جۆرە کارێکی سەرەکی لەپێناو لابردنی ئەم رەوتە ناگرنەبەر. نەخوێندەواری دەبێتەهۆی ئەوەی ژنان نەتوانن لەهەلومەرجێکی یەکساندا لەگەڵ پیاواندا بەشداریی چالاکییە پیشەیی‌و خزمەتگوزارییەکان بکەن، یان وەکو پیاوان کرێ‌و مووچە وەربگرن‌و زۆربەی ژنان لەکارو پۆستی وەرزی‌و کاتیدا دەست بەکاردەبن.

بوودجەی فێرخوازی لەبەشی سەرەتایی، دواناوەندیی‌و زانکۆ لەساڵی (١٩٩٥)دا بەرامبەر بە(١٨,٩٪)ی تەواوی بوودجەی وڵاتی تایلەندبووە.

بەپێی ئاماری یونسکۆ (٤٠٪)ی ژنان لەتایلەنددا رۆژنامە دەخوێننەوە، بەپێی ئەو ئامارانەی لەکتێبی میدیادا بەدەستهاتووە لەساڵی

(١٩٩٧)دا دابەشکردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی تایلەند بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ژمارەی ڕۆژنامە | ڕێژەی تەواوی تیراژ | ژمارەی ئەو ڕۆژنامانە (بەڕێژەی هەر هەزار کەس) | ژمارەی ڕادیۆ (بەڕێژەی هەر هەزار کەس) | ژمارەی تەلەفزیۆن (بەڕێژەی هەر هەزار کەس) |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥ ژمارە | ٤,١٥٠,٠٠٠ | ٧٤ ژمارە | ١٩٢ دانە | ١٤ ئامێر |

هەروەها بەوشێوەیەی کە لەکتێبی ساڵی١٩٩٥ی (ژنانی جیهان)دا هاتووە ئێستا لەوڵاتی تایلەنددا (٥١)ژن لەزانکۆکانی ئەم وڵاتەدا خەریکی وانە وتنەوەن.

## ژیان و ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان بەگشتی

بەقسەی زۆربەی مێژوونووسان، بنەمای سەرەکیی خەڵکی تایی، چینەو دەشێ ڕەگ وڕیشەیان بگاتە مەغۆلستان. ئەوان زۆربەی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی چینیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، ئەوان نزیکەی (٨٠٠) ساڵ لەمەوپێش لەنیمچە دوورگەی هیندو چیندا نیشتەجێبوون کلتووری هیندی بێ وەستان چووە ناو ژیانی تاییەکان و هەندێ گۆڕانکاریی لەم کلتورەدا پێکهات وەك : کلتووری خەڵکی(مون، Mon)و جاڤا و خمرو بۆرمە.

ڕەنگدانەوەی هونەری تایی لەئایین، هونەری بیناسازی، سیرامیك، چینی سازیی، وێنەکێشان، موزیکا، شانۆو ئەدەبیاتدا دەبینرێت. جیلوەی هونەریی لەپەیکەرەکانی بودادا دێتە بەرچاو لەبینای پەرستگاکاندا ڕێبازو بیناسازیی تایی دەبینرێت، (دار) کەرەسەی سەرەکیی بیناسازییە، بەشە جوانکاریی و ناسك کارییەکانی

بیناسازیی لەم وڵاتەدا بەئاوی زێڕ ڕەنگدەکرێت و سوود لەکاشیی شووشەیی، گەڵای زێڕین، چینی، کاری گەچ و پەیکەرتاشی و جوانکاریی بەسەدەف وەردەگرن. هونەری وێنەکێشانی تایی لەوەدەچێت سەرچاوەی لەهیندو سیلانەوە وەرگرتبێت و زۆرینەی ئایینین. هونەرمەندان ڕاهیب یان خەڵکی ئاساین کە خۆیان بەهونەرەوە خەریکدەکەن و وێنەکان زیاتر لەسەر ئەو دیوارانە دەکێشرێن کە بەگەچ وخشت دروستکراون.

موزیکا بەپێی سیستەمی تاکە کەسییەو لەسیستەمی چینی و جاوەیی سەربەخۆیەو هەرچەند لەڕووی بەکارهێنانی ئامێرەوە وەکو یەکن.

کۆشکی پاشایی ڕۆڵی سەرەکیی دەبینێت لەڕێنماییکردن و پاراستنی کلتووری تایی، لەبەرئەوەی بەردەوام بۆنەومەراسیمی پاشایی ڕێکدەخرێت و زانکۆی هونەرە جوانەکان هەموو جۆرە هونەرێکی تایی فێر دەکات وەکو شانۆو موزیکاو سەرەڕای ئەمەش نەخشەی بیناو بارەگا ئایینی و دەوڵەتییەکان دادەڕێژێت. (ڕێکخراوی پاشایی تایلەند) و (ئەنجوومەنی سیام) بەرپرسن لەلێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی پەیوەندییان بەشێوازی ژیانی تاییەوە هەیە.(مۆزەی نەتەوەیی) مەرکەزو بەرپرسی کاروباری فێرخوازیی ئەو زانیارییانەیە کە لەپێناو پەرەپێدانی کلتوری وڵاتدایە.

یەکەمین جۆری چاپکردنی پیتی تایی بەدەستی ئەفسەرێکی بەریتانی لەساڵی ١٨٢٨دا دروستکراو یەکەمین ئامێری چاپ بەدەستی بانگەشەدەرە ئایینیەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٨٣٦دا هاتە ناو تایلەندەوەو دەوڵەتی تایلەندیش بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٨٣٩دا سوودی لەئامێری چاپ وەرگرت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەك سەبارەت بەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی تلیاك و بازرگانیکردنی.

ژمارەی ڕۆژنامەکان لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠دا زیاتربووە لە(١٥)دانە کە بەزمانەکانی تایی-چینی و ئینگلیزی چاپدەکران و (٥٠) ڕۆژنامەی تریش لەدەرەوەی شارەکاندا لەچاپ دەدران، لەدەیەی ١٩٧٠دا ژمارەی ئامێرەکانی رادیۆو تەلەفزیون خێرا رووی لەزیادبوون کرد، بەشێوەیەك کە جوتیاران ئامێرەکانی رادیۆیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ناو کێڵگەکانیان و لەسەربانی خانووەکانیان ئاریڵی تەلەفزیۆن دەبینرا. لەساڵی ١٩٧٠دا (٣٠) نێرەری رادیۆیی تەواوی شارەکانی وڵاتی دەگرتەخۆی. لەساڵی ١٩٥٥دا وڵاتی تایلەند یەکەم وڵات بوو لەئاستی ناوچەکەدا کە نێرەرە تەلەفزیۆنییەکانی خۆی خستەڕێ، ئێستا لەوڵاتی تایلەنددا (٩) کەناڵ هەیە کە دوانیان تایبەتن بەسوپای ئەم وڵاتەوەو کەناڵێکی دەوڵەتییەو شەش کەناڵی پەیوەستە بەبەشی ناوخۆیی و تایبەتی، ئەمە جگە لەهەندێ گۆڤاری جۆراوجۆرو ڕۆژنامەی ناوخۆیی، کە شەش ڕۆژنامەی بەیانیان و پێنج ڕۆژنامەی پاشنیوەڕوان لەپایتەختدا بڵاودەبێتەوە.

## چالاکییە هونەرییەکانی ژنانی تایلەند

ژنانی تایلەند لەگۆشەنیگای هونەرەوە جگە لەچالاکیی هونەریی موزیکا و سەما سووننەتی و فۆلکلۆرییەکان- کە لەجیهاندا بەناوبانگن- لەهونەرە شانۆییەکانی ڕۆژو کلاسیکیشدا ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینن. ئەم چینە لەخەڵکی تایلەند لەکۆمەڵگە هونەرییەکانی وەکو (سەنتەری ڕۆشنبیریی تایلەند)، (سەنتەری ڕۆشنبیریی بیانی)و زۆربەی سەنتەرەکانی تردا ڕۆڵێکی چالاك دەبینن، ژنە هونەرمەندەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ سەنتەرە هونەرییە بەناوبانگەکانی وەکو (باڵەی بەڵشەوی روسیا)دا هاوکاریی دەکەن.

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین هونەری ژنە هونەرمەندە تایلەندییەکانە لەماڵداریدا. هونەری ئامادەکردنی خۆراك لەنێوان ژنانی ئەم وڵاتەدا نەك هەر وەك ئامادەکردنی خۆراك، بەڵکو بەهونەرێکی سوونەتی زۆر ناسك دەژمێردرێت و هونەری ئامادەکردنی خۆراکی زیندەوەرە ئاوەکییەکانی وەك ماسی، میگۆ (کە گیانەوەرێکی دەریاییە)، زیاتر لەتابلۆیەکی هونەری دەچێت و ئەمەش بۆتەهۆی زیادبوونی داهاتی وڵاتی تایلەند لەڕێی پیشەی بەجیهانیکرنییەوە.

بانکۆك بەیەکێك لەسەنتەرە گرنگەکانی بازرگانیکردنی زێڕ دەژمێردرێت کە ژنانی تایلەندی لەم بوارەشدا بەیارمەتی وەرگرتن لەتوانای زاتیی خۆیان لەڕێکخستنی ڕەنگەکان، لەدروستکردنی زێڕو شتی جوانکاریی هاوکاریی پیاوانی تایلەندی دەکەن. ئەم پیشەیەش بەیەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی زیادبوونی داهاتی تایلەند دەژمێردرێت و ژنانی تایلەندی لەهونەرە دەستی و سوونەتییەکانی وەك کاری سیرامیك و دروومان و جوانکردنی گوڵ دەستڕەنگینن کە بۆ زیادکردنی کاروبار زۆر گرنگە.

# بەشی چوارەم

## رۆڵی ژن لەبواری ئابووریدا

باری ئابووریی تایلەند بەشێوەیەکی گشتی، ئابوورییەکی کشتوکاڵییە، هەرچەند لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی سەرمایەگوزارییە گەورەکانەوە لەپێناو گۆڕینی ئەم وڵاتە لەقۆناغی کشتوکاڵییەوە بۆ قۆناغی پیشەیی کارکراوە، بەڵام پێویستە ئابووریی ئەم وڵاتە بەئابوورییەك بناسین کە لەسەر بنەمای کاری کشتوکاڵ و پەرەپێدانی مەڕوماڵاتە. لەبەرئەوەی بەشێکی گەورەی هێزی کار لەم وڵاتەدا خەریکی کاری کشتوکاڵن، بەپێی ئامارەکانی ١٩٨٦ تەواوی دانیشتوە چالاکەکانی تایلەند بە(٢٦,٦٧٨,٦٠٠) کەس خەمڵێنراوە کە لەم ژمارەیە، (١٧,٨١٢,٧٠٠) کەسیان خەریکی کاری کشتوکاڵ ودارستان پارێزیی و راوە ماسی بوون. ئەم خشتەیەی لای خوارەوە رێژەی ئاستی کارکردن لەبەشە جۆراوجۆرەکانی باری ئابووریی وڵاتی تایلەندا نیشاندەدات.

لەساڵی ١٩٨٩دا تەواوی ژمارەی دانیشتوانە چالاکەکانی باری ئابووریی تایلەند بە(٣٠,٠٠٠,٩٠٠) کەس خەمڵێنرا، کەچی لەگەڵ گەشەسەندنی چالاکییە پیشەییەکاندا (١٧٠٠٠٩٨٠) کەس لەکاروباری کشتوکاڵدا چالاکییان هەبوو. بەڵام هەر لەم ساڵەدا هەرچەند باری شتە نێردراوە پیشەیی و بەرهەمە کارگەییەکانی تایلەند لەلایەنی نرخ و بەهاوە وەکو شتە نێردراوەکانی بەشی کشتوکاڵ و مەڕوماڵاتە، کەچی لەبەشی پیشەدا تەنها (٢٠٠٠٧١٣) کەس کاریان دەکرد. لەلایەکی ترەوە زۆربەی دانیشتوانی تایلەندی گوندنشینن و لەگوندەکاندا کۆبوونەتەوە. ئەمەش

یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کە دەتوانرێت لافی پێوەلێبدرێت کە بونیادی ئابووریی ئەم وڵاتە کشتوکاڵیی و لادێیە نەك شاری و پیشەیی.

| | |
|---|---|
| کشتوکاڵ، دارستان پارێزیی، راوە ماسی | ١٧٨١٢٧٠٠ کەس |
| کانزاو کانزای بەرد | ٤٧٧٠٠ کەس |
| کارگەکان | ٢٠٦٧٤٠٠ کەس |
| بیناسازی، ئاوەدانکردنەوەی بینا کۆنەکان | ٥٨٩٧٠٠ کەس |
| خزمەتگوزاریی غاز، کارەبا، ئاو | ١٢٣٢٠٠ کەس |
| بازرگانیی | ٢٦٩٣٦٠٠ کەس |
| بارو گواستنەوەو پەیوەندییەکان | ٦٠٣٠٠٠ کەس |
| کارە خزمەتگوزارییەکان | ٢٧٢٥٧٠٠ کەس |
| ئەو چالاکییانەی کە بەشێوەیەکی گونجاو شی نەکراوەتەوە | ٢١٢٠٠ کەس |
| تەواوی هێزی کار | ٢٦٦٧٨٦٠٠ کەس |

جگە لەناوچەی شاری بانکۆك، پایتەختی تایلەند کە زیاتر لە(٥) ملیۆن کەسی تێدایە، (٥) شاری سەرەکی و گرنگی تایلەند ژمارەی دانیشتوانی هەریەکێکیان لەنێوان ١٠٠ تا ١١٦هەزار کەسدایە، هەڵبەت تەنها شاری (سنگکلا) بەهۆی هەبوونی ١٧٥ هەزار کەس لەم بنەمایە ئاوارتەیە.

ئەو شتە سەرەکییانەی کشتوکاڵ کە دەنێردرێنە دەرەوەی وڵات بریتین لە:

١-برنج، بەیەکێك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی بوودجەی وڵاتی تایلەند دەژمێردرێت.

٢-شەکر، دووەمین بەرهەمی کشتوکاڵیی تایلەندە کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی لەساڵی (١٩٨٢)دا، (٣٠,٣) ملیۆن متریك تەن شەکرو (١,٩) ملیۆن تەن شەکری پاڵاوتە بووە.

٣-لاستیك، سێیەمین بەرهەمی کشتوکاڵیی تایلەندە، لەبەرئەوەی ئەم بەرهەمە لەکاوچۆی سروشتی بەدەست دێت، لەبەرئەوە بەبەشێك دەژمێردرێت لەبەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

٤-بەخێوکردنی مەڕومالات، ڕێژەی ناردنە دەرەوەی مانگای زیندو لەساڵی ١٩٨٩دا بە(٤١,٥٥٢) سەر تۆمار کراوەو لەساڵی (١٩٨٦)ڕێژەی ناردنەدەرەوەی مریشکی بەستوو (٦٤,٨٠٠)تەن بووە، کەرەستەکانی تریش بریتیین لە: گۆشت، گۆشتی بەرازو پەلەوەر.

کەرەستەکانی تر کە پەیوەندیی بە بەرهەمەکانی بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە هەیە، پێستو پێڵاوو جانتاو ئەو شتانەیە کە لەچەرم دروستدەکرێن، بۆ نموونە ناردنەدەرەوەی چەرم لەساڵی ١٩٧٢دا گەیشتۆتە (٩,٦٣٠)تەن. ڕێژەی ناردنەدەرەوەی پێڵاو لەساڵی ١٩٨٦دا نزیکەی (٣,١٩) ملیۆن تەن بووە.

٥-ڕاوە ماسی، ماسی کەرەستەی پرۆتینی گوندنشینو خەڵکی شارەکانی تایلەند تاڕادەیەکی زۆر دابین دەکاتو ڕێژەیەکی زۆریش گیانداره دەریاییەکان لەساڵی ١٩٨٦دا (٨٧,٦٠٠) تەن ماسی بەستوو (٢٥٦,٠٠٠)تەن کەرەستەی خۆراکیی دەریایی ئامادەکراوبوو کە ئەم ژمارەیە (٨,٣٪)ی داهاتی تایلەند دەگرێتە خۆی، نزیکەی ٦٠٪ی بازاڕی ماسی توونی ئەمریکا هی وڵاتی تایلەندەو وڵاتی ژاپۆنیش بەدووەمین کڕیاری سەرەکیی کەرەستەی خۆراکە ئاوییەانی وڵاتی تایلەند دەژمێردرێت.

دەوڵەتی تایلەند لەدەیەی شەستی سەدەی ئێستا بەدواوە بەسەرمایەگوزاریگەلێکی بەپەلەوە تێکۆشا تاکو باری ئابووریی وڵات بکاتە ئابوورییەکی پیشەسازی، بۆیە لەساڵەکانی دواییدا بەپەرەپێدانی پیشەسازی رێژەی ناردنەدەرەوەی بەرهەمە پیشەسازەکان و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان داهاتێکیان نزیکەی (٥٠/٥٠)یان پێکهێناوە، بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە پێشتر باسکرا، سیستەمی ئابووریی و بەرهەمهێنانی وڵاتی تایلەند، هێشتا بەسیستەمێکی ئابووریی کشتوکاڵیی دەژمێردرێت و ئەم وڵاتە بۆ تێپەڕین لەقۆناغی سیستەمی ئابووریی کشتوکاڵی بۆ ئابوورییەکی پیشەسازی، رێگایەکی دوورودرێژی لەبەردەمدایە.

بەسەرنجدانی ئەم خاڵە کە ئابووریی وڵاتی تایلەند لەسەدان ساڵ لەمەوبەرەوە تاکو ئەم دوو سێ دەیەی کۆتایی، ئابوورییەکی لەسەداسەد کشتوکاڵیی بووە، ئیدی رۆڵی ژن لەم وڵاتەداو لەباری ئابووریدا خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی و سوونەتی بووە و خاوەنی گرنگییەکی سەرەکییەو لەئێستادا جیاوازیی نێوان ژمارەی دانیشتوانی پیاووژن زۆر کەمەو نزیکەی (٠,٠٦٪)ە، واتە (٥٠,٣٪)و ژنان(٤٩,٧)ی تەواوی دانیشتوانی تایلەند پێکدەهێنن، بەڵام لەڕوانگەی رێژەی بەشداریکردن لەهێزی کارکردندا، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ژن و پیاودا هەیە، لەبەرئەوەی (٧٧,٨٪)ی پیاوان و(٦٧,٥)ی ژنان خەریکی کارکردنن.

ئەو ژنانەی لەبەشی کشتوکاڵدا کاردەکەن لەساڵی ١٩٦٠دا، (٨٧,٧٪)ی تەواوی هێزی کاری ژنان دەگرنە خۆیان، هۆکارەکەشی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی خێرای چالاکییە پیشەیی و شارنشینییەکانە، کە هەڵبەت دەبنەهۆی گۆڕانکاری لەباری ئابووریی وڵات و رێژەی کارکردنی ژنان لەچالاکییە ئابوورییەکاندا.

ئاشکرایە کە ئارەزووی ژنان بۆ کارکردن لەچالاکییە پیشەییەکاندا زیاترە لەکارکردن لەچالاکییە کشتوکاڵییەکاندا، لەبەر ئەوەی زۆربەی ژنانی تایلەند باوەڕیان وایە کە کاری کشتوکاڵ دژوارو گرانەو کارێکی بەردەوام نییەو داهاتێکی گونجاوی نییە.

چالاکییە کشتوکاڵییەکان وەرزییەو مووچەی کرێکارانی ئەم جۆرە چالاکییانەش کەمترەو ژنە کرێکارەکانی ئەم بەشە لەبەرئەوەی شارەزایی پیشەیی و زانیارییان کەمترە، ئیدی بەو دەستەیە لەکرێکاران دەژمێردرێن کە مووچەیەکی کەمتریان دەدرێتێ و لەکۆتایی وەرزدا بۆ ماوەیەك بێکار دەمێننەوە.

بەرلەوەی بچینە سەر ئامارەکانی ژنە کرێکارەکانی تایلەند، ئاماژەپێکردن بەو خاڵە پێویستە کە لەخشتەو ئامارەکاندا رێژەی لەسەدای ژن‌وپیاوە کرێکارەکان بەجیاوازییەکی زۆرەوە تۆمارکراون، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کاری ئامارگیرییەکە لەوەرزێکدا ئەنجامدراوە کە لەو وەرزەدا کرێکاران بەهۆی کۆتایی کاری وەرزیی بێکاربوون، ئیدی رێژەی لەسەدای خشتەکان پێکەوە هاوئاهەنگ نین.

ئاماری رێژەی لەسەدای ئەو ژن‌وپیاوانەی کاردەکەن لەساڵی ١٩٨٧دا رگەیەنراوە:

**رێژەی لەسەدای کارکردنی ژن‌وپیاو لەبەشە جۆراوجۆرەکاندا لەساڵی ١٩٨٧**

| گروپ | رێژەی پیاوان (٪) | رێژەی ژنان(٪) | رێژەی تەواوی |
|---|---|---|---|
| ساڵی ١٩٨٧ | ساڵی | | |
| کشتوکاڵ، دارستان پارێزی، راوو | ١٩٨٧ | ٪٢٥,٤ | ٪٥٨,١ |
| راوە ماسی | ٪ ٣٢,٧ | ٪٦,٤ | ٪١١,٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بازرگانیکردن | ٪٥,٥ | ٪٥,٨ | ٪١١,٣ |
| کارە خزمەتگوزارییەکان | ٪٥,٥ | ٪٥,٤ | ٪١١ |
| بەرهەمە پیشەسازییەکان | ٪٥,٦ | ٪٠,٥ | ٪٤ |
| بیناسازی، ئاوەدانکردنەوە | ٪٣,٥ | ٪٠,٢ | ٪٢,٧ |
| جێبەجێکردن، ئەمبارکردنو | ٪٢,٥ | ٪٠,١ | ٪٠,٣ |
| پەیوەندییەکان | ٪٠,٢ | ٪٠,١ | ٪٠,٥ |
| کانزا | ٪٠,٤ | | |
| کارەبا، غاز، ئاو، خزمەتگوزارییە | | | |
| تەندروستییەکان | | | |
| ئەو بەشانەی کە بەدروستی | — | — | — |
| دیاریکراون | ٪٥٣,٩ | ٪٤٣,٩ | ٪٩٩,٨ |
| تەواویی | | | |

سەرەتا پێویستە سەبارەت بەم خشتەیە ئەم روونکردنەوەیە ئەنجامبدرێت کە هۆکاری ئەوەی کە لەرێژەی تەواوی ئامارەکە (٪١٠٠) نییەو (٠,٢)ی کەمە، ئەویش ئەوەیە کە ژمارە رێژەییەکان کۆکراونەتەوەو ژمارە زۆر بچووکەکان دانەنراون.

بەو شێوەیەی لەئامارەکاندا دیارە وا دەردەکەوێت کە لەولاتی تایلەندا، رێژەی ژنانی کرێکارو کارمەند کەمترە لەپیاوان. بەلام رێژەی ژنانی کارمەند لەبەشی کشتوکالدا بە بەراوردکردن لەگەل هێزی کاری ژناندا، زۆرترین رێژەی هەیە، بەلام گرنگتر لەم مەسەلەیە ئەوەیە کە لەولاتی تایلەندا لەهێزی کاری ژنان زیاتر سوود وەردەگیردرێت بە بەراوردکردن لەگەل ولاتانی جیهانداو ژنان لەم بوارەدا زۆرترین رێژەیان هەیە.

ژیانی تایلەند کشتوکالی و گوندنشینییەو زۆربەی چالاکییە کشتوکالییەکان بەشێوەی خێزانی بەرێوەدەچێت

هەر بەوشێوەیەی کە پێشتر باسکرا، ڕۆڵی ژنان لەچالاکییە کشتوکاڵییەکاندا ڕۆڵێکی بنەڕەتییەو خاوەنی گرنگییەکی سەرەکییەو لەهەمانکاتیشدا خاوەنی پێشینەیەکی مێژووییە. ئەم ڕۆڵە لەڕابردووە زۆر دوورەکانەوە دەستپێدەکات، هەروەها پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە لەکۆمەڵگەی تایلەنددا گشت کارو بەرپرسێتییەکان هی پیاوبوون، کەچی ڕۆڵی ژن لەچالاکییە کشتوکاڵییەکاندا بەرجەستەو گرنگتر دەبێ و هۆکارەکەشی ئەم سێ خاڵە سەرەکییەی خوارەوەیە:

١-کۆمەڵگەی تایلەند هەر لەسەرەتای پێکهاتنییەوە، کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی و گوندنشینی بووە، زەوی بەدابینکەری گشت پێداویستییەکانی خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە دەژمێردرا، موڵکدارێتی کە گشت پێداویستییە ماڵییەکانی ژیان دابینبکات بەمەبەستو ئامانجێکی گەورە دەژمێردرا، ئیدی هەر بنەماڵەیەك بەو ئامانجە بگەیشتایە، ئەگەری دابینکردنی پێداویستییە ماڵییەکانیان دەدۆزینەوەو بەمەیلو ئارەزوویەکی زۆرەوە تێدەکۆشی و ئەو زەوییەی ئاوەداندەکردەوە. دەتوانین لەمەوە بەو ئانجامە بگەین کە خێزانە تایلەندییەکان بەشێوەیەکی تایبەتو خەڵکی کۆمەڵگەی تایلەند بەشێوەیەکی گشتی وابەستەبوون بەزەوییەوە بۆ ئەوەی درێژە بەژیانی خۆیان بدەنو پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی خۆیان دابینبکەنو ئەو زەوییەی کە وەك کێڵگەو باخو دارستانو شوێنی بەخێوکردنی مەڕومالاّت بوو، ڕۆڵێکی دیاریکەری لەمانەوەی ژیانیان هەبوو وازهێنانو بەجێهێشتنی بەمانای وازهێنان بوو لەئەگەری ژیانو ئاسایشی ژیانی تاکە کەسێتیو خێزانیی. لێرەدا ڕۆڵی پەیوەندیی ژنوپیاو لەگەڵ زەویدا ڕووندەبێتەوەو ئەو زەوییە تەنها بۆ کاری کشتوکاڵو بەخێوکردنی مەڕومالاّتو دابینکردنی پێداویستییە ماڵییەکان ڕەچاوکرا.

٢-ئاسایی بوو کە هەر خێزانێك پارچە زەوییەکی وەك کێڵگەی باخ و مێرگوزارو شوێنێك بۆ پەروەردەکردنی مەڕومالاتی لەبەردەستدابووایە. جگە لەسوودوەرگرتن لەو زەوییەو کارکردن لەسەری، چارێکی تری نەبوو. بارودۆخ وابوو کە گشت ئەندامانی خێزان لەژن و پیاوو تەواوی ئەندامانی خێزان هەریەك بەگوێرەی توانایان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بنەماڵەکە لەم زەوییەدا کارو چالاکیی بکەن. لەبەرئەوەی ئەگەر ژن و پیاوو ئەندامانی تری خێزان بەشێوەی هاوبەشیی کاری کشتوکاڵییان نەکردایە نەیاندەتوانی بەرهەمی ساڵانەیان دەستبکەوێت، ئەمەش بەمانای هەژاریی و دەستکورتی و برسێتی و لەناوچوونی خێزان بوو، ئیدی لەم تێکۆشانە گەورەیە بۆ مانەوە، ژنیش رۆڵی خۆی بەشێوەیەکی تەواو بینی و هەر لێرەدا پەیوەندیی ژن لەگەڵ کاری کشتوکاڵ و رۆڵی لەبەشی کشت وکاڵدا بەرجەستەبوو بەردەوامبۆوە، ئەویش بەهۆی ئەو مەسەلەیەی کە بەرپرسێتیی خێزان لەلایەنی دابینکردنی پێداویستییە ماڵییەکانەوە لەئەستۆی پیاودابووەو ئەم نەریتە پاش سەدەی چوادەی زایینی لەوڵاتی تایلەنددابوو بەهۆی جێگیربوونی سیستەمی پیاوسالاری، بەڵام بەهەرحاڵ بەهۆی پێویستیی بوونی بەهێزی کار لەخێزاندا، هاوکات لەگەڵ کارای کشتوکاڵ، بۆ خێوکردن و پەروەردەکردنی منالان و ئەنجامدانی کاروباری ماڵ ومێرد سوودیش لەژن وەرگیراو بەرپرسێتی دابینکردنی مووچەی خێزان، هەرچەند لەبەشی تواناو ئەرکی پیاودابوو، خرایە ئەستۆی ژنیش.

٣-پیاو بەبەرپرسی دابینکردنی مووچەی خێزان دەژمێردراو لەسەردەمی رابردوویشدا تەنها سەرچاوەی دابینکردنی مووچەی خێزان ئەو زەوییەبوو کە لەژێر دەستی خێزانەکەدابوو، کە بەکشتوکاڵ پێداویستییەکانی خێزان دابیندەکرا، لەکۆمەڵگەی گوندنشینی و

کشتوکاڵیی تایلەندا ڕێگایەکی تر جگە لەم ڕێگایە بۆ مانەوەو دابینکردنی پێداویستییەکان بوونی نەبوو، بەڵام لەگەڵ سەقامگیربوونی نەریتی بیگاریی پیاوان بۆ شارو ناچاربوونیان بەبەجێهێشتنی خێزان بوو بەهۆی ئەوەی ژن لەنەبوونی پیاودا ئەرکی پیاو لەکاروباری کشتوکاڵدا بگرێتەئەستۆو وردەوردە ڕۆڵی ژن لەچالاکییە کشتوکاڵییەکاندا جێگیربوو، هەر ئەمەشە کە لەسەردەمە دواییەکاندا چالاکیی زۆری ژن لەبەشی کشتوکاڵدا درێژە پەیدادەکات. هەربەم بۆنەیەوەیە کە بەشێکی گەورەی هێزی کارکردنی ژنان لەبەشی کشتوکاڵدا چڕبۆتەوە، بەڵام ئێستا لەڕێژەی لەسەدای کارکردنی ژنان لەبەشی کشتوکاڵدا کەمبوونەوەیەکی زۆر دەبینرێت. لەساڵی ١٩٦٠دا، (٨٧,٧٪)ی هێزی کاری ژنان تایبەتبوو بەبەشی کشتوکاڵ، لەحاڵێکدا کە لەساڵی ١٩٨٧دا هێزی کاری ژنان لەبەشی کشتوکاڵدا (٦١,٣٪)ی تەواوی هێزی کاری ژنان بوو. واتە لەماوەی (٢٧) ساڵدا، (٢٦,٤٪)ی هێزی کاری ژنان لەبەشی کشتوکاڵدا بۆ بەشەکانی تر گوێزراوەتەوە، هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕانەش زۆرن کە هەندێکیان بریتیین لە:

١-حکوومەتی تایلەند لەزەمینەی پیشەسازیدا سەرمایەگوزاریگەلێکی سیستماتیزەکراو ئەنجامدەدات و ئەم سەرمایەگوزارییانە وردەوردە بونیادی ئابووریی تایلەند لەئابوورییەکی کشتوکاڵییەوە دەگۆڕێت بۆ ئابوورییەکی پیشەیی و شاری. ئاساییە کە کارکردن لەکاروباری پیشەسازیدا کە زۆرینەی لەناوچە قەرەباڵغەکاندا واتە شارەکاندایەو لەڕووی کرێ و هەلومەرجی کاری بەردەوام و ئیمتیازەکانی تری خۆشگوزەرانییەوە زۆر باشترە لەکاری کشتوکاڵ بەکرێیەکی کەم و کارێکی سەخت و دژوارو وەرزیی و بەهۆی کاروبارە پیشەسازییەکانەوە ئارەزووی ژنان بۆ کارکردن لەبەشی پیشەسازیدا زیاترەو لەم سۆنگەیەوە

سالآنە نزیکەی (١٪)ی ژنانی کرێکار لەبەشی کشتوکاڵدا کەمدەبێتەوەو دەچێتە سەر بەشی پیشەسازی.

٢-کاری کشتوکاڵیی ژنان بەدوو شێواز ئەنجامدەدرێت، ژنان یان لەکاروباری کشتوکاڵیی خێزانی خۆیاندا کار دەکەن یان لەبەشی کشتوکاڵدا بەشێوەی کرێکار لەلای یەك کار دەکەن. ئەو ژنانەی کە لەکێڵگەکاندا خەریکی کارکردنن، بەڕاستی لەبارودۆخێکی سەختو دژواردان.

بۆ ئەم ژنانە سەعاتی کارکردن هیچ مانایەکی نییە، لەبەرئەوەی پێویستە بەرهەمەکە لەوەختێکی دیاریکراوو لەوەرزێکی دیارکراودا بچێنرێو ئەم کارە پێویستی بەچالاکیی شەوانەڕۆژی هەیە بۆ گەیشتن بەمەبەست. لەلایەکی ترەوە ئەو بەرهەمەی کە لەم ڕێیەوە بەدەست دێت، بەشێکی بۆ خودی خێزانەکەیە، بەڵام بەشە زیادەکەش پێویستە بۆ دابینکردنی خەرجیی ژیان بنێردرێتە ناو بازاڕەوەو ئەم کارە هەندێ گیروگرفت دروستدەکات، لەبەرئەوەی گۆڕینی ئەو بەرهەمانە بۆ ئەو شتانەی کە پێویستە لەبازاڕ بکڕدرێن ڕووبەڕووی کێشەی وەك جێگیرنەبوونی نرخەکانیو ستاندارد نەبوونی ئەم جۆرە بەرهەمانەیە، هەندێ جار بێئاوییو ئەو نەخۆشیو زیانانەی لەبەرهەمەکان دەدرێت دەبێتەهۆی لەناوچوونی بەرهەمی ساڵێکی خێزانێكو خێزانەکە لەکۆتایی کاردا، بەرهەمێك لەو هەوڵو زەحمەتە بەدەستناهێنێتو دەشێ زیانبارو قەرزاربێتو پێداویستییە داراییەکانی دابین ناکرێتو بەهیچ شێوەیەك هاوتاییەك لەنێوان هەوڵوتێکۆشانی لەگەڵ ڕێژەی داهاتیدا دروستنابێت.

بەڵام وەخێکیش کرێدەست لەبەشی کاری کشتوکاڵدا کاردەکەن، کرێیەکی زۆر کەم وەردەگرنو بۆ کارکردن پێویستە ڕۆژانە کاتورێگایەکی دوورودرێژ ببڕن، لەوەش خراپتر ئەوەیە زۆرجار لەکۆتایی وەرزی

کشتوکاڵدا- بەتایبەت برنج- بێکار دەبن و ماوەیەکی ئەو ساڵە بێ مووچەو داهات دەژین.

ژنە کارمەندەکان بەشێوەیەکی گشتی جگە لەکاری سەختی ڕۆژانە بەرپرسی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیشیانن و لەهەر حاڵێکدا کاری بەڕێوەبردنی ماڵەوەو ئەرکەکانی و تەنانەت پەرستاری و چاودێری و جێبەجێکردنی کاروباری مێردەکانیان ئەنجامدەدەن، بەدرێژایی کارکردنیان بەخێوکردنی منداڵان بۆتە کێشەو گرفتێکی زۆر بۆ ژنانی کرێکار، لەبەرئەوەی شوێنێك بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان نییە.

٣-کارکردن لەبەشە پیشەسازییەکاندا بەردەوامەو کرێدەستیان زیاترە، بارودۆخی کارکردن لەم بەشانەدا بەهەرحاڵ گونجاوترە لەبەشی کشتوکاڵی و بەتایبەت لەشارو لەکارگەکاندا، چونکە لانەو باخچە بۆ بەخێوکردنی منداڵان دابینکراوە کە چاودێریی منداڵانی بچووك دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش لەبەرئەوەی کارە پیشەییەکان زۆرجار لەشارو دەوروبەریانەو ژنانیش لەو شوێنانەدا بەهۆی زۆربوونی هۆیەکانی خۆشگوزەرانییەوە خاوەنی ئاسایشێکی زیاترن و کاری بەڕێوەبردنی ماڵ و مێرد لەم شوێنانەدا زۆر ئاسانترە لەگوندەکان.

لەبەرئەوە وردەوردە ژن ڕۆڵی سووننەتی و مێژوویی خۆی لەبواری کاری کشتوکاڵدا لەدەستدەدات و ژمارەی ژنانی جوتیارو کرێکار لەم بەشەدا کەمدەبێتەوەو ژمارەیان لەبەشەکانی تردا زیاد دەبێت.

هەر لەسەر بنەمای کاری ژنان لەماڵەوەو کاروباری ماڵداری و منداڵداری و پەرستاری هاوسەرو ئەو مەسەلانەی کە ژنانی ماڵدار ڕووبەڕووی دەبنەوە، بۆ ژنان بەکارێکی ڕەسمی ناژمێردرێ و هەموو ژنێك پێویستە جگە لەکاری دەرەوە کارەکانی ناوماڵیش ئەنجامبدات و ئەرکی خۆی بەباشترین شێوە جێبەجێبکات. هەندێجار کە ژمارەی منداڵان زۆرن و

کاروبـاری ماڵـەوە ئـەوەندە زۆرە کـە ژن ناچـاردەبێت درێـژە بەئـەرکی سوونەتی خۆی- واتە ماڵداریو مناڵداری بداتو لەکاری دەرەوەی ماڵەوە چاوپۆشـی بکـات، بـەڵام ئـەم جـۆرە ژنانـە ژمارەیـان زۆر نییـە، ئـەمڕۆ گەڕانەوەی ژنان بۆ کاری ماڵەوەو بەجێهێشـتنی کـاری دەرەوە بەئاسـانی ئەنجام نادرێت، لەبەرئەوەی باری خەرجیی ژیان تاڕادەیەکە کە کارکردنو بەدەستهێنانی مووچە بۆ ژن پێویستو ناچارییە، تاکو بتوانێ لەم رێیەوە بەشێك لەباری خەرجیی خێزان دابین بکات. ئەگەر ژنێك دەست لەکارکردن هەڵبگرێت، بنەماڵەکەی خۆی دووچاری هەژارییو دەست کورتـی دەکاتو پێویستە ژیانێکی زۆر سەختو گران قبوڵ بکـات، ئیـدی ژنـی تایلـەندی لەئەمڕۆدا لەهەر بارودۆخو هەلومەرجێکدا پێویستی بەکارکردنو وەرگرتنی داهاتەو لەگەڵ زۆربوونی باری خەرجیی ژیان رۆژبەڕۆژ ئەم ئەرکە بۆ ژنان گرانـتردەبێتو پێویسـتە ئـەنجامی بـدەن، بەسـەرنجدانی ئـەو باسـانەی لەسەرەوە هاتووە ئەوە رەچـاودەکرێت کـە کـارکردن لـەدەرەوەی ماڵـەوەو بەدەستهێنانی داهاتی مانگانە بۆ ژنان کارێکی ناچارییو پێویستەو ئەگەر وازی لێبهێنێت ئـەوە بـەنرخی هـەژارییو دەسـت کورتییـان تـەواودەبێت. ئیدی هیچ رێگایەك بۆ ژنانی تایلەند نامێنێتـەوە ئەوەنەبێت کە لەدەرەوە کاربکەن. بەڵام پێویستە لەشێوازی کـارکردنی ئەو بەشانە بکۆڵرێتەوە کە ئێسـتا ژنـانی تایلـەندی چالاکییـان تێـدا هەیـەو پێگـەی ژنو جـۆری رووبەڕوونـەوە لەگـەڵیدا لـەم بوارانـەدا دیـاریبکرێت، تـاکو بەتـەواوی گیروگرفتو مەسەلەکانی پەیوەست بەکار لەهـەموو بەشێکی کـارگوزاریدا بەوردی دیاریبکرێت تاکو خوێنەر بەئاسانی بتوانێ پێگەو رۆڵـی ژنـانی تایلەند لەباری ئابووریی وڵاتدا بناسێت.

ئەگەر رۆڵی ژنی تایلەندی لەئابووریی وڵاتدا لەژێر ناونیشانی کارکردنی لەبەشە جۆراوجۆرەکاندا باسبکرێ، پێویستە ئاماژە بە بەدەست بەکاربوونی ژن بکەین لەچوار بەشی سەرەکیدا کە ئەمانەن:

١-ژن لەکاروبارێکدا کە ئەنجامدانیان بەشێوەی پەیمانێکەو لەماڵەوە ئەنجامدەدرێت:

٢-ژن لەکاری کشتوکاڵدا:

٣-ژن لەکارە خزمەتگوزارییەکاندا:

١-لەو کارانەی کە ژنانی تایلەندی حەزیان لێیەتی، ئەنجامدانی ئەو کاروبارەیە کە لەماڵەوەو بەشێوەی پەیمان ئەنجامدەدرێت. لەم جۆرە کارەدا ژنان جگە لەئەنجامدانی ئەرکی ناوماڵو چاودێریکردنی منداڵومێرد، لەوەختی بێکاریدا کەرەستە سەرەتاییەکان لەبەرپرسەکانیان وەردەگرنو لەماڵەوە ئەنجامیان دەدەنو پاشان دەیگەڕێننەوە بۆ بەرپرسو کرێ دەستەکەیان وەردەگرن، ئەم جۆرە کارە کارێکی زۆر خۆشە بۆ ژنان بەتایبەتی ژنانی گوندنشین، هەڵبەتە ژنانی شاریش ئەم کارە ئەنجامدەدەنو هەرچەند کرێی ئەم کارانە زۆر کەمترە لەکرێی کارەکانی دی، بەڵام لەبەرئەوەی رێ لەئەنجامدانی کاری ناوماڵ ناگرێتو ئەوان بەناچاری بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەیەك دوورناکەونەوە، بەمەیلەوە داوای ئەو کارە دەکەن، بەڵام هێشتا زەمینە بۆ فراوانتربوونو گەشەسەندنی ئەم جۆرە کارانە بۆ گشت داواکاران لەتەواوی ساڵدا ئامادە نییە.

٢-ژن لەکاری کشتوکاڵدا، بەشێوەیەکی گشتی رۆڵی ژن لەکاری کشتوکاڵدا زیاتر راگەیەندرا، بەڵام کۆمەڵێك مەسەلەی تر لەم زەمینەیەدا کە پەیوەندیی هەیە بەدەست بەکاربوونی ژنان لەکاری کشتوکاڵدا کە دەربڕینیان بۆ تەواوکردنی باسی جۆری کارکردنو گیروگرفتی ژنان لەکاروباری کشتوکاڵدا پێویستە، دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

أ-بەشێوەیەکی گشتی دەرفەتی کارکردن زیاترە بۆ پیاوان- لەبەشی کاری کشتوکاڵدا-و زەمینەی کارکردن بەمەکینەو تراکتۆر بۆ پیاوان زیاتر لەئارادایە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە ژنان بەهیچ شێوەیەك ناتوانن سوود لەو ئیمکاناتە وەربگرن. سوودوەرگرتن لەجۆری مەکینەو ئامێرو تراکتۆرەکان دژواریی کاری کشتوکاڵ کەمترو ئەنجامدانیان ئاسانتر دەکاتەوە، ئەو کرێکارەی بەمەکینە کاردەکات زۆر کەمتر لەو کەسەی بەشێوەی سوونەتی کاردەکات دووچاری هیلاکیی دەبێت، لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەی کە بەمەکینە کاردەکەن دەبنە پسپۆڕ لەو کارەداو دەتوانن بەکرێیەکی زیاترو بەشێوەیەکی بەردەوام درێژە بەکارەکەی خۆیان بدەن.

ب- کار بۆ پیاوان هەمیشەییەو هەرکات کە پێویستیان بەهێزی کار نەمێنێت، یەکسەر کۆتایی بەکاری ژنان دێتو زۆرجاریش ژنان سوود لەکاری وەرزی وەردەگرنو لەئەنجامدا ژنان بەناچاری ماوەیەك لەساڵدا بێکار دەمێننەوە.

ج- ژنان لەبواری کارکردندا زیاتر لەپیاوان ئەزیەت دەکێشن، لەبەرئەوەی کاری گرانیان پێدەسپێردرێتو پاشان ناچارن کارەکانی ناوماڵیش ئەنجامبدەن.

د- زۆرجار کرێدەستی پیاوان زیاترە لەژنانو ئەم کەمبوونی کرێدەستەش پەیوەندیی بەچۆنییەتی کارەکەوە نییە، بەڵکو پشتبەستنە بەڕەگەزێتی، واتە لەکارێکدا کە ژنوپیاو پێکەوە ئەنجامی دەدەن، مووچەی پیاوەکە زیاترە لەژن.

ە- کاری ژنان یەك جۆرو جێی متمانەپێکردن نییەو بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو کارەی ژنان ئەنجامی دەدەن جۆراوجۆرەو دەگۆڕدرێت، بەم بۆنەیەوە کە ئەگەری زاڵبوونی ژنان بەسەر شێوازی جۆرێك کاری تایبەتدا بوونی نییە کە بەردەوامبێتو جۆرێك کارایيو زانستی تێدابێ.

و- پاش پێگەیشتنی بەرهەمی برنج لەپڕ ژمارەیەکی زۆر لەژنە جوتیارو کرێکارەکان بێکاردەبن و بەشێوەیەکی گشتیی دەرفەتی کار بۆ ژنان زۆر کەمدەبێتەوە.

ز- دەرفەت و ئەگەری فێربوون و بەشداریکردنی بەردەوام لەکاری کشتوکاڵدا بۆ ژنان زۆر کەمە، لەبەرئەوەی زۆرجار کاری ژنان وەرزییەو بەدەست ئەنجام دەدرێت و زۆرجاریش هەمە چەشنەیەو لەگۆڕاندایەو لەگوندەکانیشدا ئەگەری فێربوون بۆ ژنان نییە. ئیدی ژنان ناتوانن فێری پسپۆڕیی بن لەکارەکانیاندا.

ح- تەکنەلۆژیا لەکاروباری کشتوکاڵدا زۆرجار لەو شوێنانەدا بەکاردێت یان دادەڕێژرێت کە ژنان ناتوانن کاری تێدا بکەن و سوودوەرگرتن لەپیشەو ئامێرو مەکینەو تەکنەلۆژیا لەم زەمینەیەدا تایبەتە بۆ پیاوان.

ط - جۆری ئەو کارەی ژنان لەبواری کشتوکاڵدا ئەنجامی دەدەن، ئەوان رووبەڕووی هەندێ مەترسیی جیددیی دەکاتەوە. لەبەرئەوەی ئەو کارانە خراونەتە ئەستۆی ژنان کە زۆر گرانەو بەدەست ئەنجامدەدرێن و لەشوێنی پڕ مەترسیدان و لەو شوێنانەدان کە تەندروستییان دەخاتە مەترسییەوە.

٤- ژن لەکاروپیشەدا- لەگەڵ ئەوەی حکومەتی تایلەند تێدەکۆشێ تاکو سیستەمی پیشەسازی لەتایلەندا سەقامگیربکات، بەڵام هێشتا کرێکارانی ئەم بەشە زۆر کەمترن بە بەراورد لەگەڵ کرێکارانی بەشی کشتوکاڵیدا. ژمارەی گشت ئەو کرێکارانەی لەبەشی پیشەسازیدا کاردەکەن ناگاتە(٢,٥)ملیۆن کەس، ژنانی کرێکار لەم بەشەدا نزیکەی یەك ملیۆن و دووسەد هەزار کەسن کە ئەم ژمارەیە بەرامبەر ژمارەی ژنە کرێکارەکانی بەشی کشتوکاڵ زۆر کەمە. بەڵام بەهەرحاڵ هاوکات لەگەڵ پیشەسازیبوونی

وڵات، ژنانیش شانبەشانی پیاوان بەشداریی چالاکییە پیشەسازیەکانیان کردووە.

بەکورتی دۆخی گشتیی ژنانی کارمەند لەبەشی پیشەسازییدا بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

أ-زۆربەی ژنانی کارمەند لەم بەشەدا نەخوێندەوارن، ئیدی ئەگەری زاڵبوونیان بەسەر پیشەو شێوازە پیشەسازیو زانستییەکاندا نەشیاوە، بۆیە لەو بوارانەدا کاردەکەن کە زۆر گرانوقورسن.

ب-کرێدەستی ژنانی کارمەند لەم بەشەدا زۆر کەمترە لەکرێدەستی پیاوان هەر لەم بەشەدا، لەبەرئەوەی نەخوێندەوارىو نەبوونی شارەزایی تەواو لەلایەکەوەو داواکاریی لەڕادەبەدەری ژنان بۆ کارکردن وا لەبەڕێوەبەران دەکات بۆ کارە هەرزانو سەختەکان سوود لەژنان وەربگرن، جیاوازیی سەبارەت ژنان لەبەشی پیشەسازیدا، بەتایبەت ژنانی سکپڕ، نەخۆشو لاواز دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی چالاکییە پیشەسازیەکان بەدەستی سەرمایەگوزارەکان تۆمارنەکراوەو مافی بیمەو دابینکردنی کۆمەڵایەتییان نادرێتێ، ئیدی بەرئەنجامی ئەم هەنگاوە نایاساییە ژنان دەگرێتەوە.

ج-دەرفەتو توانای پێشکەوتن لەکاردا بۆ ژنان زۆر کەمترە لەپیاوان، خاوەن کارەکان بەسەپاندنی هەلومەرجی دژواری کارکردن، بایەخێك بە داواکاریی ژنان نادەن بۆ سوودوەرگرتن لەهەلومەرجی باشترو پێشکەوتنیان.

د- کارە پیشەسازیەکان بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی فێرکاریو بەرگرتن لەکارەساتو جێگیرنەبوونی سستەمێکی تەواوی تەندروستی، ئەوان رووبەڕووی کۆمەڵێك مەترسیی جیدیی دەکاتەوەو لەلایەنی جەستەییو رۆحییەوە هیلاکیان دەکات.

ه-سەرەکیترین گرفتی کارکردنی ژنان لەبەشی پیشەسازیدا، گواستنەوەی ئەو ژنانەیە لەبەشی کشتوکاڵەوە بۆ بەشی پیشەسازی کە لەپڕ ئەنجامدەدرێت و لەم نێوەدا هیچ بایەخێك بۆ مەسەلەی تێگەیاندنی کرێکار لەشێوازی کارو گرفتەکانی کاری نوێ و فێرکردنی دانانرێت.

خاوەن کارەکان بۆیە حەز دەکەن سوود لەژنانی کرێکار وەربگرن لەبەرئەوەی کرێدەستی کەمیان دەدەنێ و ئەوانیش داوای زۆر ناکەن و وا لەخاوەن کارەکانیان دەکەن کە بەرامبەر بەکەمترین ئیمتیازاتی خۆشگوزەرانی و لەهەلومەرجێکی سەختدا کاریان لێبکێشنەوە. ئاشکرایە ئەگەر ژنێك گرفتی خۆی لەزەمینەی وەرگرتنی کرێدەست و هەلومەرجی سەختی کارەکەی و نەبوونی کارە خزمەتگوزارییە دەرمانی و پشتگیرییەکاندا پێشکەشی دادگایەك بکات، جگە لەوەی وەڵامی سکاڵا و داواکارییەکەی نادرێتەوە، خۆی دووچاری گرفتێکی گەورەتریش دەکات.

ز- لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، بەهۆی ئەوەی دەرفەتێکی کەممان هەبوو، ئەگەری بەدەستهێنانی زانیاریی تەواوی ئامار دەربارەی سوودوەرگرتنی سێکسی لەژنانی کارمەند لەبەر دەستدانەبوو، بەڵام لەوەدەچێت کە لەم مەسەلەیەشدا، ژنانی کارمەند دوچاری ئازاری سێکسی ببن و لەلایەنی خاوەن کارو تەنانەت هاوکارە پیاوەکانیانەوە کە لەلایەنی بەرپرسانەوە هیچ بایەخێکی پێنادرێت بەکارببرێن و ناشهێڵن بڵاوببێتەوە و ژنی تایلەندی لێرەشدا دەبێتە قوربانی و هیچ رێگەچارەیەکی تری نییە جگە لەتەسلیمبوون بەهەلومەرجە کاتی و شوێنییەکان.

ح- بەشی ژنانی کارمەند لەبەشی پیشەسازیدا لەسەندیکا و بزووتنەوە کرێکارییەکاندا زۆر کەمە و پیاوان لەم بوارەدا مافی ژنیان خواردووە.

لەبەرئەوە بەهۆی ئەم کەموکورتیە گرنگەوە، ژنە کرێکارەکان لەبەشی پیشەسازیدا ئەگەری بەرگری لەمافی ڕەوای خۆیان و چاککردنی هەلومەرجی گونجاویان لەبەردەستدا نییە.

ج- ژن لەکارە خزمەتگوزارییەکاندا: کارە خزمەتگورازییەکان بەکاری وەك: ئەنجامدانی کار لەمەکتەبی ڕێکخراوە تایبەتیی و بانك و فرۆشگا و کۆمپانییاکان و گشت ئەو کارانە دەوترێت کە لایەنی بەرهەمهێنانی نییە. دەتوانین کارمەندە دەوڵەتییەکانیش بخەینە ئەم بەشەوە.

بەڵام هەرکات کە ئاماژە بەکاری خزمەتگوزاریی ژنان لەئامارەکاندا دەدرێت، مەسەلەی کاری سۆزانێتی دێتە ئاراوە، وەکو بڵێیت کە کارە خزمەتگوزارییەکان لەوڵاتی تایلەنددا بۆ ژنان تەنها کاری لەشفرۆشییە. هەڵبەت لەم کتێبەدا دەرفەتی شیکردنەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەو مەسەلەیە نییە. بەپێی هەواڵە ئامارییەکان، نێوان (٤٠٠) هەزار تاکو یەك ملیۆن ژنی لەشفرۆش لەوڵاتی تایلەندا هەیە. لەوەدەچێت ئەگەر بەوردی بایەخێکی زۆری بۆ دابنێین، مارەی ئەو ژنە سۆزانییانە زیاتربێت.

زۆرینەی ژنە سۆزانییەکان خەڵکی گوندەکانن و گشتیان داهاتی باری خەرجیی خۆیان و خێزانەکەیان دابیندەکەن. باوبوونی کاری لەشفرۆشی لەم وڵاتەدا، کۆمەڵگەی تایلەند دەخاتە بەر مەترسیگەلێکی جیددیی و ناڕەحەتیی دەروونی و جەستەیی جۆراوجۆرەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك هەنگاوێکی بنەڕەتی و جیددیی بۆ وەستانی ئەم ڕەوتە هەڵنەگیراوە. بەهۆی باوبوونی کاری لەشفرۆشییەوە کۆمەڵێك نەخۆشیی و ناڕەحەتیی تەندروستی رووی کردۆتە خەڵکی ئەم وڵاتەو کۆمەڵێك نەخۆشیی وەك ئایدز لەم وڵاتەدا دەبینرێ.

ژنە سۆزانییەکان زۆربەیان لەچینی نەخوێندەوارن‌و زۆرینەیان کچان‌و ژنانی گوندنشینن کە بۆ بەدەستهێنانی کاروداهاتی گونجاو روودەکەنە ئەم پیشەیە، یەکێك لەهۆکارەکانی رووتێکردنی ژنانی تایلەندی بۆ کاری لەشفرۆشی، نەبوونی ئەگەری بەدەستهێنانی کارێکی گونجاوە بۆ دابینکردنی ژیان‌و باری خەرجییان. لەوەدەچێت ئەگەر دەرفەتی پیشەسازی گونجاو بۆ ژنان دابینبکرێت، ئارەزوویان بۆ کاری لەشفرۆشی کەمبێتەوە، سەرەڕای ئەمەش یاسا لەبەرامبەر ئەو کەسانەی سوود لەم ژنانە وەردەگرن نەرمەو پشتگوێیان دەخات.

پاش دەربڕین‌و شیکردنەوەی دۆخی گشتیی‌و رۆڵی ژنانی تایلەند لەپەیوەندیی لەگەڵ بەشی سەرەکیی یان بواری ئابووریی وڵاتدا بۆ ئەوەی شیکردنەوەکانی ئەم بەشە یەك لایەنە‌و بێئومێدکەر نەبن، ئەو شیکردنەوەیە دەخەینەڕوو کە لەوەدەچێت تاڕادەیەکی زۆر دڵخۆشکەربێت.

لەڕۆژی (١٢) تاکو (١٦)ی ئوکتۆبەری ساڵی (١٩٨٧)دا مێزگردێك لەبواری بەشداریکردنی ژنان لەژیانی گشتیداو بە بەشداریبوونی (دە) پسپۆڕ لەوڵاتانی هیند، ئەندەنووسیا، نیوزلەند، کۆماری کۆریا، سەمقا، تایلەندو ڤێتنام لەژێر چاودێریی دکتۆر (ماکامانیان ماکاگیاتسار) بریکاری بەڕێوەبەری گشتی هاوئاهەنگیی یونسکۆ لەشاری بانکۆك سازدرا. کورتەی توێژینەوەو شیکاریی‌و بەرئەنجامەکانی ئەم مێزگردە وەك دوا وتەی ئەم بەشە لێرەدا هاتووە:

لەبەرئەوەی ژمارەی ژنان لەبەشداریکردنی ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەکۆمەڵگاوە زۆرە، پێگەی ژن کەمێك گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

لەلایەنی کارکردنەوە، ژنان هێشتا تەرکیزیان لەسەر ئەرکە ژنانەییەکان هەیەو زۆربەیان لەپلە نزمەکانی کارکردندان، دۆخی پەروەردەو

فێرکردنی کچان‌و ژنانیش پێشکەوتنێکی وای نەبووە. لەڕاستیدا ژمارەی ژنە نەخوێندەوارەکان لەزیادبووندایە، پێگەی گشتی ژن لەئاسیاو ئۆقیانووسدا قایلکەر نییە، هەرچەند دەوڵەت‌و ڕێکخراوە ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتییەکان هەوڵ‌و تێکۆشانی زۆریان هەبووە.

هەروەها بەشداریکردنی ژن لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا پێویستی بەوەیە کە بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ جارێکی تر بەڕۆڵی ئەندامانی خێزاندا بچێتەوەو ئەوکات بەسەرنجدانی ئەم مەسەلەیە هەنگاوگەلێکی پێویست هەڵبگیرێت. بەڵام پێویستە ئاماژە بەم مەسەلەیە بدەین کە پێویستە هەر کۆمەڵگەیەك نموونەو پلانی گونجاوو حەزی خۆی بۆ پەرەپێدان‌و بەشکردنی کارەکان ئامادە بکات.

وڵاتی تایلەند وەك زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لەپێشکەوتندان، خەریکی گۆڕانکارین لەبونیادی کۆمەڵگەدا واتە: مۆدێرنیزەبوون‌و ئەو گۆڕانکارییانە سەبارەت بەژنانی تایلەند چ لەشارو چ لەگوندەکاندا دەبینرێت، بەتایبەت لەلایەنی بەشداریکردنیان لەهێزی کارو زاووزێدا.

بەڵام وردەوردە ژنان سەربەخۆیی کار پەیدا دەکەن‌و ژمارەی ژنە کارمەندەکان روو لەزیادبوونە، ئیدی پێویستە لەئایندەدا چاوەڕێی کەمبوونەوەی زاووزێ بکرێت.

ئەم گۆڕانکارییانە بۆتەهۆی ئەوەی کە ژنانی تایلەند رۆژبەڕۆژ پێگەو دۆخێکی باشتری هەبێت. بێگومان گۆڕانکارییە هەمیشەییەکان لەبورای رۆشنبیریی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و تەکنەلۆژیادا کاریگەرییەکی جۆراوجۆریان لەسەر رۆڵ‌و پێگەی ژنانی تایلەند داناوەو گەشەسەندنی باری پەروەردەو رۆشنبیری بۆ ژنان بەتایبەت سەبارەت بەخوێندنی باڵا بەگریمانەی زۆر کاریگەرییەکی گرنگی دەبێت لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی ژنانی تایلەند.

گرنگیی رۆڵی ژن لەکۆمەڵگەو پێگەی وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە کە لێی جیاناکرێتەوەو ئەندامێك کە لەبەشێکی وڵاتدا هەیە، رۆژبەڕۆژ سەقامگیرتردەبێ، ئیدی پێویستە پێداچوونەوەی مەسەلەکانی ژنان بەشێوەیەکی جیددیی وەربگیرێت و هانی لێکۆڵەران بدرێت جگە لەبەرزکردنەوەی ئاستی زانست و شارەزابوونی ژنان و چاکبوونەوەی هێزی کاریان، پێویستە لایەنە دەروونییەکانیش بپشکنرێت. لەبەرئەوەی بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە یارمەتی بەرپرسان دەدات تاکو باشتر بتوانن درك بەوە بکەن کە کارکردنی ژنان بەکارێکی بنەڕەتی بزانن لەمەسەلەکانی وڵاتدا.

بەشداربووانی مێزگردی بانکۆك، ژمارەی (١١٠) ژنیان لەچینی ناوەڕاستی شاری بانکۆك- کە لەتەمەنی ٢٥ بۆ ٦٠ ساڵ-دابوون هەڵبژاردو لێکۆڵینەوەیان لەسەرکردن و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەبوو کە ژنانی تایلەند زیاتر بەئارەزووی خۆیان خەریکی کاری تایبەتی و خێزانی و سیاسین و بایەخێکی کەمتر بۆ پیشەو جۆری مەسەلەکانی پەیوەست بەکارەکانیان دادەنێن. سەرەڕای ئەمەش مێردومناڵ نابێتەهۆی ئەوەی ژنان نەتوانن کار بکەن. ئیدی لەوەدەچێت کە پێگەی ژن لەڕووی ماڵداری و کارکردنەوە دژایەتی لەپێگەی ژندا نەبینرێ. ناتوانرێت هۆکارە دەروونیی و دەرەکییەکانی ژیانی ژنانی تایلەند لەڕووی گرنگاییەوە ریزبەند بکرێت، لەبەرئەوەی لەنێوانیاندا هاوئاهەنگی و پەیوەندییەك بوونی هەیە.

رووبەڕووبوونەوە لەسەرچاوە داراییەکان نەك هەردەبێتە جێی پشتبەستنی ژنان بەتوانای تاکە کەسی، بەڵکو کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر کەسایەتی و رەفتاریان. ئەم ژنانە خاوەنی توانایەکی زیاترن لەکارکردنداو هەروەها متمانەیان بەخۆیان هەیەو دەتوانرێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە پەیوەندییەکی نزیکتر لەنێوان سەرچاوەی دارایی و

ڕەفتاری ژناندا بوونی هەبێت کە قابیلی سوودوەرگرتن بێ بۆ هاوبەشیکردنێکی زیاتر لەبەڕێوەبردن و کارکردن لەبواری بڕیارداندا.

هەر لەم بوارەدا چوار توێژینەوەی تر ئەنجامدران، چوار ژن لەڕووی تایبەتمەندێتی کەسی و نموونەییەوە هەڵبژێردران. هەر چواریان تایلەندی بوون و ئایینیان بودایی بوو کە دەرچووی زانکۆ بوون و لەچینی ناوەڕاست و سەرەوە بوون و لەدەوروبەری پایتەختدا دەژیان. توانای بڕیاردانیان لەئەزموونەکانی پێکەوەژیان لەڕۆژە سەرەتاییەکانی ژیانی گەورە ساڵیدا، پێگە جۆراوجۆرەکان و کاریگەریی پۆزەتیڤی کەسانی سەرکەوتوو لەسەر ژیانیان دیاریکرا، باوك ڕۆڵێکی گرنگتری هەبوو لەدایك، هەروەها مێردو هاوڕێی هاوچین و هاوتایش ڕۆڵێکی گرنگی لەژیانی مێرددارو بێ مێرددا هەبوو.

# بەشی پێنجەم

## بەشداریکردنی ژنان لەسیاسەتدا

لەبەشی دووەمو چوارەمی ئەم کتێبەدا- خێزانو رۆڵی ژن لەبواری ئابووریدا- ئاماژە بەپێشینەی مێژوویی سەقامگیربوونی ئەو بنەمایانەکرا کە دۆخی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئابووریی ژن لەتایلەنددا دیاریدەکەن. کۆمەڵگەی تایلەند کۆمەڵگەی پیاوسالاری بووە، بۆیە هەوڵی ئەوەدراوە رێ لەبەشداریکردنی ژن لەگشت ئەو کارانەی پەیوەستن بەدەرەوەی ماڵەوە بەرگری بگرێتو مۆڵەتی بڕیاردانی پێنەدرێت سەبارەت بەمەسەلە جۆراوجۆرەکانیو ژن وەك سەرپەرشتیاری منداڵانو خزمەتکاری پیاوو گوێڕایەڵێكو کۆیلە ئاسا سوودی لێوەربگیرێت. هەڵبەت ئەم رۆڵە لەسەدەی چواردەیەم بەولاوە وردەوردە سەپێنرا بەسەر ژنو بەپێداگرییەوە جەختکرایە سەر درێژەپێدانی ئەم رەوتەو سەپاندنی وەك پرنسیپێکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی تایلەنددا. پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە سەبارەت بەم مەسەلەیە تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتن بەدەستهاتووەو ئەم رۆڵە وەك ئەرکێکی هەمیشەیی بەشداریکردنی ژن لەگشت کاروبارە سیاسییەکاندا لەناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا گەشەی سەندووە کە رەوتێکی خێرای هەیە.

بەهەرحاڵ پیاو بەسەرپەرشتیارو ئاغاو سەرۆکی گشت بڕیارو هەنگاوەکانی ژیانی تایبەتیو کۆمەڵایەتیی تایلەند دەژمێردراو بەدرێژایی سەدەکان ئەم دەستبەسەراگرتنو رۆڵە والایەی خۆی جێگیرکرد، بەلام هەر

بەو شێوەیەی لەدوو بەشی پێشوودا باسی لەسەرکرا، گۆڕانکاریو کارەساتگەلێك بوون بەهۆی پەرەپێدانی رۆڵی ژن لەکاروباری دەرەوەی ماڵەوەداو ئەو توانایەی بەژن بەخشی تاکو رۆڵێکی سەرەکیی لەکاروباری ئابووریدا ببینێت. بێکاریی پیاوان لەرێی خزمەتکردن بەشاو بەتاڵبوونی شوێنی پیاو لەماڵەوە وای لەژنان کرد تاکو لەچوارچێوەی داخراوی ماڵەوە بێنەدەرەوەو ناچاریکردن تاکو بتوانن لەگشت کارو مەسەلەکانی پەیوەست بەخێزان بڕیار بدەنو هەنگاو بنێن، لەلایەکی ترەوە سنووردارکردنو بەستنەوەی ژنان بەئەنجامدانی کاری خۆیان بەرامبەر توانای پیاو بەهیچ شێوەیەك حیسابی بۆ نەدەکرا، بەڵام بەشێوەیەکی رەسمیی سەرەکیترین ئەركو ئیختیاراتی پیاوی لەبەردەستدابوو.

لەبواری بەشداریکردنی ژن لەمەسەلە سیاسییەکانیشدا ئەم ئاوارتنانە هەر هەبوون کە ئەگەری دووبارەبوونەوەیان نییە. بەڵام رووبەڕووبوونەوەی ژنانو ئارەزوو بڕیاردانیان پەیوەندیی لەگەڵ مەسەلەی رێژەی بەشداریکردنیان لەکاروباری سیاسیدا، دەشێ بە بەربەستێکی سەرەکیی بژمێردرێت کە لەرابردوودا نەیهێشتووە سەرکەوتنێکی وا لەم بوارەدا بەدەستبێتو ئەم بێ مەیلییەی ژنان بۆ بەشداریکردنی سیاسی خۆی لەخۆیدا لەدرێژەی سەردەمێکی دوورودرێژدا وەك نەریتێکی لێهاتووەو ژنانی لەمەیدانی مەسەلە سیاسییەکاندا بەدوورگرتووەو ئاساییە کە ئەم بابەتە وای لەپیاو کردووە کە چاوەڕێی دووربوونی ژنان بکەن لەمەیدانی سیاسەتدا. بەهەرحاڵ ژن لەسەردەمەکانی رابردوودا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەبەشداریکردنی لەمەسەلە سیاسییە ناوخۆییەکانو نەتەوەییەکان دوورخراوەتەوە، بەڵام ژنان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەگەمەی دەسەڵاتو ئاڵوێرکردنی سیاسیویەکگرتنەوەو

ڕێکـەوتنو چـالاکیو پـلانو دەسیسـەو کودەتاکـانی پشـت پـەردەدا هاوبەشییان کردووە.

ژنانیان وەك خەلات بەپاشاو ئەندامانی خێزانی پاشاو خانەدانـە پلـە بـەرزەکان پێشەکەشـدەکردو بەمشـێوەیە ژنـان دەچوونـە ناوجەرگـەی مەرکـەزی توانـاو دەسـەلاتی بڕیـاردانو لـەم ڕێیـەوە بەئامانجگـەلێکی زۆر دەگەیشتن. تەنانـەت هـەندێ خـێزانی مامنـاوەندییو ئاسـایی لـەم ڕێیـەوە پـەیوەندییان لەگـەڵ دەسـەلاتی مەرکـەزیی مەملەکـەتدا پـەیدا دەکردو هێزو سەروەتیان دەستدەکەوت. بەمەبەستی پێکهێنانی یەکگرتنو گەشەسەندنی پەیوەندیی سیاسی کچە شازادەکانیان دەهێنا یان بەشووکردن ناچاریـان دەکردنو ئەم شێوازانە نەك هەر لەکۆمەڵگەی سیاسی ئاست بەرزدا باوبوو، بەڵکو لەتەواوی جیهانو لەنێوان کۆمەڵگەو خەڵکی جۆراوجۆریشدا باوبوو.

لەسـەردەمێکدا کـە لەکۆمـەڵگادا ئـاوا لەگـەڵ مەسـەلەی ژنـدا ڕووبەڕووبوونـەتـەوە، شـتی ئاوارتـەش بیـنراوە. کچـە شـازادەیەك بـەناوی (چاماتۆی) وەك شاژنی ناوچەی (لامپون) هەڵبژێردراوە کە خاوەنی توانـاو دەسـەلاتی تـەواو بووە لـەو ناوچەیـەدا، سـەرەڕای ئەمـەش چـەند بابـەتێکی تریش لـەمێژووی تایلـەنداو پـاش سـەدەی پـانزەی زایینـی ڕوویـداوە کـە شاژنگەلێك بوونـە شـاژن تـاکو منـاڵـە بچووکـەکانیان گـەورەبنو پاشـای لاو بگاتـە تەمـەنی یاسـایی بـۆ ئـەنجامدانی ئەرکـەکانی خـۆی، ئـەم شـاژنانە بـەتواناو تـەگبیرەوە درێژەیـان بـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری مەملەکـەت داوەو هەندێ شارەزاییو شایستەییان لەخۆنواندووە. ئەم ئاوارتنانـە نیشاندەری ئـەو ڕاسـتیەن کـە هەرچـەند بـەناچار ژنانیـان لەمـەیدانی سیاسـەت دوورخسـتۆتەوە، بـەلام ئەگـەری زاڵبوونـی سیاسـی ژنـان بەسـەر مەسـەلە ڕامیارییەکانی ولاتیشدا هـەبووەو ئەگـەر ئـەو ژنانـەو ژنـە هاوکارەکانیـان متمانەیەکی زیاتریـان بەخۆیان هەبوایەو جەختێکی زیاتریـان بخسـتایەتە

سەر، دەیانتوانی پرنسیپی بە بەرزترین زانینی پیاو لەکۆمەڵگەی تایلەنددا لەناوببەن و بەشێوەیەکی راستەوخۆو لەقۆناغی بەرزی بڕیاردان و کارە سیاسییەکاندا بەشدارییان بکردایە.

بەڵام بۆچی وای لێنەهات؟

ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، هۆکاری یەکەم پەیوەندیی بەژنانی چینی خوارەوەو مامناوەندیی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەم گروپە ئەوەندە سەرقاڵی ناو ماڵەوەو خێزانی خۆیان بوون کە بەهیچ شێوەیەك بایەخێکیان بۆ دەرەوەی ماڵ‌ومناڵیان دانەدەناو گیروگرفتی ژیان گەمارۆیەکی وای دابوون کە نەیاندەتوانی جگە لەپەروەردەکردنی منداڵ و کاروباری ماڵ‌ومێردو کێڵگەکەیان بایەخ بەشتێکی تر بدەن، لەڕاستیدا بونیادی ئابووری‌و گیروگرفتی زۆری کۆمەڵگەی تایلەند نەیدەهێشت ژنانی چینی نزمی تایلەند بایەخ مەسەلە کۆمەڵایەتی‌و سایسییەکانی دەوروپشتی خۆیان بدەن. ئیدی ئەم ژنانە لەهاوبەشیکردنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییە وڵاتی خۆیان لەئاستی ناوخۆیی‌و نەتەوەیی‌دا دوورکەوتنەوە.

بەڵام هۆکاری دووەم پەیوەستبوو بە ژنانی خۆشگوزەرانی چینە خاوەن تواناو دەسەڵات‌و دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگەی تایلەندەوە. ئەم ژنانە خۆیان بەژیانێکی خۆشگوزەران‌و ژیان لەنازو نیعمەت‌و ئارامیی‌و ئاسایشدا خەریك دەکردو بەهیچ شێوەیەك بیریان لەهاوبەشیکردن‌و گرتنەئەستۆی بەرپرسێتی‌و بەشداریکردنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی نەدەکردەوە، ئیدی ئەم دوو گروپە هۆکاری سەرەکیی دوورکەوتنەوەی ژنان بوون لەبەشداریکردنی مەسەلە سیاسییەکان‌و هەروەها بوون بەهۆی سەقامگیربوونی نەریتی پیاوسالاری‌و نەهێشتنی ژنان لەمەسەلەی بڕیاردان لەمەسەلەکانی پەیوەند بەکۆمەڵگەدا. هەڵبەت لەم نێوندەدا ژنانی چینی

سەرەوەی کۆمەڵگە زیاتربوون بەهۆکاری ئەوەی ژن وەکو بووکەشووشەیەکی بێئیرادەو بێشوناس لەکۆمەڵگەدا بمێنێتەوە.

لەتەواوی سەردەمی نێوان سەرەتای سەدەی چوادەیەمی زایینی تاکو ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم نموونەگەلێکی زۆر کەم لەژنان بوونیان هەبووە کە داوای مافی رەوای خۆیان کردووە، ئەم ژنانە لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆر کەمبووەو بەشێوەی تاکەکەسی کاریانکردووەو پەیڕەویان نەبووە ئیدی هیچ یەك لەهەنگاوەکانیان بەئەنجام نەگەیشتووە.

لەنێوان ساڵەکانی ١٨٥٥-١٩٣٥دا ژمارەیەك لەژنان پێکەوە دەستیانکرد بەدامەزراندنی گروپو دامەزراوەو ئەنجوومەنی چالاکییە ئاسایشیو خۆشگوزەرانییەکان بۆ ژنانی تەواوی وڵات، بەڵام ئەم بزووتنەوانەش ئەنجامێکی کۆنکرێتی بەدەستنەهێناو بارودۆخی سیاسیی مەملەکەت رێگای لەبەردەم ئەم بزوتنەوانەدا داخستو ئەم چالاکییانە لەڕێی سەرەکیی خۆیان دوورکەوتنەوەو نەیانتوانی بەرەو ئامانجەکانیان- کە مەسەلەی ئازادیی ژنو یەکسانیبوونی پیاووژن بوو- بۆ پێشەوە بچنو لەئەنجامدا لەرێ لایداو لەئامانجو مەبەستی خۆی دوورکەوتەوە لەو سەردەمەدا، لەوڵاتی تایلەند ئەنجوومەنو گروپو حیزبی سیاسی مانایەکی وای نەبووو ئەنجوومەنو رێکخراوە پیشەییو بازرگانییەکان تازە لەخۆرئاواوە هاتبوونە ناو وڵاتو لەبری ئەوەی پشت بەئامانجەکان ببەستن، لایەنێکی خۆنواندنیان هەبوو، ئیدی خەڵکی تایلەند لەڕێی پەیوەندیی نائاساییو پەیوەندیی تاکەکەسییەوە بەئامانجەکانیان دەگەیشتن، لە ساڵی١٩٣٢ەوە حکومەتی پاشایی دیکتاتۆری تایلەند بوو بەحکومەتێکی دیموکراتیو لەو ساڵە بەدواوە ئەم وڵاتە لەڕێی دیموکراتییەوە هەنگاوی هەڵهێنا، یەکەمین دەستووری ئەم وڵاتە، بنەمای حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی لەتایلەند لەساڵی ١٩٣٣دا دارێشتو

جێبەجێیکرد لەم دەستوورەدا مەسەلەی یەکسانیی ژن‌وپیاوو پێدانی مافی دەنگدان لەهەڵبژاردنەکان‌و هاوبەشیکردنی ژنان لەکاروباری سیاسیدا پێشبینیکرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەم پێشبینییەشدا ژنانی تایلەند هەروەك جاران بەشێکیان لەهاوبەشیکردنی سیاسیدا پەیدانەکرد. پاش شەڕی دووەمی جیهانی‌و جێگیربوونی ئارامی لەتایلەندداو مەیلی تەواوی ئەم وڵاتە بۆ شێوازی حکومەتی خۆرئاوا لەساڵی ١٩٤٩دا واتە(٦١) ساڵ پاش پێشبینیکردنی مافی هاوبەشیکردنی سیاسی بۆ ژنان لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا یەکەم ژن وەك نوێنەر چووە پەرلەمانەوەو لەو رۆژەوە ژنان بەهیوای پێکهێنانی بزووتنەوەی زیاتر بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد، بەڵام کەمترین بەشیان بەرکەوتووە. هەڵبەت ژنانێك هەبوون کە توانییان بچنە ئەنجوومەنی سیناوە، بەڵام بەهەرحاڵ ژمارەی ژنە سێناتۆرو نوێنەرەکان هەمیشە زۆر کەمتربووە لەژمارەی پیاوە سیناتۆرو نوێنەرەکان‌و ئەو ژنانە جووڵەو چالاکییەکی وایان نەنواندووە، وەکو بڵێیت بوونیان لایەنێکی نواندن‌و هەبووەو هیچی تر.

لەساڵی ١٩٣٥ تاکو ١٩٧٠ ژنان دەستیانکرد بەدامەزراندنی ئەنجوومەن‌و گروپی جۆراوجۆر، بەڵام ئەم گروپانە زیاتر لەبواری خۆشگوزەرانی‌و ژیانی ژناندا چالاکییان هەبووەو بایەخێکی وایان هاوبەشیکردنی سیاسی‌و بەشداریکردن دانەناوە لەبواری چارەنووسی سیاسی وڵاتدا نەداوە یان دەشێ ئەگەری بایەخدانیان بەم مەسەلانە پەیدانەکردبێت‌و لەلایەنی بەرپرسە حکومەتی‌و حیزبیی‌و گروپە سیاسییەکانەوە مۆڵەتی بەشداریکردنیان پێنەدراوە.

لەساڵی ١٩٧٣دا لەتایلەند شۆڕشێکی زۆر گەورە لەژێر ناونیشانی شۆڕشی خوێندکارانی زانکۆدا ئەنجامدراو پاش ئەم شۆڕشە بایەخێکی زۆر بۆ مەسەلەی دیموکراسیی‌و ئازادیی سیاسی دراو بنەمای حکومەت

یەکێتی ژنانی کوردستان
کتێبخانەی تەوار
زنجیرە:
بەروار:



لەسەر هاوبەشیکردن و بەشداریکردنی یەکسان بۆ گشت چینەکانی کۆمەڵگەی تایلەندو بەشداریکردنی یەکسانیی نێوان ژنان‌وپیاوان دامەزرا. دەستووری ساڵی ١٩٧٤ کە پاش ئەم شۆڕشە داڕێژراو کاری لەسەر کرا، وا حوکمی دەکرد کە پێویستە لەماوەی دوو ساڵدا گشت ئەو بڕیارو یاسایانەی دژ بەژن لەسەرتاسەری وڵاتی تایلەندا هەڵوەشێنرێنەوە زەمینەو هەلی فراوان بۆ بەشداریکردنی ژنان لەگشت کارو ئەرکە سیاسییەکاندا دەستەبەربکرێت.

دوای جێگیربوونی ئەم یاسایە لەماوەی دووساڵدا فەزایەکی کراوە ئامادەبوو بۆ گەشەسەندنی تواناکانی ژنان‌و ژنان بەخێرایی بوون بەخاوەنی پۆستگەلێکی جۆراوجۆر لەناو وڵاتدا بەتایبەت لەدەسەڵاتی قەزایی‌و بەڕێوەبەرێتی دادا ژنان بوون بە بەڕێوەبەری کاروبارەکان. بەڵام تەمەنی ئەم یاسایەو ئەم قۆناغە لەئازادییەکان زۆر کەمبوو، لەساڵی ١٩٧٦دا کودەتایەکی خوێناوی بەدەستی سوپای تایلەند ئەنجامدراو لەدوای ئەم کودەتایەوە یاساکانی ساڵی ١٩٧٤ هەڵوەشانەوەو دەستورێکی نوێ داڕێژراو ناوی نرا دەستووری ساڵی (١٩٧٨). لەم دەستوورە تازەیەدا مەسەلەی یەکسانیی ژن‌وپیاو و فراوانیی ئازادی بەئاشکرا دووپات نەکرایەوە، ئەمە بەو مانایەبوو کە ژن دووبارە لەبەشداریکردنی تەواو لەکاروباری سیاسیی وڵاتدا نرایە لایەوە.

بەڵام چیتر ئەگەری بێ بەشکردنی ژن لەبەشداریکردنی مەسەلە سیاسییەکانی وڵات‌و هاوبەشیی بڕیاردانی نەدەکرا، ئیدی وردەوردە ژنان توانییان بچنە ناو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی سینا وەك نوێنەروسیناتۆر، هەرچەند ئەم بەشداریکردنە لەلایەن چەندایەتییەوە کەمبوو، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم دەرگایە کرایەوەو ئایندە ڕووناکتر خۆی دەینواند، بەڵام ژنانی تایلەندی بەپێچەوانەی ئەو هەنگاوە قورسانەی کە لەبەشی

کارکردن و بەشداریکردنی ئابووریدا هەڵیانگرتووە، لەبەشداریکردنی سیاسی و بەڕێوەبردنی حکومەتدا ڕۆڵێکی زۆر بچووکیان بینیووە و لەزەمینەی ئەو مەسەلانەی کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەسیاسەتگوزاریی و بەرنامەڕێژی و بڕیاردانە سەرەکییەکانەوە هەیە، ڕووبەڕووی متمانە بەخۆنەکردنێکی تەواو دەبنەوە.

ئەمڕۆ هەرچەند ژنان لەبەشداریکردن لەمەسەلە گشتی و سیاسی و بڕیاردانە سەرەکییەکاندا ڕووبەڕووی دژایەتیکردنی پیاوان دەبنەوە، بەڵام ئەو هەنگاوانەی لەلایەنی ژنانەوە لەم زەمینەیەدا نراون، ئەگەری وەستان و پاشەکشێی ناهێڵن. لەبەرئەوەی بواری جۆراوجۆر بوونی هەیە کە ژنان پێگە و کاری بەرزی کۆمەڵگەکەیان تیا دەستکەوتووە و لەو ماوە کورتەی کارکردنیاندا بەهاکانی بوونیان، تواناییان، شارەزاییان و شایستەیی تاکەکەسیی خۆیان سەلماندووە، ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەی کە کەسانی تر متمانەی تەواویان پێبکەن و سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، هەڵبەتە بزووتنەوەی ژنانی تایلەند لەپێناو بەدەستهێنانی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو و بەشداریکردنی تەواویاندایە لەگشت کاروبارە بڕیاردانەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخراوە ئیدارییەکانی حکومەتدا. کەمبوونی ژمارەی ئەم ژنانە لەکارە دەوڵەتیی و پۆستە ئیدارییەکانی وڵاتدا تاڕادەیەکی زۆر ئەوانی جیاکردۆتەوە لەکارتێکردنیان بەسەر مەسەلە سیاسییەکانی وڵاتەکەیانداو لەبەرامبەردا زۆربەی پیاوان ئەم پۆست و کارانەیان خستۆتە ژێردەستی خۆیانەوە، بەم شێوەیە بیرۆکەی سوونەتی پیاوان واتە باشتربوونی پیاوان زیاتر لەجاران دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی ژنان لەبەشداریکردنی تەواوی کۆمەڵایەتی و وەرگرتنی مافی ڕەوایان لەم مەسەلەیەدا.

لەلایەکی ترەوە زۆرینەی ژنـان بـەهۆی نـەزانیو نەخوێندەوارییـەوە، پیـاوان لەخۆیان بە بەرزترو باشتر دەزانن و ئەو کاروبارانەی پەیوەستن بـەبڕیاردانی سـەرەکی لەمەسەلە سیاسییەکاندا بەئەرکی پیاوان دەزانن و مەیدان بەسوودی پیاوان چۆڵدەکەن، ئەم ژمارە زۆرە لەژنان بەمشێوە بیرکردنەوەیـە پشتیوانیی لەهاوڕەگـەزەکانی خۆیـان لەهەڵبژاردنەکاندا ناکەن، ئیدی بەڕێژەیەکی زۆرو بەشـێوەیەکی بێهاوتا مـەیدانی بـۆ پیاوان بەچۆڵی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە لەدوایین هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی تایلەندد‌ا لە (٣٥٠) ژنی پاڵێوراو تەنها (١٢)کەسـیان وەك نوێنـەر هـەڵبژێردران، ئەمـە لەحاڵێکدایـە کـە هـەر لـەم هەڵبژاردنـەدا (٣٢٥)کـەس بـۆ نوێنەرایـەتی ئەنجوومـەن هەڵبژێردرابوون، هەروەها لەکۆی (٢٦٠) سیناتۆر تەنها (٥) کەسیان ژنن، ئەمە لەکاتێکا کە ئەگەر ژنانی تایلەند کـە بەلایـەنی کەمـەوە (٥٠٪)ی ژمـارەی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنن دەنگیان بەژنە پاڵێوراوەکان بدایـە بەلایـەنی کەمـەوە ڕێـژەی نوێنـەرانی ژن وپیاو لەپەرلەماندا نیو بەنیوە دەبوو. کەمبوونی ژمارەی ژنە نوێنـەرەکانی پەرلـەمان خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە کە توانـا و دەسـەڵاتەکان دەداتـە دەسـتی پیـاوان و لیژنـەی دەوڵەت و حکومەتیش دەچێتە ژێر دەسەڵاتی پیاوەوە. ئاشـکرایە کـە هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارەیە کە لەبەرامبەر (٤٥) وەزیری پیاو تەنها یەك وەزیری ژن بوونی هەیە.

ئـەوەی کـە ژنـی تایلـەندی ژنێکـی قوربانـیو چەوسـاوەیە گومـانی تێدا نییە، بەڵام ئەم ژنە چەوساوەیە تاکو کاتێ کە بۆ گەیشتن بۆ مافـەکانی تێنەکۆشێ ناتوانێ چەوسانەوەو ستەملێکردن لەسـەرخۆی هـەڵگرێ، ئـەو ژنـە تایلەندییانـەی کـە بـەپێی ئامـارە ڕەسمییـەکانی دەوڵـەت لەلایـەنی شـەهادەوە ژمارەیـان لـەژمارەی پیـاوان زیـاترە، نابـێ چـاوەڕوانی پشتگیریکردنی دەوڵـەتو یاسا و دەستوورەکانی حکومـەت بـن، پێویسـتە خۆیـان هەسـتنەوەو جڵـەوی بـەڕێوەبردنی حکوومـەت بگرنەدەسـتو وردەوردە ئـەو یاسایانەی دژ بـەژنو بوونەتـە هۆکـاری بێبەشـبوونی ژن لەکۆمەڵگادا لابەرنو مافی یەکسانییان بەدەستبهێنن.

لەبەر ئەوەی لەزوربەی زەمینەکاندا، ڕێگا بۆ بەشدارکردنی تەواوی ژنان لەکاروباری سیاسیی و کۆمەڵایەتیتاڕادەیەکی زۆر هەموار بووە. بەپێی یاساکانی ساڵی ١٩١٤ تەنها پیاوان مافی ئەوەیان هەیە کە بۆ پۆستی کوێخایی، پۆلیس و بەڕێوەبەریتی ناحیەو گوندەکان هەڵبژێردرێن. لەساڵی ١٩٨٢دا ئەم مافە بەشێوەیەکی یەکسان بەژن وپیاو دراوە. ئەمە کردنەوەیەکی گەورەیە کە ژنان دەتوانن بەسوودوەرگرتن لێی لەنزمترین پۆست تاکو بەرزترینیان، بەشداریکردنی خۆیان دەستپێبکەن و پاشان لەگشت زەمینەکاندا گەشە بسێنن.

بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەو ململانێ و هەوڵی ژنانی تایلەند لەپێناو بەرەوپێشچوونی مەسەلە سیاسیی و سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ژنان بە بەراوردکردن لەگەڵ بزووتنەوەو چالاکیی ژنانی وڵاتانی دی زۆر بنەڕەتییی و لەبەرچاو نەبووە، حکومەتی تایلەندیش هەرچەند یاساو دەستووری نوێی لەپەیوەندیی پێدانی توانای بەشداریکردنی ژنان لەو وڵاتەدا دارشتووە، بەڵام هێشتا بایەخێکی وای بەم مەسەلەیە نەداوەو لەبەرچاوی نەگرتووەو لەم لایەنەوە باوەڕی وایە کە ئەم مەسەلەیە پێویستە ڕەوتێکی ئاسایی بگرێتەبەرو زۆربەی هەنگاوەکانی حکومەت لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەی پێکهێنانی کۆمیسیۆنێك بەناوی (کۆمیسیۆنی نەتەوەیی بۆ مەسەلەکانی ژنان) و ئامانجەکەشی بۆ پێشکەوتنی ژنانە لەگشت زەمینەکانداو یارمەتیدان و هەموارکردنی ڕێگایە بۆ بەرەوپێشچوونیان.

حکومەتی تایلەند لەساڵی ١٩٨٩دا ئەگەری بەشداریکردنی ژنێکی وەك وەزیر لەکابینەی وڵاتدا ئامادەکرد، هەرچەند ئەم هەنگاوە بچووك بوو، بەڵام متمانە بەخۆکردنێکی زیاتری بە ژنانی تێکۆشەر بەخشی، کێشەی سەرەکیی ژنان لەزەمینەی بەشداریکردنی تەواو لەبڕیارپدانە سەرەکییەکانی

ولاّت یان بەڕێوەبەریتی و پۆستی سیاسی، کەمبوونی ژمارەی ئەو ژنانەیە لەو بوارەدا، جگە لەمەش هێشتا رووبەڕووبوونەوەی ژنان لەگەڵ کاری هاوبەشیکردنی سیاسی رووبەڕووبوونەوەیەکی عاتیفی و سوونەتییە نەك رووبەڕووبوونەوەیەکی لۆجیکی و واقیع خوازانە، لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە سەبارەت بەچواردە ژنی تایلەندی خاوەن پیشەی سیاسی ئەنجامدراوە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە بەدەست هاتووە:

١-ئەم چواردە ژنە گشتیان لە بنەماڵەگەلێکدابوون کە وابەستەبوون بەسیاسەتمەدارە گەورەو هەڵکەوتووەکانەوە.

٢-گشتیان لەبنەماڵەگەلێکی خۆشگوزەران و دەوڵەمەنددابوون.

٣-خاوەنی بڕوانامەی بەرزی خوێندن بوون.

٤- گشت ئەم ژنانە لەلایەنی خێزانیی و لەلایەنی تاکە کەسییەوە لەوڵاتی تایلەنددا بەناوبانگبوون.

٥-ئەم ژنانە بەتەواوی خۆیان بەکاری سیاسییەوە خەریککردبوو.

٦-گشت ئەم ژنانە باوەڕییان نەبوو کە سیاسەت یاریی توانا و دەسەلاّتە، بەڵکو ئەوان سیاسەتیان بەئامانجێك لەژیان دەژمارد.

هاوکات رای(٣٢٠) ژنی ئاسایی سەبارەت بەمەسەلەی سیاسەت بەشێوەی چاوپێکەوتن پشکێنرا، ئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنانە بەمشێوەی خوارەوە ریزبەندی کرا:

*گشت ئەم ژنانە سیاسەتیان بەکارێکی ئاڵۆزو پیس دەزانی.

*گشتیان باوەڕیان وابوو کە ئەو بەربەستانەی رێ لەبەرەوپێشچوونی سیاسی ژنان دەگرن بریتیین لە:

١-ترس لەڕکابەریتی بێبەزەییانەی لایەنەکانی دی.

٢-قبوڵ نەکردنیان لەلایەن پیاوانەوە وەك سیاسەتمەدار.

٣-گرفتی خێزانی و تایبەتی (تاکە کەسی).

٤-گیروگرفتی کۆمەڵایەتی- رۆشنبیریی.

٥-نەبوونی پشتگیریکردنی یاسایی.

٦-نەبوونی حیزبی سیاسی ژنان.

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە کە لەسەر ئەم دوو گروپە لەژنان ئەنجامدراوە، شێوەی رووبەڕووبوونەوەی ژنان لەگەڵ کاری بەشداریکردنی سیاسیدا لەوڵاتی تایلەند بەتەواوی دەستنیشان دەکاتو هەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەو شێوەی رووبەڕووبوونەوەیە لەکاری پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی هاوبەشیکردنی ژنانی تایلەند لەمەسەلە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی کۆمەڵگادا بەگرفتێکی گەورە دەژمێردرێت.

(ئامارا پونگساپیچ Manara pongsa pich) لەساڵی ١٩٨٩دا کتێبێکی لەژێر ناونیشانی (رێبەریکردنی ژنان لەتایلەندی دێهاتیدا) بڵاوکردەوە کە ئێمەش خشتەیەکمان لەژمارەی نوێنەرانی پەرلەمانەکانی تایلەندو ژمارەو رێژەی سەدیی ژنان لەم پەرلەمانەدا لەساڵەکانی ١٩٣٣-١٩٨٧دا ئامادەکردووە.

**خشتەکانی ئاماری نوێنەرانی ئەنجوومەنەکانی تایلەند- ژمارەو رێژەی سەدیی ژنانی نوێنەر لەساڵی ١٩٣٣ تاکو ١٩٨٧.**

**ئەنجوومەنی نەتەوەیی**

| ساڵ | ژمارەی ژنە نوێنەرەکان | رێژەی لەسەدای ژنە نوێنەرەکان | ژمارەی تەواوی نوێنەرەکان |
|---|---|---|---|
| ١٩٣٣ | - | - | ٧٨ |
| ١٩٣٧ | - | - | ٩١ |
| ١٩٣٨ | - | - | ٩١ |
| ١٩٤٥ | - | - | ٩٦ |
| ١٩٤٨ | - | - | ٩٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٩ (٩كورسى | ١ كەس | ٠,٨٥ | ١١٩ |
| زیاتر) | ٤ كەس | ٣,٣٦ | ١٦٠ |
| ١٩٥٢ | ١ | ٠,٦٣ | ١٦٠ |
| ١٩٥٧ | ٤ | ٢,٥٢ | ١٦٠ |
| ١٩٥٧ | – | – | ٢٦ |
| ١٩٥٨ ٢٦ | ٦ كەس | ٢,٧٨ | ٢١٩ |
| سێناتۆروازیان | ٣ كەس | ١,١٢ | ٢٦٩ |
| هێناو ٢٦ كەس | ٥ كەس | ١,٧٩ | ٢٧٩ |
| چوونە شوێنیان | ٧ كەس | ٢,٣٣ | ٣٠١ |
| ١٩٦٩ | ١٣ كەس | ٤,٠١ | ٣٢٤ |
| ١٩٧٥ | ١٢ كەس | ٣,٤٦ | ٣٤٧ |
| ١٩٧٦ | ١٠ كەس | ٢,٨٠ | ٣٥٧ |
| ١٩٧٩ | | | |
| ١٩٨٣ | | | |
| ١٩٨٦ | | | |
| ١٩٨٨ | | | |

**سیناتۆرە هەڵبژێردراوەكان**

| ساڵ | ژمارەی ژنە نوێنەرەكان | رێژەی لەسەدای ژنە نوێنەرەكان | ژمارەی تەواوی نوێنەرەكان |
|---|---|---|---|
| ١٩٣٣ | – | – | ٧٨ |
| ١٩٣٧ | – | – | ٩١ |
| ١٩٤٥ | – | – | ٩٥ |
| ١٩٤٦ | – | – | ٩٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٦ | – | – | ٨٠ |
| ١٩٤٧ | ٢ | ٢ | ١٠٠ |
| ١٩٥١ | ١ | ٠,٨١ | ١٢٣ |
| ١٩٥٩ | – | – | ٢٤٠ |
| ١٩٦٧ | – | – | ١٦٤ |
| ١٩٦٨ | – | – | ١٢٠ |
| ١٩٦٩ | – | – | ١٦٤ |
| ١٩٧٣ | ١٨ | ٦,٠٢ | ٢٩٩ |
| ١٩٧٥ | ٩ | ٩ | ١٠٠ |
| ١٩٧٩ | ٣ | ١,٣٣ | ٢٢٥ |
| ١٩٨١ | ٣ | ١,٣٣ | ٢٢٥ |
| ١٩٨٣ | ٤ | ١,٤٦ | ٢٤٣ |
| ١٩٨٥ | ٥ | ٢,٠٦ | ٢٤٣ |
| ١٩٨٦ | ٥ | ١,٩٢ | ٢٦٠ |
| ١٩٨٧ | ٥ | ١,٩٢ | ٢٦٠ |

**ئەنجوومەنی نەتەوەیی یاسادانان**

| ساڵ | ژمارەی ژنە نوێنەرەکان | ڕێژەی لەسەدای ژنە نوێنەرەکان | ژمارەی تەواوی نوێنەرەکان |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٢ کۆبوونەوە، | – | – | ٢٢٩ |
| یاسادانانی | ١٨ | ٥,٢٩ | ٣٤٠ |
| نەتەوەیی(١) | ١٠ | ٢,٧٨ | ٣٦٠ |
| ١٩٧٦ کۆبوونەوە، | | | |
| نەتەوەیی بۆ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| چاککردنی کاروباری ئیداریی ۱۹۷۷ کۆبوونەوە، نەتەوەیی یاسادانانی (۲) | | | |

زۆربەی ئەو پسپۆڕانەی کە سەبارەت بەژنانی تایلەند دەکۆڵنەوە باوەڕیان وایە کە بەشداریکردنی ژنان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بەپشتگیریکردنی یاسایی هەیە. یاساکانی دژ بەجیاوازیی رەگەزێتی یارمەتی ژنان دەدەن تاکو بەرەوپێشەوە بچن. هەڵبەتە ئەو یاسایانەی کە دەوڵەت جێگیری ئەکات کاریگەرییەکی وای نابێ. پێویستە یاساکان بەشێوەیەکی دروست و کاریگەر بخرێنە گەڕو سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، لۆجێکێك بگرنەبەر تاکو لەکرداردا مەسەلەی یەکسانیی پیاوو ژن لەلایەنی توانا و هەل و دەرفەتەکانەوە رەوتی ئاسایی و سروشتی خۆیان بدۆزنەوە، لەچەند دەیەی کۆتاییدا دۆخی گشتی ژنانی تایلەند بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوچاکبوون دەچێت. رێکخراوە نێودەوڵەتیی و ئەنجوومەن و رێکخراوەکانی ژنان و ئەو رێکخراوانەی وابەستەن بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لەرەوتی چاکبوونەوەی دۆخی ژنان و رەفتارو سیاسەتی ئەم رێکخراوانەو بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر بۆتەهۆی گۆڕینی گشتی دۆخی ژنانی تایلەند لەپێناو چاکبوون و گەیشتن بەمافەکانیان لەپانزە ساڵی رابردوودا، گۆڕانکاریگەلێکی گرنگ لەیاساکانی پەیوەست بەمەسەلە خێزانییەکانی تایلەند درووستبووە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مەسەلەی یەکسانیی ژن و پیاو هەبووە.

بەر لەساڵی ١٩٧٥ ژنان لەکارکردن لەکاروبارە قەزاییەکاندا بێبەشکرابوون، بەڵام ئێستا ئەم یاسایانە پووچەڵبوونەتەوەو ڕێی وەرگرتنی پۆستە قەزاییەکان لەگشت قۆناغەکاندا کراوەتەوە، یاساکانی دژ بەژنان لەپێکهاتە ئیدارییەکانی حکومەتیشدا گۆڕاوە. یاسا ئیدارییەکانی ناوخۆیی ساڵی ١٩٨٢ ڕێی بۆ بەدەستهێنانی بەرپرسێتی کوێخایی، پۆلیسو بەڕێوەبەرێتی ناحیە بۆ ژنان خۆشکردووە. ئەم یاسایە یەکێکە لەو یاسا زۆر کاریگەرانەی کە گرەنتی بەشداریکردنی ژنان لەمەسەلە ناوخۆییەکاندا بەتەواوی دەکات.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا ژنان بەتەواوی خۆیان تێکەڵی بەشداریکردنی مەسەلە سیاسییەکان ناکەنو بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستانە تاڕادەیەك ڕووبەڕووی گیروگرفتگەلێك دەبنەوە، لەبەرئەوەی تاکو ئێستا کۆمەڵگە ئەو جۆرە کارانە بەتایبەت بۆ پیاوان دەزانن. بۆ نموونە ژنان وەك بریکاری پۆلیس هەڵنابژێرن لەبەرئەوەی بڕوایان وایە کە خاوەنی ئەم پۆستە پێویستە هەستێتەوە بەدەستگیرکردنی تاوانبارانو ژن بەخاوەنی ئەو توانایە نازانن. لەکاتێکا کە جگە لەو ئەرکە، دەیان ئەرکی تر لەسەر ئەستۆی ئەو پۆستەیە کە ژنان بەئاسانی دەتوانن ئەنجامیان بدەن. بەڵام تەنها بەهۆی بەندێکەوە لەوەدەچێت تاکو رادەیەك قورسبێت، ژنان بۆ ئەم پۆستە بەشایستە نازانن.

(پونگساپیچ) ئامارێکی تری لەکتێبی خۆیدا هێناوە کە ڕێژەی بەشداریکردنی ژنانوپیاوانی لەئەنجوومەنە نەتەوەیی و ناوخۆییەکاندا دەستنیشانیکردووە.

**ئەنجوومەنە نەتەوەییەکانی (١)**

| سالی ١٩٨٥ | داواکار | تەواوی | ژ.هەڵبژاردن | ڕێژەی تەواو بەڕێژەی داواکار | ڕێژەی هەڵبژێردراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژن | ٥٤ | ٢,٨٧ | ١٣ | ٤,٠١ | ٢٤,٠٧ |
| پیاو | ١,٨٢٦ | ٩٧,١٣ | ٣١١ | ٩٥,٩٩ | ١٧,٠٣ |
| کۆی گشتی | ١,٨٨٠ | ١٠٠ | ٣٢٤ | ١٠٠ | ١٧,٢٢ |
| ١٩٨٦ | | | | | |
| ژن | ٣٢٦ | ٩,٤٠ | ١٢ | ٣,٢٢ | ٣,٣١ |
| پیاو | ٣,٤٥١ | ٨٩,٦١ | ٣٥٥ | ٩,٧٣ | ١٠,٢٩ |
| کۆی گشتی | ٣٨١٣ | ١٠٠ | ٣٦٧ | ١٠٠ | ٩,٦٢ |
| ١٩٨٨ | | | | | |
| ژن | ٣٦٦ | ٩,٢٠ | ١٠ | ٢,٨٠ | ٢,٧٣ |
| پیاو | ٣,٦١٢ | ٩٠ | ٣٤٧ | ٩٧,٢٠ | ٩,٦١ |
| کۆی گشتی | ٣.٩٧٨ | ١٠٠ | ٣٥٧ | ١٠٠ | ٨,٩٧ |

**ئەنجوومەنە پارێزگارییەکان (٢)**

| سالی ١٩٨٥ | داواکار | ڕێژەی داواکاران | ژ.هەڵبژێراوەکان | ڕێژەی تەواو هەڵبژێردراوەکان | ڕێژەی هەڵبژێراوەکان بەڕێژەی دواکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ژن | ٢٣٩ | ٣,٦٨ | ٧٨ | ٣,٩٥ | ٣٢,٦٤ |
| پیاو | ٦,٢٦ | ٩٦,٣٢ | ١٨٩٦ | ٩٦,٠٥ | ٣٠,٢٩ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٦,٤٩٩ | ١٠٠ | ١٩٧٤ | ١٠٠ | ٣٠,٣٧ |

**ئەنجوومەنەکانی شارۆچکەکان (٣)**

| ساڵی ١٩٨٥ | داواکار | ڕێژەی داواکاران | ژ. هەڵبژێراوەکان | ڕێژەی تەواو هەڵبژێردراوەکان | ڕێژەی هەڵبژێراوەکان بەڕێژەی داواکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ژن | ٢٥٨ | ٦,٧٥ | ١١٠ | ٥,٨٧ | ٣٨,٦٠ |
| پیاو | ٣٩٣٧ | ٩٣,٢٥ | ١٧٨١ | ٩٤,١٨ | ٤٥,٢٤ |
| کۆ | ٤٢٢٢ | ١٠٠ | ١٨٩١ | ١٠٠ | ٤٤,٧٩ |

ڕێـژەی بەشـداریی ژنــان لەئەنجوومــەنی شـــارو شـــارۆچکەکاندا بەبەراورد لەگەڵ ژمارەیەك لەنوێنـەرانی پیـاو ئـەوەندە نییــەو ڕێـژەی ئـەم بەشدارییەش بەقەد ئەو بەشدارییانەیە کە لەئەنجوومەنـە دەوڵەتییـەکاندا هەیەو پێویستە بوترێت کە لەهەموو ئەنجوومەنە دەڵـەتیی‌و ناوخۆییەکانی تایلەندا ڕێژەی بەشداریی ژنان بەشێوەیەکی خاو ڕوو لەزیادبوونە.

لـەکۆتایی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا دەبێت بوترێـت کـە بەشـێوەیەکی گشتی بەشداریکردنی ژنانی تایلەند لەبواری سیاسی‌و کۆمەلایـەتییدا وای کردووە ژنانی تایلەند بکەونە بەردەمی ڕێگەیـەك کـە خۆیـان بیانـەوێت‌و نەیانـەوێت ڕێگایـەك نییـە جگـە لـەدرێژەپێدانی ڕەوتـی بەشـــداریکردنیان لـەکاروباری سیاسـی‌و کۆمەلایـەتی کۆمەڵگـەی خۆیـان‌و پێویسـتە تـاکو گەیشتن بەقۆناغی یەکسانیی تـەواوی نێوان ژن‌وپیاو بەرەوپێشـەوە بچن‌و چیتر ئەگـەری دواکـەوتنیان نـامێنێت، هەڵبەتـە تـاکو گەیشـتن بـەئامانجی کۆتایی ڕێگەیەکی دووروودێژیان لەبەردەمدایەو درێژەو کورتبوونەوەی ئەم ڕێگایـە پەیوەندییـەکی تـەواوی هەیـە لەگـەڵ ڕێـژەی تێکۆشـانی ژنـان‌و وشـیاریی کۆمەڵگـەی تایلـەندو واقیــع خوازیــی پیــاوانی دەوڵــەت‌و

داڕێژەرەکانی سیاسەتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە، هەروەها لەپێناو گەیشتن بەئامانجی کۆتاییو گەیشتن بەمافی تەواوی ژن پێویستە پیاوانی دەوڵەتو دەوڵەتی تایلەند بەرنامەی جددییو سەرەکیی دابڕێژنو یاساکانی جیاوازیی رەگەزیی لەناوبەرن.

یاسای خێزان، یاسای پاشکۆیەتی، یاسای کار، یاسای کاروباری ئیداریو سیاسی، یاسای پەروەردەو فێرکردن، یاسای کاری سۆزانێتی، یاسای منداڵ لەباربردنو یاسای هێزە چەکدارەکانی وڵات هێشتا کەرەسەی ناباو دژ بەژنانی تێدایە.

هەرکات ئەو یاسایانە لابرانو کۆتاییان پێهات، ئەوە تەنها ئەو ساتەیە کە مافی تەواوی ژنو یەکسانیی لەگەڵ پیاودا دابینکراوەو کۆتایی بەنیشانەکانی چەوسانەوەو ستەملێکردنی ژن لەتایلەند هاتووە.

**خشتەی مافی ژنانو چوونیان بۆ ئەنجوومەنەکانی وڵات**

| | |
|---|---|
| مافی هەڵبژاردن | ١٩٣٢ |
| مافی خۆپاڵاوتن | ١٩٣٢ |
| ساڵی دامەزراندنی یەکەم ژن لەئەنجوومەندا | ١٩٤٧ |
| ساڵی پاڵاوتنی یەکەم ژن لەئەنجوومەندا | ١٩٤٩ |

**ژمارەی ژنانو رێژەی سەددییان بەرامبەر تەواوی نوێنەران لەئەنجوومەنی سینادا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | رێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٢ | ٢٧٠ | ٢٦٢ | ٨ | ٪٣,٥ |

**ژمارەی ژنانو رێژەیان (لەسەدا) بەنیسبەت تەواوی نوێنەران لەئەنجوومەنی نوێنەراندا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | رێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٢ | ٣٦٠ | ٣٤٥ | ١٥ | ٪٤,٢ |
| ١٩٩٥ | ٣٩١ | ٣٦٧ | ٢٤ | ٪٦,١ |

**خشتەی دۆخی رابردوو لەساڵی ١٩٤٦دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٦ | ١٩٢ | ١٩٢ | — | — |

**خشتەی ئەنجوومەنی نەتەوەیی لەساڵی ١٩٧٥دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٥ | ١٠٠ | ٩١ | ٩ | ٪٩,٩ |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی نوێنەران لەساڵەکانی ١٩٧٥ و١٩٧٦دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٥ | ٢٦٩ | ٢٥٣ | ٣ | ٪١,١ |
| ١٩٧٦ | ٢٧٩ | ٢٦٤ | ٥ | ٪١,٨ |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی چاککردنی کاروباری ئیداریی لەساڵی ١٩٧٦و ١٩٧٧دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٦ | ٣٤٠ | ٣٢٢ | ١٨ | ٪٥,٢ |
| ١٩٧٧ | ٣٦٠ | ٣٥٠ | ١٠ | ٪٢,٨ |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی نەتەوەیی لەساڵی ١٩٧٩و ١٩٨٨دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٩ | ٢٢٥ | ٢٢٢ | ٣ | ٪١,٣ |
| ١٩٨١ | ٢٢٥ | ٢٢٢ | ٣ | ٪١,٣ |
| ١٩٨٣ | ٢٤٣ | ٢٣٩ | ٤ | ٪١,٦ |
| ١٩٨٥ | ٢٦٠ | ٢٥٥ | ٥ | ٪١,٩ |
| ١٩٨٦ | ٢٦٠ | ٢٥٥ | ٥ | ٪١,٩ |
| ١٩٨٧ | ٢٦٠ | ٢٥٥ | ٥ | ٪١,٩ |
| ١٩٨٨ | ٢٦٧ | ٢٦١ | ٦ | ٪٢,٢ |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی نەتەوەیی لەساڵی ١٩٤٥و ١٩٥٧دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٥ | ٩٥ | ٩٥ | ٠ | ٪٠ |
| ١٩٤٦ | ٨٠ | ٨٠ | ٠ | ٪٠ |
| ١٩٤٧ | ١٠٠ | ٩٨ | ٢ | ٪٢,٠ |
| ١٩٥١ | ١٢٣ | ١٢٢ | ١ | ٪٠,٨ |
| ١٩٥٧ | ١٢١ | ١٢١ | — | — |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی یاسادانان لەساڵی ١٩٥٩دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٩ | ٢٤٠ | ١٦٤ | — | — |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی سینا لەساڵی ١٩٦٨و ١٩٦٩دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٨ | | | | |
| ١٩٦٩ | ١٦٤ | ١٦٤ | — | — |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی نوێنەران لەساڵی ١٩٦٩دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٩ | ٢١٩ | ٢١٣ | ٦ | ٪٢,٨ |

**خشتەی ڕێژەی لەسەدای ژنان لەئەنجوومەنی یاسادانانی نەتەوەیی لەساڵەکانی١٩٧٢ و١٩٧٣دا**

| ساڵی | ژمارەی کورسییەکان | پیاوان | ژنان | ڕێژەی ژنان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٢ | ٢٩٩ | ٢٩٩ | — | — |
| ١٩٧٣ | ٢٩٩ | ٢٨١ | ١٨ | ٦.٠ |

## بەشی شەشەم : خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی

لەم دەیان ساڵەی دواییدا خزمەتگوزاییە تەندروستییەکان بـەخۆڕایی لـەپێناو پاراستنی تەندروستی کۆمەڵگەدا لەلایەن ڕێکخـراوە جیهانییەکانـەوە بایـەخێکی زۆری پێدراوە. دەوڵەتەکان بە لەبەرچاوگرتنی بـارودۆخی کۆمەڵایـەتیو ئـابووریی خۆیـان، بەرنامەگەلێکی بەرفراوانیان لەم بوارەدا ئامادەکردووە. ئەم تێکۆشانە بـۆ پـەرەپێدانی ئـامرازی تەندروستیو پاراستنی تەندروسـتیی کۆمەڵگـە چۆتـە بەرنامـەی وڵاتـانی پەرئەستێنەوە. بـەڵام دابـەزاندنی ئـاوا بەرنامەگـەلێك پێویستی بەسـەرمایەیەكی زۆرو بەرنامەڕێژییەکی وردو دروستو سوود وەرگرتنە لە کەسانی پسپۆڕو کارناس لەزەمینەی مەسەلە تەندروستیو چارەسەرکەرییەکانو تەنانەت تەکنەلۆژیای پێشکەوتووش.

بـەپێی ئـەو ڕاپـۆرتو ئامارانـەی پێشکەشکران وا دیـارە کـە ئـەم بەرنامانە لەم وڵاتانەدا بەسەرکەوتوویی بەرەو پێشەوەدەچن، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئـەم ئامـارو هەواڵانـە لەسەداسـەد قبوڵبکرێـن، ئـەوە ئاشـکرایە کـە لەوڵاتانی پەرەئەستێندا، سەرەکیترین گرفت، نەبوونی توانای دابەشکردنی یەکسانیی ئامرازو کەلوپەلەکانە لەگشت بوارەکاندا.

لەگـەڵ ئەمەشـدا چـۆن قبوڵدەکرێـت کـە ئـامرازی خۆشـگوزەرانیو تەندروسـتی لەپایتـەختو شـارە سـەرەکییەکاندا وەکـو گونـدو شـوێنە دوورکەوتووەکان بێت؟

پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە بدەین کە لەکاتی ئامـادەکردنی ئـەم کتێبـەدا ئامارێکی وردو تـەواومان لـەژمارەی نەخۆشـخانەو سـەنتەرەکانی چارەسەرکردنو ژمارەی قەرەوێڵەو شوێنی خزمـەتگوزارییو دابەشـکردنی جوگرافیایی ئـەم سـەنتەرانە لەبـەر دەسـتدانەبوو، بـەڵام ئەگـەر مەسـەلەی تەندروسـتی کۆمەڵگەیـەك بەتایبـەت مەسـەلەی تەندروسـتی ژنـان ڕەچـاوبکرێت، پێویسـتە لەسـەرەتاوە بایـەخێکی زۆر بـۆ بـارودۆخی منداڵبوونو مەسەلەی تەندروستی پەیوەست دابنرێت.

سکپڕبوون و منداڵبوون، ئەگەری نەخۆشی و ڕێژەی مردنی ژنان زیاد دەکاتەوە، ئەو ژنانەی لەبارودۆخێکی تەندروستی گونجاودان تاڕادەیەکی زۆر زیاتر لەژنانی دی بەرگەی زیان و گرفتەکانی دەگرن، لەساڵێکدا زیاتر لە ١٥٠ملیۆن ژن سکیان پڕ دەبێ، ئەویش بەپێی هەواڵی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی (WHO) (٢٣) ملیۆن لەم ژنانە واتە زیاتر لە(١٥٪)یان ڕووبەڕووی گرفتی تەندروستی دەبنەوەو پێویستیان بەچارەسەرکردنە کە ئەم چارەسەرکردنەش پێویستە بەدەستی پسپۆڕان ئەنجامبدرێت، جگە لەمەش لە (١٢,٥٪)ی ژمارەی منداڵبوونەکان گرفت و نەخۆشی لاوەکی دەخەنەوە وەك: (مەلاریا، زەردوویی، سیل و شەکرە) کە هەموو ساڵێك دەبێتەهۆی مردنی نیو ملیۆن ژن، (١٥) ملیۆن ژن لەهەر ساڵێکدا دووچاری نیشانەو بەرەنجامی درێژخایەنی پاش منداڵبوون دەبن. سەرەکیترین نیشانەکان زیان گەیشتنە بەبۆرییەکانی پەیوەند بەمنداڵبوون و کێشەی تره.

تەندروستی دایك و کۆرپەلە لەو مەسەلە گرنگانەیە کە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بایەخێکی زۆری بۆ دادەنێت و ئەم ڕێکخراوە هۆکارو چارەسەرکردنە سەرەکییەکانی دەستنیشاندەکات و لایەنی بەرگرتنی بیری دەوڵەتەکان دەخاتەوە

بەرگرتنی سەرەتایی لەبۆنکردن و دەستنیشانکردنی لەکاتی خۆیداو چارەسەرکردنی کەمبوونی ئاسن ئەو ئەو هۆکارانەیە کە پاش منداڵبوون دووچاری نەخۆش دێن لەڕیزی یەکەمی ئەم نیشانانەو نەخۆشییانەدان. لەبیست ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی بەرەوپێشچوونی چاودێریکردنی ژنانی سکپڕ زۆر لەبەرچاوبووە، بەڵام فراوانبوونی ئەم چاودێریکردنانە لەئاسیای باشووردا زۆر کەمە.

ژمارەی ئەم چاودێریکردنانە لەئاسیای باشووردا (٣٥٪)ە، لەحاڵێکدا کە ئەم ژمارەیە لەناوچەی (کاراییب) (٩٠٪)و لەئەمریکای لاتیندا (٧٠٪)یە.

کوتان بۆ بەرگرتن لەنەخۆشییە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت (دەردەکۆپان) لەمەسەلە زۆر گرنگو سەرەکییەکانە. لەساڵی ١٩٩٠دا ئەم بەرنامەیە بە(٤٥٪) گەیشتووە، بەڵام لەوەدەچێت لەساڵەکانی پاش ١٩٩٠دا بەردەوام نەبووبێتو بۆ(٤٠٪)کەمبۆتەوە.

بەپێی راگەیاندنی رێکخراوی تەندروستی جیهانییو یونسێف، ساڵی (٦٠٠) هەزار کۆرپەلەو (٥٠) هەزار دایك بەم نەخۆشیی دەردەکۆپان گیانیان لەدەستدەدەن.

ژمارەی مردنی ئەو دایکانە زۆرزۆرە کە لەو ناوچانەدا دەژین کە کەسانی شارەزای وەکو پزیشكو مامانیان لەبەردەستدا نییە. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی دایكوکۆرپەلە لەوڵاتانی پەرەستێندا بیروباوەرە نەریتییەکانە، کەوا دەزانرێت مەسەلەی منداڵبوون تەنها تایبەتە بەژنو پەیوەندیی لەگەڵ ئەودا هەیەو پێویستی بەخەرجیی پزیشكو دەرمانو نەخۆشخانە نییە، لەکاتێکدا کە لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا (٥٥٪)ی منداڵبوونەکان لەژێر دەستی کەسانی پسپۆڕو (٣٧٪)ی لەنەخۆشخانەو کلینیکەکاندا ئەنجامدەدرێت، لەئاسیای باشووردا (١٣٪)ی منداڵبوونەکان لەژێر دەستی کەسانی پسپۆڕدا ئەنجامدەدرێتو (٣/٢)ی منداڵبوونەکان بێ ئەو کەسانە ئەنجامدەدرێت.

بەم بۆنەیەوە لەساڵی ١٩٨٨دا رێژەی مردنی دایکان لەبەرامبەر هەر (١٠٠)هەزار کۆرپەلەی زیندوو (١٢٠) کەس بووە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانداو (٥٧٠)کەس لەوڵاتانی ئاسیای باشووردا.

خشتەی چاودێریکردنی دایكوکۆرپەلە لەوڵاتانی ئاسایی‌دا لە ساڵی (١٩٨٥ ١٩٩٣)

| ناوچە | چاودێریکردن | ڕێژەی ئەو منداڵبوونانە لە نەخۆشخانەکاندا ئەنجامدەدرێت | منداڵبوون لەژێر دەستی پسپۆڕاندا |
|---|---|---|---|
| ئاسیای خۆرهەڵات | %٨٧ | %٤٨ | %٩٥ |
| ئاسیای باشووری خۆرهەڵات | %٧٠ | %٣٩ | %٥٨ |
| ئاسیای باشوور | %٣٥ | %٢١ | %٣١ |
| ئاسیای خۆرئاوا | %٥٤ | %٥٢ | %٦٧ |
| ئۆقیانووسییەکان | %٧٠ | %٤٩ | %٥٠ |
| وڵاتە پێشکەوتووەکان | %٩٨ | %٩٥ | %٩٩ |

**خشتەی خەملاندنی ڕێژەی مەرگی دایکان لە ساڵەکانی ١٩٨٩-١٩٩٣**

| ناوچە | ڕێژەی مردنی دایکان بەنیسبەت (هەزار) منداڵبوون | | ڕێژەی مردنی دایکان بەنیسبەت سەد هەزار کۆرپەلەی زیندوو | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٨٣ | ١٩٨٨ | ١٩٨٣ | ١٩٨٨ |
| ئاسیای خۆر هەڵات | ١٢ | ٣٠ | ٥٥ | ١٢٠ |
| ئاسیای باشووری خۆرهەڵات | ٥٢ | ٤٢ | ٤٢٠ | ٣٤٠ |
| ئاسیای باشوور | ٢٣٠ | ٢٢٤ | ٦٥٠ | ٥٧٠ |
| ئاسیای خۆرئاوا | ١٤ | ١٢ | ٣٤٠ | ٢٨٠ |
| وڵاتە ئۆقیانووسییەکان | ٢ | ١ | ٣٠٠ | ٦٠٠ |
| وڵاتە پێشکەوتووەکان | ٦ | ٤ | ٣٠ | ٢٦ |

پێویسته ئەوه لەبەرچاوبگرین که وڵاتی تایلەند یەکێکه لەوڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیاو ئەو ئامارانەی لەخشتەکانی پەیوەست بەوڵاتانی ئاسیای خۆرهەڵاتدا هاتووه سەبارەت بەوڵاتی تایلەند راسته.

خشتەی لای خوارەوه بەپێی لێکۆڵینـەوەکانی سـاڵەکانی ١٩٨٠-١٩٩٢ ئامادە کـراون‌و بەشێکی مەسـەلەی مـەرگی کۆرپـەکان لـەم وڵاتـەدا نیشاندەدات.

خشتەی ئاسایشی تەندروستی ژنانی تایلەند لەساڵەکانی ١٩٨٠ ١٩٩٢

| | |
|---|---|
| A-ئەگەری ژیان لەژناندا<br>لەساڵی ١٩٩٢<br>تایبەتمەندیی ساڵی ١٩٩٢ (ساڵی١٩٧٠=١٠٠) | ٧١,٨ ساڵ<br>١١٩ساڵ |
| B-رێژەی مردنی دایکان<br>لەهەر١٠٠ هەزار لەدایکبوونی ١٩٨٠-١٩٩٢<br>تایبەتمەندیی ١٩٨٠-١٩٩٢<br>١٠٠= ساڵی ١٩٧٠ | ٥٠ کەس<br>ەس |
| C- رێژەی لەسەدای ئەو ژنانەی ناهێڵن مناڵیان ببێت.<br>١٩٩٣ ١٩٨٦ | ٪٦٦ |
| D- رێژەی تەواوی مناڵبوون<br>ژمارە ١٩٩٢<br>تایەتمەندیی ١٩٩٢<br>(١٠٠=ساڵی ١٩٧٠) | ٪٢,١<br>٪٧١ |

یەکێك له گرفته سەرەکییەکانی وڵاته پەرەسێنەکان گەشەسەندنی خێرای ژمارەی دانیشتوانه کـه ئەمـه دەبێتـه هـۆی ئـەوەی بەرنامەڕێژییـه ئابوورییەکانی وڵات تێکبچێت‌و رووبەڕووی شکست ببێتەوه.

دەوڵەتەکان بۆ ململانێکردن لەگەڵ ئەم گرفتەدا سێ ڕێگەچارەیان لەبەردەستدایە:

١-هەنگاوی دەوڵەت لەپێناو ڕێنماییکردنی ژنان و پیاوان بۆ سوودوەرگرتن لەشێوازە جۆراوجۆرەکانی (مەنعکردن)و پێکهێنانی هەندێ سنوور بۆ ژمارەی منالان.

٢- گەشەپێدانی ئاستی زانستی و خوێندنی ژنان وپیاوان دووەمین هۆکارە کە تاڕادەیەکی زۆر ژمارەی منالبوونەکان کەمدەکاتەوەو پەرە بەسوودوەرگرتنی ژنان لەئامرازەکانی بەرگرتن لەمنالبوون دەدات.

٣- ڕەوتی گەشەسەندنی ئابووریی و پیشەسازی و دەستبەکاربوونی ژنان یارمەتی کەمکردنەوەی ژمارەی منالبوونەکان دەدات، لەبەرئەوەی ژنە کارمەندەکان بەهۆی گرفتی ئیداری و کاروبارییانەوە هەوڵدەدەن منالی کەمتریان ببێت.

تایلەند وڵاتێکی پەرەسێنەو ئەگەر بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی سنوور دەستەبەر نەکات لەبەرنامە ئابووریی و پیشەسازییەکانی خۆیدا بەرەوپێشەوە ناچێت.

خشتەکانی لای خوارەوە نیشاندەری بارودۆخی منالبوون و سوودوەرگرتنن لەئامرازەکانی مەنعکردن و پەیوەندیی منالبوون بەڕادەی خوێندنەوە بەگشتی.

**ڕێژەی منالبوون مەنعکردن لەتایلەند**

| | سالی | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| ڕێژەی منالبوون (٪) | ١٩٦٠ ١٩٦٥ | ٪٦,٦ |
| ڕێژەی منالبوون (٪) | ١٩٨٠ | ٪٤,٢ |
| ڕێژەی گۆڕانکاریی لەمنالبوون (٪) | ١٩٦٥ | -٣٦ |
| ڕێژەی لەسەدای (مەنعکردن) | ١٩٨٧ | ٪-٣٦ |

**ڕێژەی مناڵبوون بەگشتی لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی فێرکاریدا (دەیەی ١٩٨٠)**

| | ساڵەکانی خوێندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی مناڵبوون بەگشتی | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٪٢,٤ | ٪٣,٥ | ٪٢,٨ | ٪٢,٥ | ٪٢,١ | ٪١,٥ |

**ژمارەی مامناوەندیی ئەو مناڵانەی کە ژنانی تەمەنی ٤٠ تاکو ٤٩ ساڵ لەدایکبوون لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندن لە(دەیەی ١٩٨٠)**

| | ساڵەکانی خوێندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی مامناوەندیی | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٪٤,٧ | ٪٥,٦ | ٪٤,٧ | ٪٤,٤ | ٪٢,٨ | ٪٢,٣ |

**ڕێژەی سەدیی ئەو مناڵانەی لەژنانی تەمەنی ٤٠ تاکو ٤٩ ساڵ لەدایکبوون لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندنی ژنانی تایلەند**

| | ساڵەکانی خوێندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٪٨٨,٦ | ٪٨٤,٩ | ٪٨٩,٨ | ٪٨٩,٨ | ٪١٠٠ | ٪٩٣,٩ |


**ژمارەی ئەو مناڵانەی لەژنانی تەمەنی ٤٠ تاکو ٤٩ ساڵ لەدایکبوون و پەیوەندییان لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| | ساڵەکانی خوێندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٪٤,٩ | ٪٥,١ | ٪٤,٥ | ٪٤,٥ | ٪٣,٦ | ٪٢,٧ |

**ژمارەی زاووزێی کچانی نەوجەوان لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندن و گرووپی تەمەنی ١٥ تاکو ١٩ ساڵ بەنیسبەت هەزار ژن**

| | ساڵەکانی خوێندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٢٦ | ٥٠ | ٣٣ | ٢٧ | ٦ | ٦ |

**خشتەی زاووزێی کچانی نەوجەوان بەڕێژەی مامناوەندیی ساڵەکانی خوێندن- گروپی تەمەنی ١٥ تاکو ١٩ ساڵ بەنیسبەت هەزار ژن**




**ساڵەکانی خوێندن**

**ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی یەکەم منداڵبوون لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٢٦ | ٥٠ کەس | ٣٣ کەس | ٢٧ | ٦ | ٦ |

**ڕێژەی مامناوەندیی مانگەکانی مەنع کردن لە پەیوەندی سێکسی لە پەیوەندی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندن**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ١,٨ ، ٥ | ١,٧ | ١,٦ | ١,٨ | ٢,٨ | ٣,٦ |

**ڕێژەی سەدیی ئەو ژنانەی کە زانیارییان سەبارەت بەشێوازی مەنعکردن هەیە لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٠ | ٪٠,٢ | ٪٠,٦ | ٪٠,٢ | ٠ | ٪٠,١ |

**ڕێژەی سەدیی ئەو ژنانی مێردارانەی کە زانیارییان دەربارەی خولی جووتبوون و ماوەی خولی هێلکە هەیە لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٪١٢,٨ | ٪٢,٨ | ٪٦ | ٪١,٢ | ٪١٨,٤ | ٪٣٨,٧ |

**ڕێژەی سەدیی ئەو ژنە مێرددارانەی کە هەمیشتە سوود لەئامرازەکانی مەنعکردن بەشێوەی سوونەتی وەردەگرن لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٪١,٢ | ٪٥ | ٪١٦ | ٪١ | ٪١,٩ | ٪٢,٧ |

**ڕێژەی سەدیی ئەو ژنە مێردداراانەی کە هەمیشتە سوود لەئامرازەکانی مەنعکردن بەشێوەی مۆدێرن وەردەگرن لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ |
| ٪٨٠ | ٪٦٨,٧ | ٪٧٣,٥ | ٪٨١,٩ | ٪٨٥,٢ | ٪١٢,٢ |

**ڕێژەی سەدیی ئەو ژنە مێرددرارانەی کە هەمیشە سوود لەئامرازەکانی مەنعکردن وەردەگرن لەپەیوەندیی لەگەڵ ساڵەکانی خوێندندا، پێوانەی منداڵبوون لەجیهاندا**

| ساڵەکانی خوێندن | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٠ | ١ تا ٣ | ٤ تا ٦ | ٧ تا ٩ | +١٠ | جیاوازی نێوان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ٠ تا ٧ |
| ١٩٧٥ | ٣٣ | ٢٨ | ٣٢ | ٤٢ | ١٤ | ١٤ |
| ١٩٨٧ | ٦٥ | ٥٦ | ٥٩ | ٦٦ | ١٠ | ١٠ |

نرخی پەیوەندیی نێوان خوێندنی ژن ومێرد و لەدایکبوونی منالان

| | ساڵەکانی خوێندنی ژن | | | | ساڵەکانی خوێندنی پیاو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٣-١ | ٦-٤ | ٩-٧ | +١٠ | ٣-١ | ٦-٤ | ٩-٧ | +١٠ |
| نموونەی(١) | ٠٫١٥٠ | ٠٫٣٦٠ | ١٫٢٥٠ | ٠٫٢٦ | ٠٫١٣٣ | ٠٫٣٠٣ | ٠٫٣٠٩ | ٠٫٥٣٣ |
| نموونەی(٢) | ٠٫١٢٥ | ٠٫٢٤٤ | ٠٫٠٧٩ | ٠٫٣٢٥ | | | | |

## توندوتیژی

توندوتیژی بەرامبەر بەژن لەهەر چوار گۆشەی دنیادا کارێکی بەڵگە نەویست و ئاساییە، بەڵام ڕێژەی توندیی جیاوازە، لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بەتووندوتیژیی پیاوان لەگەڵ ژناندا یاسای پشتگیر هەیەو ئەو ژنانەی تەحەمولی تووندوتیژیی پیاوان ناکەن خۆیان دەخەنە ژێر سێبەری پشتگیریی یاساوەو لەگرفت و کێشەکانیان ڕزگاردەبن، بەڵام لەوڵاتە پەرەسێنە ئاساییەکاندا ئەم یاسایانە نین یان ئەگەریش هەبێت ژن ناتوانێ خۆی لەو توندوتیژییانە ڕزگار بکات، لەبەرئەوەی لەو وڵاتانەدا ئەو یاسایانە بەدەستی پیاوان ئەنجامدەدرێت و زۆرینەیان تووندوتیژیی دژ بەژنان بەکارێکی ئاسایی دەزانن، کچان لەلایەنی باوك‌وبرایانەوە سزا دەدرێن و ئەم سزادانە بەهۆی ئەوەوەیە کە کچەکەیان حەزی لەکوڕێکە کە باوك‌وبرا قایل نین ناکەنەوە یان کچەکە جل‌وبەرگێك دەپۆشێت کە بەئارەزووی براو باوکی نییەو هەزاران شتی دی کە دەبێتەهۆی ئەوەی کچان لەناو خێزاندا ڕووبەڕووی تووندوتیژیی باوك یان برا ببنەوە.

ژنیش پێویستە توندوتیژیی هاوسەرەکەی قبوڵبکات و تەنانەت لەکۆمەڵگە سوونەتییەکاندا براکانی مێردو باوکی مێردو مام و خاڵەکانیشی خۆیان بەبەرپرس دەزانن و بۆیان هەیە لەسەر جل لەبەرکردن و ڕەفتارو ئاکارو جۆری پۆشاك سزای بووکەکە بدەن، سزای جەستەیی ژن و کچ لەکۆمەڵە خۆرئاوایی و سونەتییەکاندا بەکارێکی باوو ئاسایی دەژمێردرێت و تەنانەت بۆ زۆربەی ژنانیش ئەو سزا جەستەییانەی کە لەلایەن مێردو کەسانی ترەوە ئاراستەیان دەکرێت کارێکی بەڵگە نەویستە.

دەستدرێژیی سێکسی بەتایبەت بۆ کچان لەیاساکانی زۆربەی وڵاتە پەرەسێنەکاندا ڕووبەڕووی جۆرێك پشتگوێخستنی یاسایی دەبێتەوە. بەپێی ئامارە

ڕەسمییەکان نزیکەی ٦٠٪ی ئەو ژن وکچانەی دووچاری ئازاری سێکسی هاتوون پیاوە دەستدرێژیکەرەکەیان ناسیووە یان ئاشناییان لەگەڵدا هەبووە.

گرنگترین مەسەلە ئەوەیە کە لەوڵاتە پێشکەوتووە خۆرئاواییەکاندا دەستدرێژی و ئازاری سێکسی بەرامبەر بەژن هەرچەند خۆی لەخۆیدا بەتاوان دەژمێردرێت، بەڵام ئایندەو ژیانی ژن وکچەکە وێران ناکات، بەڵام لەوڵاتە ئاسیاییەکاندا بە پێچەوانەیە، لەبەرئەوەی لەوڵاتە خۆرئاواییەکاندا وەکو وڵاتە سوونەتییەکان بایەخێك بۆ مەسەلەی کچێنی دانانێن، لەخۆرئاوادا ئەگەر کچێك دەستدرێژیی بکرێتەسەر پاش تێپەڕاندنی قۆناغی قەیرانیی و ئەو حاڵەتە دەتوانێ بۆ ژیانی ئاسایی خۆی بگەڕێتەوەو شوو بەو پیاوە بکات کە ئارەزووی لێیەتی. بەڵام لە ئاسیادا ئەگەر کچێك دووچاری ئازاری سێکسی و دەستدرێژیی سێکسی بێت ئایندەیەك بۆ خۆی نابینێ و مەسەلەی شووکردنی ئەو کچە لەگەڵ ئەو پیاوەی ئارەزووی لێیەتی گران و دژواردەبێ یان پێویستە خۆی بکوژێت یان واز لەماڵ و وڵاتی خۆی بهێنێت و بچێتە ناوجەرگەی سوزانییەکان، ژمارەیەکی زۆر کەم لەو کچانە دەتوانن درێژە بەژیانی ئاسایی بدەن و لەگەڵ پیاوی دڵخوازی خۆیاندا ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن.

ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە ژنە مێرددارەکانیش راستە.

هەڵبەتە یاسا سەبارەت بەژنان و مەسەلەی دەستدرێژیی سێکسی بەشێوەیەکی توندتر ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لەوڵاتانی ئاسایی و سوونەتیدا ئەگەر کچێك دووچاری ئەو حاڵەتە ببێ پێویستە مارەیی بۆ ئەو پیاوە ببڕدرێتەوە کە دەستدرێژیی لێکردووەو مەسەلەکە لەلایەنی یاساوە کۆتایی پێدێت، بەڵام کچێکی وا لەگەڵ پیاوێکدا چۆن دەتوانێ ژیانێکی هاوبەش و پڕ ئاسوودەیی هەبێت، ئەمە خۆی مەسەلەیەکی ترە کە لەم بابەتەدا دەرفەتی شیکردنەوەی نییە، بەڵام سەبارەت بەو ژنە مێرددارانەی لەکۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا دەستدرێژییان دەکرێتەسەر، مێردەکانیان تەحەمولی ئەو بارودۆخە دەکەن، بەڵام لەکۆمەڵگە ئاسایی و سوونەتییەکاندا، پێویستە ئەو مەسەلەیە

هەر شاراوە بمێنێتەوەو پێویستە ئەو ژنە خۆی گیروگرفتە دەروونییەکان بەتەنها تەحەموول بکاتو هیچ نەڵێت یان ئەوەی کە لەنێوان ژن ومێرددا گرفت دروستدەبێتو دەبێتەهۆی جیابوونەوەیان یان ئەو ژنە هەتاهەتایە زەلیلو سووكو بچووکـە، ئامارێکی تـەواو ورد سـەبارەت بەدەسـتدرێژیکردنی سێکسـی لەتایلـەندا لەبەردەستدا نییـە، بـەڵام ئـەو توێژینەوانەی سەبارەت بەئاسیا ئەنجامدراون بریتین لە:

١-لەهندستان لەناوچەی کارناتاکای باشووری لەسەر سێ گونـد لێکۆڵینـەوە ئەنجامدراوەو ئەوە ئاشکرابووە کە لەم سێ گونـدەدا ٢٢٪ی کچان وژنـان دووچـاری ئـازاری سێکسـی هـاتوون، هـەروەها لەناوچـەی جولونـدوری پـەنجاب، گوندێـك لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراو ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیـە نیشـانیدا کـە ٧٥٪ی ئـەو ژنانەی دەسـتدرێژییان کراوەتەسـەر لەچینـە نزمـەکانی کۆمەڵگـەبوونو (٢٢٪)یـان لەچینی سەرەوەی کۆمەڵگەبوون.

٢- لە کۆریای باشوور (٠٣٨٪)ی کچان وژنان دەستدرێژییان کراوەتەسەر.

٣-لەمالیزیا (٣٩٪)ی کچان دەستدرێژییان کراوەتەسەر.

٤-لەناوچەی پاپوای گینیای نوێ، لەناوچە شارنشینەکاندا (٥٨٪)و لەناوچـە گوندنشینەکاندا (٦٧٪)ی کچان وژنان دەستدرێژییان کراوەتەسەر.

هەڵبەتـە لەوڵاتـە پێشـکەوتووە ئەورووپییەکانیشـدا دەسـتدرێژی سێکسـی بەرێژەیـەکی کـەمتر لـەم رادەیـە بوونـی هەیـە، بـەڵام هـەروەکو پێشـتر باسـمانکرد بەرئەنجامی ئەم کارە بۆ ژنان وکچان لەوڵاتە ئاسیاییەکاندا مایەی بەڵاو بەدبەختییە.

ژمارەیەکی زۆر لەو کچ وژنانە کە دەستدرێژییان دەکرێتەسەر لەقۆناغـەکانی دواییـدا دەکەونـە داوی سـۆزانێتییەوە. ئـەم شـێوازە پڕ لەتاوانـە پەڵەیـەکی نەنگـە بەناوچـەوانی مرۆڤایەتییـەوە کۆمەڵگـەکان تـاکو ئێسـتا نـەیانتوانیوە خۆیـان لێ پاکبکەنەوەو داوێنی پیرۆزو پاکی ژن لەم تاوانە بەزۆر پێکراوە بپارێزن.

لوتکـەی دەرکـەوتنی ئـەم تاوانـە لەوەدایـە کـە کـاری سـۆزانێتی تەنانـەت بەکارێکی خزمەتگوزاریی دەژمێردرێتو یاساکانیش بەشێچوەیەکی کردەیـی نـاتوانن

رووبەڕووی ئەو پیاوانە بنەوە بەسوودوەرگرتن لەتووندوتیژیی و گیروگرفتی کۆمەلآیەتی و ئابووریی ژن، ژن دەکەنە ئامرازێك بۆ بازرگانیپێکردنی و سوودوەرگرتن لێی.

لەولآتی تایلەندیشدا سەنتەرو ڕێکخراوو هەندێ یاسا و دەستوور سەبارەت بەو ژنانە هەیە کە دەستدرێژییان کراوەتەسەر کە هەڵبەت نرخی بوونی ئەم ڕێکخراوو یاسایانە تەنها بۆ نمایشکردنی لەسەرچاوە جیهانییەکاندایەو ئەگەر نا سوودێکی وایان نییە.

خشتەی ئەو هەنگاوانەی بۆ ململانێکردن لەگەڵ توندوتیژیی دژ بەژنان لەلایەنی دەوڵەتەوە نراون

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو ڕێکخراوە ئەهلییانەی رووبەڕووی مەسەلەی دەستدرێژیکردنە سەر ژن وکچان دامەزراون | ١١ تا ٢٠ ڕێکخراو |
| یاسای دژ بەدەستدرێژیی سێکسی هەیە؟ | بەڵێ |
| هەندێ ریفۆرمی ناوخۆیی بۆ ڕێنماییکردنی خەڵك بۆ دوورکەوتنەوە لەتوندوتیژی و دەستدرێژیکردن | نەخێر |
| ژمارەی ئەو سەنتەرانەی تایبەتن بەخزمەتکردنی قوربانییەکانی توندوتیژی و دەستدرێژیکردن | بەڵێ، ژمارەیان نادیارە |
| ژمارەی ئەو پەناگە تایبەتیانەی کە بۆ کەسە قوربانییانە دامەزراون | بەڵێ، ژمارەیان نادیارە |
| ڕێکخراوی دەوڵەتی و یاساکانی دژ بەتوندوتیژیی | نەخێر |

دابینکردنی باری کۆمەلآیەتی

بەشێوەیەکی گشتی جۆری پشتگیریکردنی کۆمەلآیەتی لەئاسیادا زۆرە کە بەرئەنجامی بۆماوەو کلتوری رۆشنبیریی و مێژوویی و سیاسییە لەم بەشەی جیهاندا،

دەوڵەتەکان خۆیان بە بەرپرس دەزانن کە بەتەواوی پشتگیریی لەگشت کەس بکەن، بەڵام هێشتا لەزۆربەی ناوچەکاندا لەبەر گەلێ هۆی جوراوجۆری وەك: گیروگرفتی ئابووری و ئیداری و نەبوونی بەڕێوەبەرێتیی تەواو دروست و نەبوونی ئامرازە پێویستەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی پشتگیریکردن ڕێگایەکی دوورودرێژیان لەبەردەمدایە.

لەوڵاتە پەرەسێنەکانی ئەم بەشەی جیهاندا کە خاوەنی سیستەمێکی ئابوورین کە بەپێی بازاڕی ئازاد داڕێژراوە، بەرنامەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەسەردەمی ئیمپریالیزم یان یەکسەر پاش کۆتایی ئیمپریالیزم پەیڕەو کراوە، بەڵام گشت ئەم بەرنامانە تایبەتن بەکارمەندەکانی بەشی دەوڵەتی و ژمارەی ئەم کارمەندانەش بە بەراورد لەگەڵ گشت کارمەندەکانی بەشە جۆراوجۆرەکاندا زۆر کەمە، ئیدی بەناچاری زۆربەی کەسانی چالاکی ئەو وڵاتانە جگە لەپشتبەستن بەشێوازە سوننەتی و یارمەتییە بەرامبەرەکان، ڕێگەچارەیەکی تریان نییە. لەبنەڕەتدا دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەوڵاتە ئاسیاییەکاندا بەپێی ئابووریی بازاڕی ئازاد هەندێ لایەنی جۆراوجۆر لەپشتگیریکردن دەستەبەر دەکات، زۆربەی کات پشتگیریکردن سەبارەت بەنەخۆشی و منداڵبوون بەشێکە لەبەڵێن و پەیمانی خاوەن کار، لەزۆربەی تری ئەم وڵاتانەشدا سیستەمێکی بەرفراوان لەدابینکردنی کۆمەڵایەتی دەبێتە بیمەی کۆمەڵایەتی و یارمەتی سەبارەت بەپیری و کارکەوتوویی و مەرگ دراوە بەسندوقە نەتەوەییەکانی دابینکردنی ئایندە و هەندێ لایەنی پاراستنی تەندروستی بەبەشێك لەخزمەتگوزارە تەندروستییە گشتییەکان دەژمێردرێت، ئەگەرچی بەرواڵەت لەبەردەستی هەمووانداپە، بەڵام هەندێ کەموکورتی لەسەرچاوە پیشەیی-ماڵیی و هێزی پسپۆڕیی ئەم چالاکییانەدا لەڕادەیەکی گونجاودا ناخاتە بەردەستی خەڵك بەگشتی.

هەندێ خزمەتگوزاریی (بیمەیی) بێئەوەی لەلایەنی نەخۆشەوە پارەیەك پیشکەشبکرێت، ئەنجامدراون، بەڵام ئەمە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە زۆر بێبەشن و نەخۆشن و لەکارکەوتوون و بەشێکی بچووکن لەکۆمەڵگەو خزمەتگوزارییان لەڕادەیەکی زۆر کەم و سنووردارردا پێشکەشکراوە، زۆربەی لەکارکەوتوو پیران لەناو خێزاندا لەلایەن کچ یان کوڕ یان ئەندامانی تری خێزانەوە بەخێودەکرێن، بەڵام ئێستا درێژەپێدان بەم شێوازە خۆی دەبێتەهۆی هەندێك گرفت، لەبەرئەوەی گۆڕانکارییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیو ئابووریی وڵاتە ئاسیاییەکانو کارکردنی ئەندامانی خێزان بۆ دابینکردنی باری خەرجیی خێزانو بەڕێوەبردنی ژیان ئەگەرێکی زۆر کەم دەهێڵێتەوە بۆ بەخێوکردنو پاراستنی پیران لەناو خێزاندا.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی مامناوەندیی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی (سەدیی) ژنانوپیاوانی پیر لەکۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، هەم دەوڵەتەکانی دووچاری گرفت کردووەو هەم خێزانەکانیشی دووچاری گرفت کردووە کە سەنتەرە سەرەکییەکانی پاراستنی پیران بووە.

بۆ دابینکردنی باری خەرجیی دەرمانو پاراستنی پیران بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی کەسانی ئەم گروپەوە پێویستە دەوڵەتەکان ڕێژەیەکی زۆر پارە خەرج بکەنو لەئایندەیەکی نزیکدا ئەم جۆرە خەرجکردنانە توانای دارایی وڵاتانی پەرەسێن ڕووبەڕووی مەترسی جیددیی دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە هاتنەناوەوەی خێرای ژنان بۆ بازاڕی کارو گەیشتنیان بەتەمەنی پیریو خانەنشینی گرفتی دەوڵەتەکان دوو ئەوەندە دەکاتەوەو لەئەنجامدا دەبێتەهۆی دروستبوونی گەورەترین کارەساتی ئابووریی سەدە.

مەسەلەی جێبەجێکردنی یاساکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەکارمەندە ڕەسمییەکانی دەوڵەتو ئەنجامدانی کاری

خزمـــەتگوزاریی تەندروســـتی لـــەرێی دەوڵەتـــەوەو گواســـتنەوەی خزمەتگوزارییـەکان بـۆ بەشـە جۆراوجۆرەکـانی چالاکییـە تایبەتیـەکان‌و خـاوەن کـارو بیمـەی کۆمەڵایـەتی‌و سـندوقەکان هـەروەك ئـەو نموونەیـە کـە ئێستا لەوڵاتی تایلەنددا سوودی لێوەردەگیردرێت.

بـۆ نموونـــە ســـەبارەت بەپشـــتگیریکردنی ژنـــە ســـکپڕەکان‌و چاودێریکردنی تەندروستییان هـەندێ یاسـا دەسـتەبەرکراون، هـەر ژنێـك بەبۆنـــەی ســـکپڕبوونی‌و منداڵبوونییـــەوە (٩٠) ڕۆژ مۆڵـــەتی ڕەسمیـــی پێدەدرێت، کـە مووچـەی (٤٠) ڕۆژی ئـەو ماوەیـە (١٠٠٪)و پاشماوەکـەی بەڕێژەی (٢/٣) پێشکەشدەکرێت، بەڵام دانی ئەم مووچەو مافە سەبارەت بەکارمـــەندە ڕەسمییـــەکانی دەوڵـــەت لەئەســـتۆی حکومەتدایـــەو هـــی کارمەندەکانی بەشی ئەهلیش لەئەستۆی خاوەن کارەکاندایە.

سەرچاوەکان:

سەرچاوە فارسییەکان:

-وزارت امور خارجە. کشور تایلند- کتاب سبز

-دایرە المعارف فارسی زید نظر دکتر غلامحسین مصاحب

-گزارش رایزنی ایران در تایلند از مراسم سنتی از دواج در این کشور (تهیەکنندە: برخورداری).

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

English references:

-Case studies in Population policy, united nation

-Country human development indicators, UNDP, 1994.

-Changing life in Asia, UNESCO. No. 35

-Economic and social implications of population Ageing, ESA, United nation.

-Encgelo paedia Britannia
-first marriage, ESA, United nation
-Living Arrangement of women and children in developing countries, united nation, 1995.
-Sacial insurance and social protection, 1993.
Social security protection in old age.

تێبینی:

(دەقە ئینگلیزییەکە لەلاپەڕەی ١٢٣و ١٢٤دا هاتووە)

ل١٢٥

خوێنەری هەڵبژاردەی قورئان، خەڵکی تایلەند لەپێشبڕکێکانی لەبەرکردنو خوێندنی قورئان لەوڵاتی مالیزیادا.

(ساڵی ١٤١٤م = ١٩٩٤ن)

ل١٢٦

ژنی تایلەندی لەمەیدانی کارە قورسو گرانەکانی بیناسازیشدا ئامادەگیی هەیە

ل١٢٧

گۆزە دروستکردن یەکێکە لەکارە هونەرییەکانی ژنانی تایلەند

ژنانی زەحمەتکێشی تایلەندی لەکارە سەختەکانیشدا دەبینرێن

# Women's Status in the World

# Thailand

ZHNAN-WOMEN'S UNION OF KURDISTAN
یەکێتی ژنانی کوردستان

Tawar Printing Press
چاپخانەی تەوار

لەبڵاوکراوەکا
یەکێتی ژنانی کور